

# ئەوەی ڕێز لەمێژووی خۆی نەگرێت پاشەڕۆژی نابێت

# دەبێت بەها و ڕۆحی شۆڕشی ئەیلول بەزیندوویی بمێنێتەوە

**((شۆڕشـــی ئەیلول بەتەنیا شۆڕشێک نەبوو دژی دیکتاتۆرییەت، بەڵکو شۆڕشی ئەیلول مێژووییەکی نوێی دروستکرد، ڕاســـتە شۆڕشـــی ئەیلول دژی دیکتاتۆریەت بوو، بەڵام شۆڕشـــێکی کۆمەڵایەتی و کەلتووری و سیاسی بوو، شۆڕشێکی نەتەوەیی بوو هەر لەخانەقینەوە تا زاخۆ میللەتی کورد بەیەک دەست و یەک پارچە لە ژێر ڕێبەرایەتی یەک سەرکردەدا، چەندین جار چۆکی بەرژێمی بەغدا دادا، هەتا دان بە مافی میللەتی کوردا بنێن ))**

**سەرۆکی کوردستان لە یۆبیلی زێڕینی شۆڕشی ئەیلولدا**

ڕێزگرتن لەمێژووی خەبات و قوربانیدانی نەتەوە، ڕێزگرتنە لە ئێســـتاو لە داهاتوو، لەبەرئەوەی ئێســـتا بەدەستهاتوون و ئەوەشی لە ئاییندە بەدەست دێت، هەر لە ئاکامی ئەو مێژووەیە کە بناخەی بۆ دارِشـــتووەو لەسەر ئەو بناخەیەوە هەنگاو بۆ ئاییندەو تەواوکردنی ئەو ئامانجە نەتەوەیی و نیشـــتمانیانە دەنرێت کە مێژووی خەباتی قوربانیدانی نەتەوەیەك بۆی وێنا کردوین.

شۆڕشـــی ئەیلولی مەزن یەکێکە لەو شۆڕشـــە مەزنانەی نەتەوەی کوردو ناوچەکـــەو جیهـــان، کە نەك هەر بـــۆ ئێمە وەك کورد ســـوودی هەیە بەڵکو بۆ گەلان و نەتەوەکانی جیهانیش ســـوودی هەیە، ئەگەر بیانەوێت ســـوودی لێوەربگرن، هەروەك چۆن هەموو سەردەمێك گەلانی جیهان سوود لە ئەزموونی شۆڕشەکانی فەرەنسا و ئەمریکاو هیندستان وەردەگرن.

ڕۆژی ١١ی ئەیلولی ســـاڵی ١٩٦١ کە لەژێر ڕابەرایەتی بارزانی نەمردا شۆڕش دەستی پێکرد، گەلێکی کۆیلە ژێردەستە وەلانراو لەجێی ئەو گەلێکی ئازادیخـــوازو ئامادەباش بۆ ئەوەی لەپێناوی ئازادی خاك و نەتەوەدا شـــەهید بێت لەدایك بوو، کەواتە کاتێك ســـەرۆکی کوردستان لە پەیامەکەی بەبۆنەی یۆبیلی زێڕینی ئەم شۆڕشـــە مەزنەوە لە زاخۆ ئاڕاستەی گەلی کوردستانی کرد، ئاماژەی بەوەکرد شۆڕشی ئەیلول مێژوویەکی نوێی دروستکرد، مانای ئەوەیـــە لەبزاڤی رزگاریخوازی کوردســـتاندا تا ڕۆژی ١١ی ئەیلولی ١٩٦١ مێژوویەکەو لەو ڕۆژە بەدواوە مێژوویەکی دیکەیە، مێژوویەك وەك ئیسماعیل بێشـــکچی ئاماژەی پێکردووە، یەکەمین فیشەکی شۆڕش مرۆڤێکی کۆیلەی کوشـــت و مرۆڤێکی ئازادیخـــواز لەدایك بوو، هەروەها شۆڕشـــی ئەیلول بۆ یەکەمجار لە مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستاندا، خەباتی سەرتاسەری کوردستانیی بە جیاوازی نەتەوەو ئایین و پێکهاتە جیاوازەکانی تری کوردستانی لەناو هەناوی خۆیدا کۆکردبۆوەو لەژێر چەتری ئازادی شۆڕشدا بیروبۆچوونە سیاســـیەکانی جۆشـــدابوو بۆ ئەوەی هەمووان پێکەوە ســـیمایەکی جوانتر بە شـــۆڕش بدەن، هەموو ڕۆڵەکانی کوردســـتانی هاندا سەرتاسەری کوردستان بە نیشـــتمانی خۆیان بزانن و ئامادەبن لەو پێناوەدا گیانی خۆیان بەخت بکەن قوربانی بدەن، سەرۆکی کورستان لە پەیڤەکەیدا کە لەشاری زاخۆ هەڵوەستەی لەســـەر ئەم لایەنە درەوشاوەیەی شۆڕشی ئەیلول کردو وتی :(( چەند کوڕی قارەمانی زاخۆ و دهۆك و ئامێدی و شێخان لە هەڵەبجە و خانەقین و قەرەداغ شـــەهیدبوون و چەند کوڕی خانەقینی و هەڵەبجە و ســـلێمانی و کەرکوکیی لەم دەڤەرە شـــەهید بوون، ئەمە بۆ یەکەمجار بوو لەمێژووی میللەتی کورددا شۆڕشێکی بەوجۆرە نەتەوەیی و بەو ڕەنگە بێتە ئاراوە، پێشتر شۆڕش هەبوون، بەڵام لەسەر ئاستی مەیدانی بەوجۆرە نەبووبوونە بزاڤێکی نەتەوەیی ))

ســـەرۆکی کوردســـتان ئەم وەرچەرخانەی بەو جۆرە وەسفکرد کە شۆڕشی ئەیلول توانی باوەڕبەخۆبوون بۆ گەلی کوردســـتان و بۆ هەرتاکێکی کوردستان دروســـت کردو گەیاندیە ئەو ئاســـتەی میللەت هێندە باوەڕی بەخۆی بێت کە ئامادەبێت بمرێت لەپێناوی ئەوەی ســـەربکەوێت و مافەکانی خۆی بەدەســـت بهێنێت، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا ســـەرۆکی کوردســـتان ئاماژەی بەوەکرد کە

شۆڕشی ئەیلول دیواری بێ متمانەیی ڕووخان و وڕەیەکی پۆڵاینی بۆ گەلی کوردستان دروستکرد، بەوەی خۆی لەهیچ گەل و نەتەوەیەکی دیکە بەکەمتر نەزانێت و مافی ژیان وەك هەر نەتەوەیەکی دیکە بەمافی خۆی بزانێت.

لایەنێکی دیکەی شۆڕشی ئەیلول کە مێژوویەکی سەربڵندی بۆ هەر تاکێکی گەلی کوردستان تۆمار کردووە، ئەوەیە ئەم شۆڕشە شۆڕشێکی پاکە و بنەما ئەخلاقیەکانی کردبووە یاسای شۆڕش و پێش هەموو جیهان دژایەتی خۆی لەدژی کاری تیرۆرو خافڵگیر و ئەتواری نامەردانە ڕاگەیاند، ئەمەش سەربەرزییەکی گەورەیە بۆ گەلی کوردستان کە شۆڕشی ئەیلول بە ٤٠ساڵ پێش ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ و بە ٤٠ ساڵ پێش ئەوەی جیهان بەهاوپەیمانی جەنگی دژە تیرۆر رابگەیەنێت، بارزانی نەمر لە شۆڕشی ئەیلولدا دژایەتی تیرۆرو کاری نامەردانەو خافڵگیری کردووە، سەبارەت بەم لایەنە درەوشاوەیەی دیکەی شۆڕشی ئەیلول، سەرۆکی کوردستان لە یۆبیلی زێڕینی ئەم شۆڕشەدا وتی:(( لەهەموو شتێك گرنگتر بۆ ئێمە کە سەربەرزین بەشۆڕشی ئەیلول، ئەوەبوو ئەو شۆڕشە شۆڕشێکی پاك بوو، شۆڕشێکی ئەخلاقی بوو و بۆ یەکجاریش لەناو شۆڕشدا کاری نایاسایی و نامرۆڤانە لەگەڵ دوژمنەکانیشدا نەکراوە، ئەمە مانای ئەوەنییە ئێمە نەماندەتوانی ئەوە بکەین، ئێمە دەمانتوانی زۆر شت بکەین، بەڵام لەبەر ئەوەی شۆڕشەکە شۆڕشێکی ئەخلاقی بوو، پێشمەرگە هەبوو لەتەنیشت خۆیەوە برای شەهید بووە، بەڵام نانی دەدا بە دیلەکان و خزمەتی ئەکردن و تەنانەت یەك دیلیش نەکوژراوە، بەڕاستی ئەم ئەخلاقە بەرزەش جێگەی سەربڵندیی و سەروەرییەکی مەزنە بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی بارزانی نەمر کە ئەم مێژوویەی دروستکردو هەرشتێکیش دروست بکەین لەسەر بناخەی شۆڕشی ئەیلولەو لەسەر بناخەی ئەو شۆڕشە دروست دەکرێت))

کەواتە بۆ ئەمڕۆ و بۆ نەوەکانی داهاتووش گرنگە ئەو مێژووەی لەسەر ئەخلاقی بەرزی شۆڕشگێڕی شۆڕشی ئەیلول بونیادنراوە، بەهاو ڕۆحی ئەو شۆڕشە بەزیندوویی بهێڵرێتەوەو بکرێتە ئیلهام و ڕێپیشاندەری نەوەکانی ئێستاو داهاتوو، سەرۆکی کوردستان سەبارەت بەزیندوویێتی ڕاگرتنی ئەو بەها بەرزانەی شۆڕشی ئەیلول جەختی لەسەر ئەوەکردەوەو وتی:( پێویستە ئێمە بەردەوام بەهاو ڕۆحی شۆڕشی ئەیلول بەزیندوویی بهێڵینەوە، بۆ یادکردنەوەی ئەم شۆڕشە پێویستە زۆرجار کۆڕو سیمینار بۆ لاوانی ئێمە گرێبدرێت، بۆ ئەوەی تێبگەین کە کەس خێری پێنەکردوین، ئەو باردۆخەی ئەمڕۆ بەرهەمی خوێنی هەزارەها شەهیدە).

هەربۆ بەرز هێشتنەوەی بەهاو ڕۆحی ئەیلول و بەردەوامی ئەو بەهایانەی شۆڕشی ئەیلول لە ناوکۆمەڵگەی کوردستاندا، سەرۆکی کوردستان جەختی لەسەر پرۆسەی چاکسازی هەرێمی کوردستان کردەوەو لەم بۆنە پیرۆزەدا بەهەموو لایەکی راگەیاندو ئاماژەی بەوەکرد کاتێك من سەرۆکایەتی هەرێمم قبوڵ کرد بۆ ئەوە نەبوو بەمن بڵێن سەرۆکی هەرێم، من هەردەم وتوومە من پێشمەرگەیەکی شۆڕشی ئەیلول و گوڵانم ولای من ئەمە مەزنترین پۆست وشەرەفە، سەرۆکی کوردستان هۆکاری قبوڵکردنی ئەم پۆستەی لەم بۆنە پیرۆزەدا ڕاشکاوانە ڕوونکردەوەو تەئکیدی لەسەر ئەوەکردەوە کە ئامانجی بەڕێزیان لەم پۆستەدا بۆئەوە بووە جارێکی دیکە خوێنی کورد بەدەستی کورد نەڕژێت و وڵاتێکی دامەزراوەیی دروست بێت و پێگەیەکی ئەوتۆ لەسەر ئاستی دبلۆماتی میللەتی خۆمان دروست بکەین و خۆمان ئامادەبکەین هەنگاو بۆ پاشەڕۆژ هەڵبگرین، لە دوماهیشدا بەڕێزیان جارێکی دیکە جەختی لەسەرئەوە کردەوە ئەو بەرنامەی چاکسازییەی بەڕێزی بۆ ئەنجامدانی چاکسازی لە کوردستان دەستی پێکردووە، لای بەرێزیان زۆر گرنگەو لەمبارەوە رایگەیاندو وتی : ( من سوورم لەسەر جێبەجی کردنی ئەو بەرنامەیەو بۆ ئێوەی دووپاتدەکەمەوە کە بەردەوام دەبم لەسەری و مومکین نییە دەست لەو بەرنامەیە هەڵبگرم تا دەگەمە هەموو ڕاستییەکان و هەموو ڕێوشوێنێکی پێویست بگیرێتە بەر).

بێگومان ئەم لایەنانەی سەرۆکی کوردستان لەم بۆنە گرنگەدا ئاماژەی پێکرد هەمووی لەیەك خاڵی گرنگدا چڕدەبێتەوە، ئەویش ئەوەیە ئەگەر بمانەوێت خۆمان ئامادەبکەین تا بڕیاری چارەنووسساز بۆ ئاییندە بدەین، دەبێت بەهاو گیانی شۆڕشی ئەیلول بەزیندوویی بهێڵینەوە.

**چەند کوڕی قارەمانی زاخۆ و دهۆک و ئامێدی و شێخان لە هەڵەبجە و خانەقین و قەرەداغ شەهیدبوون و چەند کوڕی خانەقینی و هەڵەبجە و سلێمانی و کەرکوکیی لەم دەڤەرە شەهید بوون، ئەمە بۆ یەکەمجار بوو لەمێژووی میللەتی کورددا شۆڕشێکی بەوجۆرە نەتەوەیی و بەو ڕەنگە بێتە ئاراوە**

**شۆڕشی ئەیلول دیواری بێ متمانەیی ڕووخان و وڕەیەکی پۆڵایینی بۆ گەلی کوردستان دروستکرد، بەوەی خۆی لەهیچ گەل و نەتەوەیەکی دیکە بەکەمتر نەزانێت و مافی ژیان وەک هەر نەتەوەیەکی دیکە بەمافی خۆی بزانێت**

**لەهەموو شتێک گرنگتر بۆ ئێمە کە سەربەرزین بەشۆڕشی ئەیلول، ئەوەبوو ئەو شۆڕشە شۆڕشێکی پاک بوو، شۆڕشێکی ئەخلاقی بوو**



**من هەردەم وتوومە من پێشمەرگەیەکی شۆڕشی ئەیلول و گوڵانم ولای من ئەمە مەزنترین پۆست وشەرەفە**

**پێشمەرگە هەبووە لەتەنیشت خۆیەوە برای شەهید بووە، بەڵام نانی دەدا بە دیلەکان و خزمەتی ئەکردن و تەنانەت یەک دیلیش نەکوژراوە، بەڕاستی ئەم ئەخلاقە بەرزەش جێگەی سەربڵندیی و سەروەرییەکی مەزنە بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی بارزانی نەمر کە ئەم مێژوویەی دروستکردو هەرشتێکیش دروست بکەین لەسەر بناخەی شۆڕشی ئەیلولەو لەسەر بناخەی ئەو شۆڕشە دروست دەکرێت**

**پێویستە ئێمە بەردەوام بەهاو ڕۆحی شۆڕشی ئەیلول بەزیندوویی بهێڵینەوە**

**من سوورم لەسەر جێبەجی کردنی بەرنامەی چاکسازی و بۆ ئێوەی دووپاتدەکەمەوە کە بەردەوام دەبم لەسەری و مومکین نییە دەست لەو بەرنامەیە هەڵبگرم تا دەگەمە هەموو ڕاستییەکان و هەموو ڕێوشوێنێکی پێویست بگیرێتە بەر**







# یۆبیلی زێڕین ...مەدالیای بەرۆکی ئازادییە بۆ دروشمی (کوردستان یان نەمان) هێشتا شۆڕشی ئەیلول بەردەوامە

((لەو ڕووەوە کە ئامانجەکانی شۆڕشی فەرەنسا بریتی بوون لە(ئازادی، یەکسانی، برایەتی)، ئەوا هێشتا شۆڕشی فەرەنسی بەردەوامە، ئەم ئامانجانە بەرجەستەی چەندین چەمکی فەلسەفی دەکەن کە هێشتا بە تەواوەتی بەدەست نەهاتوون. هەروەها لە ساڵی ١٧٨٩ـەوە کە دەسپێکی شۆڕشی فەرەنسایە هەتا ئێستا، تەفسیری ئەو چەمکانە(ئازادی و یەکسانی و برایەتی) لە گۆڕاندان، لەگەڵ ئەوەی شۆڕشی فەرەنسا ئایدیای دادپەروەری و سەروەریی یاسای لەگەڵ خۆیدا هێنا، هەروەها لەگەڵ ئەوەی زۆرێک لە ئامانجەکانی شۆڕشی فەرەنسا بەدی هاتوون، بەڵام هێشتا ڕێگایەکی دوورودرێژ لەپێشە بۆ ئەوەی ئەو ئایدیایانە بۆ تێکڕای ئەندامانی کۆمەڵگەی فەرەنسی بەدەست بهێنرێن)).

پرۆفسیۆر هۆڵ گاردنەر – بۆ گوڵان




دروشمی هەموو شۆڕشێك ڕەنگدانەوەی ئەو فەلسەفەیەیە كە شۆڕشەكەی لەسەر دادەمەزرێت و ئەو فەلسەفەیەش دەربڕی ئیرادەو خواستی ئەو نەتەوە و گەلەیە كە لەساتەوەختێكدا ئیرادەیەكی یەكگرتوو بۆ بە پراكتیزەكردنی ئەو دروشمە بەرهەم دەهێنێت، كەواتە كاتێك شۆڕشەكان بە دروشمەكانییەوە هەڵدەسەنگێن ناوەڕۆكی گەورەیی شۆڕشەكەی لێدەخوێنرێتەوە و ئامانجەكانی لێدەخوێنینەوە، دروشمی هەموو شۆڕشەكانیش ڕەنگدانەوەی ئەو

**دروشمی كوردستان یان نەمان كۆمەڵێك مەغزای گرنگی لەناوەڕۆكی خۆیدا هەڵگرتووە و ئاماژەیە بۆ ئەوەی شۆڕشی ئەیلول، سەرەتای دەسپێكی مێژوویەكی نوێیە لە مێژووی هاوچەرخی گەلی كوردستان و نەتەوەی كورد لە هەر چوار پارچەی كوردستاندا**

لۆژیك و فەلسەفەیە بوون كە لەپشت شۆڕشەكەوە هەبووە، لەمبارەوە عەباس مەحمود عەقاد نووسەری گەورەی میسر و عەرەب لە كتێبی (فلسفة الثورة في المیزان) ئاماژە بەوە دەكات،(هەر كەسێك سەیری دروشمی شۆڕشی فەرەنسا بكات كە بریتییە لە (ئازادی و یەكسانی و برایەتی)، واهەست دەكات لەبەر ئەوەی ئەم سێ وشەیە لە زمانی فەرەنسیدا هاو ئاواز و هاو قافیەن بۆیە هەڵبژێراون لەبەر ئەوەی پێكەوە ڕێكدەكەون، بۆیە پێكەوە ریزكراون، بەڵام لەباری واقیعدا بێجگە لەم سێ وشەیە هیچ وشەیەكی دیكە نییە بتوانێت تەعبیر لە شۆڕشی فەرەنسا بكات، بەهەمان شێوە ئەگەر سەیری شۆڕشی توركیا بكەین دەبینین لەم سێ وشەیەدا، وشەی برایەتی كراوە بە دادپەروەری، لەبەر ئەوەی توركیا پێشتر بەرێگەی بڕوابوونی بەئیسلام و لەڕوانگەی ئەوەی ئیمانداران برای یەكن، وشەی برایەتی لەدروشمی شۆڕشدا بەپێویست نەزانیوەو پێی وابووە ئیسلام برایەتی نێوان ئیماندارانی زامن كردووە،

بۆیە شۆڕشەكەیان لەبری بەرزكردنەوەی دروشمی برایەتی، دادپەروەرییان بەرز كردۆتەوە، ئەگەر سەیری شۆڕشی چین بكەین دەبینین دروشمی ئەم شۆڕشە هیچ كام لە وشەكانی شۆڕشی فەرەنسی تێدا دووبارە نەبۆتەوە، بەڵكو لەبری ئەوە دروشمی (پرانسیپەكانی نەتەوە، دیموكراتی، سۆشیالیستی نەتەوەیە) ئەمەش لەبەر ئەوەیە كە نیشتمان بخاتە جێگەی دەوڵەت بۆ مامەڵەكردنی لەگەڵ مەغۆل و تەتەر و مەنشورییەكان

**ئیرادەی خێری سەركردایەتی شۆڕشی ئەیلول بنەمایەك بوو بۆ مانا دانەوە بە ئازادی و ڕێزگرتن لە بەهاكانی ئازادی، خەڵكی كوردستانی هاندا بۆ ئەوەی چیدیكە ژێردەستەیی قبوڵ نەكەن و فێری كردن ئازادی ئەو پێویستیە ڕەهایەیە كە ناتوانین دەستبەرداری بین**



و تبتیـــەکان لەســـەر ســـنوور، هەروەها مەبەستی لەدیموکراتیەتیش زۆرینە بووە کە گەلی چین لەو نیشـــتمانەدا زۆرینە پێکدەهێنێت، لەمەشـــدا صـــن یات صن رێبەری شۆڕشـــی چیـــن دیموکراتیەتی وەك چەمکـــی زۆرینە بـــۆ فراونکردنی وڵاتەکەی بەکار هێنـــاوە، نەك ئەو جۆرە دیموکراتیەی کە لـــە ئەوروپا و ئەمریکا پیـــادە دەکرێت، هەروەها سۆشیالیســـتی نەتەوەییـــش کە یەکێك لە دروشـــمەکانی شۆڕشـــی چین بـــووە بۆ هەڵوێســـتی شۆڕشەکە بەرامبەر مامەڵەکردن لەگەڵ داهاتی بێگانە لەوڵاتدا، بەهەمان شـــێوە ئەگەر ســـەیری دروشمی شۆڕشی میسر بکەین بەسەرکردایەتی جەمال عەبدولناسر لەســـاڵی ١٩٥٢، دەبینین دروشمی میسر بریتی بـــووە لە (یەکێتی، نیـــزام، کار) ئەمـــەش لەبـــەر ئەوەبووە لەناو میســـر نەتەوەیەکی بن دەســـت نەبووە شـــۆڕش بکات، چینیك نەبووە لە دژی چینیکی دیکە شۆڕش بکات، بەڵکو لەو سەردەمە میســـر کە خۆی بە پێشەنگی دەوڵەتانی عەرەب دەزانی پێویســـتی بـــە یەکێتی بوو لەنێوان وڵاتانـــی عەرەبی و هەروەها پێپویســـتی بەنیـــزام و کارکـــردن بوو بۆ ئەوەی خودی میسر لەڕووی ئابوورییەوە بەهێز بێت. ئەگەر لەم روانگەیەوە سەیری دروشمی شۆڕشی ئەیلول بکەین کە بریتی بووە لە (کوردســـتان یان نەمان) هەست دەکەین ئەم دروشـــمە کۆمەڵێك مەغزای گرنگی لەناوەڕۆکی خۆیدا هەڵگرتووە و ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە گەلی کوردســـتان لە دوڕیانی مان و نەماندایە، بۆیە لێرەوە دەکرێت بڵێین دەسپێکی شۆڕشی ئەیلول،

**شۆڕشی ئەیلول بەپێچەوانەی شۆڕشی فەرەنساوە، دوای ئەوەی لەساڵی ١٩٧٠ رێککەوتننامەی ئاداری مێژوویی لەگەڵ حکومەتی عێراق ئیمزا کرد، لێبوردنی گشتی دەرکرد و دەستی بۆ ئاشتبوونەوەی گشتی لەگەڵ ئەو لایەنە سیاسیانە درێژکرد کە پێشتر کێشەی لەگەڵیاندا هەبوو**

سەرەتای دەسپێکی مێژوویەکی نوێیە لە مێژووی هاوچەرخی گەلی کوردســـتان و نەتەوەی کورد لە هـــەر چوارپارچەی کوردستاندا، راســـتە شۆڕشی ئەیلول لە پارچەیەکی کوردستانی لکێنراو بەعێراقەوە دەســـتی پێکرد، بەڵام بووە ســـەرچاوەی ئیلهـــام و هاندانی تەواوی نەتەوەی کورد لـــە لەهەموو ناوچەکە بـــۆ ئەوەی ببێتە خاوەنی ئەو ئیرادەیەی ئەو دروشـــمە بەرز بکاتەوە کە یـــان دەبێت ئازادی یان مردن هەڵبژێریت و ژیـــان بەبێ بوونی ئازادی هیچ مانایەکی نییە، بەڵام ئەگەر زۆرتر بە قووڵایی ئەم دروشـــمە پیرۆزە رۆچین و بپرســـین کاتێك ژیان و ئازادی بەپێی پرانسیپەکانی شۆڕشـــی ئەیلول هاوتای یەکتری دەکرێن و ژیانی ملکەچی و بن دەستی رەتدەکرێتەوە، ئایا ئازادی مانای چییە؟ لێرەدا گرنگە بگەڕێینەوە بۆ ئەو ئیرادە خێرەی سەرکردایەتی ئەو شۆڕشەی کردووە کە بۆتە یاسایەك بۆ مانا دانەوە بە ئازادی و رێزگرتن لە بەهاکانی ئازادی، راشـــکاوانەتر ئەو ئیرادە خێرەی خەڵکی کوردستانی هاندا بۆ ئەوەی چیدیکە

**پابەندبوون بە یاسا ئەخلاقییەکان گیانی لێبوردەیی و پێکەوە ژیانی لەنێو تاکەکانی کوردستاندا دروست کرد. ئەمەش شۆڕشی ئەیلولی لەو هەڵەیە پاراست کە شۆڕشی ئەمریکا تێیکەوت**

ژێردەستەیی قبوڵ نەکەن و فێری کردن ئازادی ئەو پێویستیە رەهایەیە کە ناتوانین دەستبەرداری بین، هەر ئەو ئیرادە خێرە بۆتە ئەو بنەمایەی کە ملکەچی یاسا ئەخلاقیەکان بێت و لەبەر رۆشنایی یاسا ئەخلاقیەکاندا رەفتاری شۆڕشگێرانەی پێشمەرگە و بەرنامەی شۆڕش و برایەتی نێوان گەلان و درووختنەوەی شۆڕش لەشەڕی نێوان گەلان، واتە شەڕی نێوان کورد و عەرەب، یان کورد نەتەوەکانی دیکە، کەواتە ئەمە پێمان دەڵێت مانا دانەوە بە ئازادی لە میانەی پابەندبوون بە یاسا ئەخلاقیەکان گیانی لێبوردەیی و پێکەوە ژیانی لەنێو تاکەکانی کوردستاندا دروست کرد، ئەم حاڵەتەی جەنابی بارزانی نەمر لە شۆڕشی ئەیلولی مەزن پیادەی کرد، شۆڕشی ئەیلولی لەو هەڵەیە پاراست کە شۆڕشی ئەمریکا تێیکەوت و بەیانی سەربەخۆیی ئەمریکا بەو ئازادیەی لەلایەن هەندێك ویلایەتی ئەمریکاوە بەو جۆرە تەفسیرکرا، کە مەبەست لەمانای ئازادی کە بەیانی سەربەخۆیی ئەمریکا ئەوەیە، کە ئەمریکیەکان لە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا رزگاریان بێت، بەڵام دوای رزگاربوونیان لەژێر دەسەڵاتی بەریتانیا، مافی ئازادیان بە هاووڵاتیانی رەش پێست رەوا نەبینی، هەربۆیە ئەبراهام لنکۆڵن کە ئێستا لەمێژووی ئەمریکادا بەمیراتی ئازادی ناو دەبرێت، بۆ ئەوەی ئازادی ماناکانی خۆی لەدەستنەدا، بەبێ رەزامەندی کۆنگرێس بڕیاری شەڕیدا و ئامادەباشی خۆیشی پیشاندا و دواتر ئامادەیە لەبەردەم کۆنگرێس بەرگری لە بڕیارەکەی خۆی بکات، هەروەها شۆڕشی فەرەنساش دوای سەرکەوتنی تووشی هەمان هەڵەبوو نەیتوانی گیانی لێبوردەیی بەرهەم بهێنێت، بەڵکو گیانی تۆڵەسەندنەوەی بەرهەمهێنا کە پاشان سەری کێشا بۆ توندوتیژی، سەبارەت بەم لایەنەی شۆڕشی فەرەنسا پرۆفیسۆر باربارا فۆریست ئوستادی مێژوو و زانستی سیاسەت لە زانکۆی لویسینا بەمجۆرە باسی توندوتیژیەکانی ناو شۆڕشی فەرەنسای بۆ گوڵان کردو وتی: (ئەوەتان لەیاد بێت خودی شۆڕشی فەڕەنسی سەریکێشا بۆ «سەردەمی تیرۆر»، لەبەر ئەوەی شۆڕشگێڕان نیازی تۆڵەسەندنەوەیان هەبوو لە ئەرستۆکراسی و دار و دەستی پاشایەتی. شۆڕشگێڕانی فەرەنسا کەسانێکی بێڕەحم و توندوتیژ بوون. بۆیە پێویستە لێرەدا ئەوە بگوترێت کە شۆڕشی فەڕەنسی ڕاستەوخۆ ئەو گۆڕانکاریانەی نەهێنایە ئاراوە کە شۆڕشگێڕان خوازیاری بوون.

**شۆڕشی ئەیلول ناسنامەی کوردستانیبوونی وەك ناسنامەی هاووڵاتیبوون لە کوردستان پێناسەکردەوە. جیاوازی نەتەوەیی و ئایینی لەکوردستاندا نەهێشت**

سەرەتا دەبوو خودی خۆیان چاکبکەن و توندوتیژی لەناخی خۆیاندا بنبڕ بکەن.. کەواتە بۆ ئەوەی شۆڕش سەرکەتوو بێت، دەبێت ئەو خەڵکانەی هەڵگری ئاڵای ئەو شۆڕشەن بەڕاستی پابەندبن بە دادپەروەری و مافەکانی مرۆڤەوە. دادپەروەری بە زەرورەت تۆڵەسەندنەوە لەخۆ ناگرێت. کاتێك ئەو خەڵکانەی دەستیان بە شۆڕش کردو لە کۆتاییدا سەرکەوتن، ئەوا پێویستە ئەوان (شۆڕشگێڕان) پابەندبن بە سەروەریی یاساوە. هەروەها دەبێت ئامادەبن بۆ دامەزراندنی سیستمێك بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو نا دادپەروەریانەی ئەوان ڕووخاندیان. دەبێت هەموو ئەمانە لەسەر ئەساسی یاسا و مافەکانی مرۆڤ بێت. لەوەش زیاتر، ئەو کەسانەی سوودمەند دەبن لە شۆڕشەکە دەبێت درك بەو ڕاستیە بکەن کە ناتوانن دەستبەجێ و ڕاستەوخۆ هەموو شتێك بەدەست بێنن کە دەیانەوێت. دەبێت کار و کۆشش بکەن بۆ هێنانەدی ئەو گۆڕانکاریە ئیجابیانەی دەیانەوێت)).

لەم رووەو سەبارەت بەهەنگاوەکانی بارزانی نەمر لە شۆڕشی مەزنی ئەیلولدا هەست دەکەین لەم شۆڕشەدا هەندێك هەنگاو هەڵگیراوە کە تەنانەت لە شۆڕشە گەورەکانی جیهاندا بوونی نەبووە:

١- شۆڕشی ئەیلول یەکێکە لەو شۆڕشانەی جیهان بەبەراورد لەگەڵ شۆڕشی فەرەنسا و شۆڕشی ئەمریکا بۆ سەربەخۆیی، لەوان باشتر پابەندبووە بە ماناکانی ئازادی و دادپەروەریی و مافەکانی مرۆڤەوە.

٢-شۆڕشی ئەیلول بەپێچەوانەی شۆڕشی فەرەنسا دوای ئەوەی لەساڵی ١٩٧٠ ڕێککەوتننامەی ئاداری مێژوویی لەگەڵ حکومەتی عێراق ئیمزا کرد، هاوکات لێبوردنی گشتی بۆ ئەو خەڵکانە دەرکرد بۆ ئەو کەسانەی لەدژی شۆڕش یارمەتی حکومەتیان داوە، هەروەها دەستی بۆ ئاشتبوونەوەی گشتی لەگەڵ ئەو لایەنە سیاسییانە درێژکرد کە پێش ڕێککەوتننانەی ئادار کێشەی سیاسییان لەگەڵ شۆڕشەکە هەبووە.

٣-شۆڕشی ئەیلول ناسنامەی کوردستانیبوونی وەك ناسنامەی هاولاتیبوون لەکوردستان پێناسەکردەوە، جیاوازی نەتەوەیی و ئایینی لەکوردستاندا نەهێشت و ڕێزی لە پێڕەوانی ئایینە

**ئەگەر ئازادی ئامانجی شۆڕشی ئەیلول بێت و لەم قۆناخەدا بەشێك لەو ئازادییە بەدی هاتبێت، ئەوا پاراستنی ئەو ئازادییە خۆی لەخۆیدا دەبێتە درێژە پێدەر و بەردەوامی شۆڕشی ئەیلول**

جیاوازەکان وەك یەك گرت و لە هەمانکاتدا نەتەوەکانی کوردستانی لەمافدا یەکسانی نەتەوەی کورد کرد و بۆ یەکەمین جار لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێناسەی کەمینە و زۆرینەی بۆ نەتەوە رەتکردەوە، هەر بۆیە لەو رێککەوتنەی کە لەگەڵ حکومەتی عێراق بەناوی رێککەوتنی ١١ی ئادار مۆرکراوە مافی



هەمـــوو نەتـــەوەكان وەك مافی نەتەوەی كـــورد و مافی هەمـــوو ئایینەكان زامن كراوە.

٤ — شۆڕشـــی ئەیلول لەسەر بنەمای ئـەو یاسـا ئەخلاقیانەی لـە ئیرادەی شۆڕشـگێڕانەی شۆڕشـی ئەیلولـەوە هەڵقوڵابوون و پێشمەرگە و سەركردایەتی شـۆڕش پێوەی پابەند بوون، سەروەریی یاسا و ڕۆڵی یاسـایان وەك پێداویستیەك پێناسـەكرد و توانیایـن لـە ناوچـە ئازادكراوەكانی شـۆڕش یاسا پیادەبكەن و دادگای باڵای شـۆڕش دابمەزرێت و سـەرۆكی ئەم دادگا باڵایەش بسپێرێتە یەكێك لـە هاووڵاتیانـی نەتەوەیەك لە كوردستان كە بەژمارە لەهەموو نەتەوەكانی كوردستان كەمترن كە ئەویش یەكێك لەبرا كریستیانەكانی كوردستان بووە.

**بۆ ئازادی و سەروەریی یاسا شۆڕشی ئەیلول هەر بەردەوامە**

ئەگەر دروشمی كوردستان یان نەمان، سـەرەنجام بـە كوردسـتان و ژیانێكی سـەربەرزانە بۆ هەرتاكێكی كوردسـتان كۆتایی پێهات، ئەوا دەبێت ئەو ڕاستیەمان لەبەرچاو بێت ژیانی كامەرانی و سەربەرزی هەر تاكێكی كوردستان واتە ژیان لەسایەی سەروەریی یاسادا، زۆر ڕاشكاوانەتر ئەگەر نەمانتوانی لە كوردستاندا سەروەریی یاسا پیادەبكەین، ئەوا دەبێت دان بەو ڕاستیەدا بنێین كـە نەمانتوانیـوە ئامانجەكانی شۆڕشی ئەیلول بەدەست بهێنن و هەروەها نەشـمانتوانیوە بە ئامانجەكانی شۆڕشی ئەیلولیشـەوە پابەند بین، بەڵام پرسـیار لێـرەدا ئەوەیـە ئایا لەدوای شـۆڕش و هەنگاو هەڵگرتن بۆ بونیادی دیموكراتی و سەروەریی یاسا كارێكی ئاسانە؟ ئەگەر وەڵامی ئەم پرسـیارە لەمێـژووی بزاڤە شۆڕشگێڕییەكانی جیهان وەربگرین، ئەوا بەداخـەوە مێژووی بزاڤە ڕزگاریخوازەكان لـە هەنگاو هەڵگرتن بـۆ دیموكراتی و سـەروەریی یاسـا و خۆدوورخستنەوە لە توندوتیژی و تۆڵەسـەندنەوە تۆمارێكی باشـیان نییـە، سـەبارەت بـەم لایەنە پرسـیارمان لە پرۆفیسۆر هۆڵ گاردنەر سەرۆكی بەشی پێوەندییە نێودەوڵەتیەكان لەزانكۆی ئەمریكا لەپاریس كرد، سەبارەت بەو ئاستەنگەی كە دوای



سەرۆك بارزانی لە مەراسیمی یادی یۆبیلی زێڕین لە زاخۆ

سەرکەوتنی شۆڕش رووبەڕووی گەلان دەبێتەوە، بە گوڵانـــی راگەیاند و وتی: (هەمیشە پرۆسەی شۆڕش پرۆسەیەکی ئاڵـــۆزە و ئەگـــەری ئـــەوەی لێدەکرێت ئاڕاســـتەیەکی ســـلبی وەربگرێت. هیچ کەس بەڕاســـتی نازانێت کەی شۆڕشەکە دەســـت پێدەکات. هەروەهـــا هیچ کەس ئەنجامە کۆتاییەکەی نازانێت، کاتێکیش شۆڕش دەست پێدەکات، ئەوا داینامیەکی شـــۆڕش زۆر ئاڵـــۆزە و زۆر زەحمەتـــە کۆنترۆڵ بکرێت. لە بنەڕەتدا لەم ڕووەوە، ســـێ هۆکار هەن کارلێك لەگەڵ یەکدا دەکەن. یەکەمیـــان بریتییە لە داواکارییە جیاوازەکانی خەڵکە ئاساییەکە و چین و توێژە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکان. دووەمیان بریتییە لەو داواکاریانەی بە شـــێوەیەکی گشـــتی ناکۆك بە یەکن و لەلایەن نوخبە و پارتە سیاســـییەکانەوە دەخرێنەڕوو کە دەتوانن هەوڵی گەیشـــتن بـــە بەرنامە و سیاســـەتی هاوبەش بدەن، بەڵام هەمیشە ســـەرکەوتوو نابـــن لە یەکخســـتنی ئەو هەڵوێستانەدا. هۆکاری سێیەم، بریتییە لە دەوڵەت و گروپە دەرەکیەکان کە هەوڵدەدەن دەســـتێوەردان لە پرۆســـەی شۆڕشەکەدا بکەن، بەوەی هەوڵدەدەن کاریگەربن لەسەر بزووتنەوە شۆڕشگێڕیەکانی وڵاتەکە، هەر بۆیە لەنێوان ئـــەم کۆمەڵە هاودژییەدا.. پاراستنی ئازادی پێویستی بە چاوکراوەیی

**شۆڕشی ئەیلول سەروەریی یاسا و رۆڵی یاسایان وەك پێداویستیەك پێناسەکرد و توانی لە ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕش یاسا پیادەکەن و دادگای باڵای شۆڕش دابمەزرێنێت**



باربارا فۆریست بۆ گوڵان:

# دەبێت ئەو خەڵكانەی هەڵگری ئاڵای ئەو شۆڕشەن بەڕاستی پابەندبن بە دادپەروەری و مافەكانی مرۆڤەوە، خۆیان بەدوور بگرن لە تۆڵەسەندنەوە و پیادەكردنی توندوتیژی



وادەكەن جێبەجێكردنی حكومڕانێتیەكی دیموكراتی كارێكی قورس بێت كە تێیدا ڕێز لە مافی زۆرینە و كەمینە بگیرێت. یەكێك لەو شۆڕشە كەمانەی سەركەوتوبوو لە دامەزراندنی حكومەتێكی دیموكراتی، شۆڕشی ئەفریقیای باشوور بوو، ئەگەرچی بێ كەموكوڕی نەبوو، بەڵام باشووری ئەفریقیا یەكێك بوو لە باشترین مۆدێلەكانی شۆڕشێكی دیموكراتی فرەنەتەوەی سەركەوتوو كە تێیدا حكومەت لەسەر ئەساسی دابەشكردنی دەسەڵات و ئاشتەوایی لەنێوان گرووپە ئیتنی و زمانەوانییە جیاوازەكان و پارتە سیاسییەكان(لەنێویاندا ڕكابەرانی پێشووی پارتی كۆنگرەی نەتەوەیی ئەفریقیی) دامەزرا. لە ساڵی ١٩٩٤ نیلسۆن ماندێلا بووە سەرۆك، بەڵام كاتێك خولی سەرۆكایەتیەكەی تەواوكرد وازی لە دەسەڵات هێنا، بەو شێوەیە ماندێلا نەبووە دیكتاتۆر بەچەشنی ئەوەی هەندێ لە شۆڕشگێڕانی ئەفریقیا و شوێنەكانی دیكە بوون. سەرەڕای هەنگاوهەڵگرتن بۆ ئاشتەواییكردن لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێكان، هەروەها ڕێگریكردن لە دروستبوونی ناكۆكی لەگەڵ دراوسێكاندا، ئەوا لیژنەی «ڕاستی و ئاشتەوایی» ئەفریقیا هاوكار بوو لە ڕێگرتن لە خوێنڕێژی ناوخۆیی و بە ئاگابوونێكی هەمیشەیی و خەباتی ڕۆژانە هەیە بۆ ڕێگریكردن لەوەی تاكەكەسەكان یان پارتە سیاسییەكان كۆنترۆڵی تەواو نەگرنەدەست و بۆ ڕێگری كردن لەوەی گرووپێكی بچووك لەسەر ئەساسی بەرژەوەندیە شەخسیەكانیان حكومڕانی نەكەن، دەبێت دەسەڵات دابەش بكرێت.. هەروەها لەدوای سەركەوتنی شۆڕشیشەوە، بۆ سەركردەكانی شۆڕش زەحمەتە دەسەڵات دابەشبكەن، چونكە بەزۆری متمانە بە پارتە سیاسییەكانی دیكە ناكەن. تەنانەت ڕەنگە متمانە بە هاوپەیمانەكانی خۆشیان لە شۆڕشەكەدا نەكەن. ئەو سەركردانەی دەسەڵات بەدەست دەهێنن بە زۆری خوازیاری ئەوە نین دەستی لێهەڵبگرن، لەبەشێكیدا لەبەر ئەوەی باوەڕیان وایە دەزانن باشترین ڕێگە چییە كە دەبێت وڵاتەكە بیگرێتەبەر، یاخود بانگەشەی ئەوە دەكەن دەزانن ئەو ڕێگەیە چییە. هەروەها ڕەنگە داوای تۆڵەسەندنەوە بكرێت لەلایەن ئەو كەسانەی پێشتر ڕووبەڕووی ستەم بوونەتەوە، بۆی هەیە ئەمە سەربكێشێت بۆ فۆرمێكی نوێی سەركوتكاری. ئەم هۆكارانە

لەدوای شۆڕشە دیموکراتیەکەوە).

هەربۆیە لەم چوارچێوەیەدا و وێڕای ئەوەی زیاتر لە ٢٠٠ ساڵ بەسەر شۆڕشی فەرەنسا تێپەڕیووە، پرۆفیسۆر گاردنەر بە گوڵانی ڕاگەیاند بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی شۆڕشی فەرەنسا وێڕای بۆچوونەکانیش لەهەمبەر دروشمەکانی شۆڕش گۆڕدراون، بەڵام شۆڕشەکە هەر بەردەوامە و لەم بارەیەوە وتی: (بێگومان هێشتا شۆڕشی فەرەنسی بەردەوامە، لەو ڕووەوە کە ئامانجەکانی بریتی بوون لە (ئازادی، یەکسانی و برایەتی)، بەوەی ئەم ئامانجانە بەرجەستەی ئایدیاگەلێکی فەلسەفی دەکەن کە هێشتا بە تەواوەتی بەدەست نەهاتوون. لە هەمان کاتدا، هەر لە ساڵی ١٧٨٩وە تا ئێستا تەفسیرکردنی خودی ئەو ئایدیانە لە گۆڕاندان).

کەواتە ئەگەر ئازادی ئامانجی شۆڕشی ئەیلول بێت و لەم قۆناغەدا بەشێك لەو ئازادییە بەدی هاتبێت، ئەوا پاراستنی ئەو ئازادییە خۆی لەخۆیدا دەبێتە درێژەپێدەر و بەردەوامی شۆڕشی ئەیلول. سەبارەت بە چۆنییەتی پاراستنی ئازادی و گرێدانەوەی بەدیموکراتیەوە پرسیارمان لە پرۆفیسۆر شانۆن ستیمسۆن ئوستادی زانستی سیاسەت لەزانکۆی بیرکلی لە کالیفۆرنیا کرد و لەوەڵامدا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن: (وەك هۆبز دەڵێت ئەگەر خەڵکی سەرکوت بکرێت تاوەکو ژیانیان بەرەو هەڵدێر ببات، ئەوا ئەو کاتە جیاوازی مەرگ و ژیان



هۆڵ گاردنەر بۆ گوڵان:

**بێگومان هێشتا شۆڕشی فەرەنسی بەردەوامە، لەو ڕووەوە کە ئامانجەکانی بریتی بوون لە (ئازادی، یەکسانی و برایەتی)**



شانۆن ستیمسۆن بۆ گوڵان:

**ئەگەر خەڵک گەیشتە قەناعەت هیچ جیاوازیەک لەنێوان ژیان و مردنیاندا نییە، ئەوا چەکی هەموو جیهان بەشی وەستاندنی شۆڕشێک ناکات**

نامێنێت و ئەو کاتە خەڵك شۆڕش دەکات، ئەمە ئەو ڕاستییەیە کە ئەو کەسانەی لە دەسەڵاتدان و لەسەرەوەن دەبێت ئیعتیرافی پێبکەن و هەوڵبدەن مافی گەلانی چەوساوە بدەن و دەبێت بزانن چەکی هەموو جیهان بەشی وەستاندنی شۆڕشێك ناکات، ئەگەر خەڵکەکە قەناعەتیان وابوو هیچ جیاوازیەك لەنێوان ژیان و مردنیاندا نییە، لێرەوە ئەگەر سەبارەت بە پاراستنی ئازادی و گرێدانەوەی بەدیموکراتیەوە قسە بکەین، من پێموایە ئازادی و دیموکراسی یەك شت نین، بەڵام بە دڵنیاییەوە پەیوەندیەکی نزیك لە نێوانیاندا هەیە، بۆیە ئەوەی هەوڵی بۆ دەدەین ئازادی دیموکراتیە، مافی بڕیاردانی چارەنووسە، لەبەرامبەر ڕزگاربوون لە هێزێکی تێکشکێنەری خۆسەپێندا، دواتر جۆری دامەزراوەکان و بونیادی کۆمەڵایەتی و ئابوورییە کە وا دەکەن خود حکومڕانیکردنی دیموکراتیانە شتێکی مومکین بێت، دەبێت لەگەڵ سیاقە ماتریالیەکەدا بگونجێنرێن کە دەکرێتە دەستپێك. ئێوە دەقا و دەق ئاماژە بە ئاراستەیەکی ڕاست و دروست دەکەن، لەبەر ئەوەی لە سەدەی هەژدەدا ئەو پرسیارە کرا ئایا نەتەوەیەکی مەزن خۆی حکومڕانی خۆی بکات، یاخود دەبێت لەسەرەوەڕا و بە شێوازێکی خۆسەپێنانە حکومڕانی بکرێت. وەڵامەکە ئەوەبوو با دابەش بکرێن بۆ یەکەی بچووك و دواتر هەماهەنگی لەگەڵ یەکدا بکەن، ئەو کاتە ئەگەری خود ئیدارەکردن مومکین دەبێت، لەبەر ئەوەی خود حکومڕانیکردنی دیموکراتیانە تەنیا لە مافی دەنگداندا کورت نابێتەوە، بەڵکو پێدانی مافی بەڕێوبردنی ژیانیش لەخۆدەگرێت. ئەمەش بە مانای ئەوە دێت ئەوەی دەنگت بۆ داوە لەسەر ئەرزی واقیع جێبەجێ دەکرێت لەو سیاقەی تێیدایت، کەواتە بچووککردنەوەی ئایدیای خود بەڕێوەبردنی دیموکراتیانە لە ئەنجامدانی ڕاپرسی لەسەر ئاستی نەتەوەکە بۆ ئەنجامدانی لەسەر ئاستی ئیداری بچووکتر کە خود بەڕێوەبردنی لێبکەوێتەوە، دەبێتە یەکێك لە ڕێگاکان بۆ تێگەیشتن لە دیموکراسی خود بەڕێوەبردن و خود حکومڕانیکردن، ئەمە لەبەرامبەر ئەو تێگەیشتنەی کە دیموکراسی بریتییە لە دەنگدان و لێگەڕێن هەموو کەس دەنگ بدات)).


**مافی بڕیاردانی چارەنووس مانایەکی دیکەی ئازادییە**

مافی بڕیاردانی چارەنووس یەکێکی دیکەیە لە ئامانجەکانی شۆڕشی ئەیلول و وەك سەرۆکی کوردستان ئاماژەی پێکرد ئەوەی لە ئێستاو ئایندەدا هەنگاوی بۆ هەڵدەگیرێت بناخەکەی هەر شۆڕشی ئەیلولە و لەسەر ئەو بناخەیەوە هەنگاوی بۆ هەڵدەگیرێت، هەر شۆڕشی ئەیلول کارێکی وایکرد کە تاکی کورد هەست بەئیرادەی خۆی بکات و هەست بکات کە خاوەنی ئیرادەی خۆیەتی، کەواتە بۆ ئەمڕۆ جارێکی دیکە هەوڵدان بۆ گەیشتن



ڕۆناڵد وید بۆ گوڵان:

**هەست نەکردن بەترس هۆکارێکە بۆ ئەوەی ئیرادەی هاووڵاتیان بۆ سەرکەوتنی شۆڕش یەکبخات**



بە بڕیاری یەکلاکـــەرەو بڕیاردانی مافی چارەنووس ئامانجێکی دیکەی شۆڕشی ئەیلولە کە پێویستە ئیرادەی ئەو شۆڕشە بەردەوام بێت بۆ ئەوەی بتوانرێت هەنگاو بۆ ئەو ئامانجە هەڵبگیرێت، ئەم هەنگاوەش کە بێگومان بە هەوڵـــدان بۆ گێڕانەوەی ناوچـــە دابڕێنـــراوەکان و جێبەجێکردنی دەستووری عێراق و جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ سەرچاوە دەگرێت، لەمەشدا بارزانی نەمر و شۆڕشی ئەیلول هێڵی سوری ئەم هەنگاوەیان دیاری کردووە و سازشـــکردن لەســـەر ئەو ناوچانە هێڵی ســـورەو وەك چەندیـــن جـــاری دیکـــەش ســـەرۆکی کوردستان دووبارەی کردۆتەوە لەسەر ئەو ناوچانـــە هەرچی دەبێت با ببێت، ئەمەش مانای ئەوەیە بەبێ گەڕانەوەی ئەو ناوچە دابڕاوانە بە کەرکوکی دڵی کوردستانیشەوە هێشـــتا ئامانجەکانی شۆڕشـــی ئەیلول نەهاتوونەتـــە دی، بۆیـــە دەبێـــت بـــۆ سەرکەوتنی ئامانجەکانی شۆڕش و لەپێناو گەڕانەوەی ئەوناوچانە لەهیچ مەترسیەك ســـڵنەکرێتەوە، وەك پرۆفیســـۆر رۆناڵد وید ئوستادی فەلســـەفە لەزانکۆی نیو برۆنیسك لە لێدوانێکی تایبەت بەگوڵانی راگەیاند: (ئەوکاتە شـــۆڕش سەرکەوتن بەدەســـت دێنێت کاتێك بیر لەوە بکرێتەوە کە تەنانـــەت گەر هەرچیـــش روودبات ئەوە هێشتا لەو شـــتانە باشترە کە ئێستا روودەدەن. سەیرترین شت لە شیکردنەوەی تـــرس ئەوەیە کە دەڵێت کاتێك کە مرۆڤێك زیاتر لەتوانای خۆی ئەشـــکەنجەبدرێت و مەینەتی بچێژێـــت و بگاتە ئەو باوەڕەی کە لەوە زیاتر ئـــازار نەماوە پێی بگات، دەڵێن ئەوکات ئەو مرۆڤە چیتر هەســـت بە ترس ناکات، لەبەرئەوەی ترس هەمیشە بریتییە لە بەئامانجکردنی ئەو لایەنانەی مرۆڤ کە ئەگەری زیـــان پێگەیاندنیان لەســـەر هەیە، بەڵام بیر لە خۆت بکەرەوە کاتێـــك باوەڕنەکەی زیانـــی زیاتر هەبێت لەوەی کە پێشـــوەختە پێت گەیشتووە و لە ئازار نەترسی ئەوکات ترسەکەت نامێنێت و پێموایە پـــاش نەمانی ترس، بەتایبەتی لەنێو زۆربەی هەرە زۆرینەی هاووڵاتیان، ئەوکات بەشێوەیەکی گەورەتر دەبێتە هۆی یەکگرتنـــی بەشـــداربووەکانی ئیرادەی هەموو هاووڵاتیان).



کەریم شەنگالی وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ (گوڵان):

# بۆ کەمکردنەوەی پاسەوانی بەرپرسەکان ڕاپۆرتیکمان بەرزکردۆتەوەو بەپێی بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان پاسەوانەکانیان دیاری دەکرێت

پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان و هەوڵدان بۆ چەسپاندنی سەروەریی یاساو ڕێکخستنی کاروباری ڕێکخراوەکان و پارتە سیاسیەکان و هاتوچۆ، گرنگترین ئەرکە سەرەکیەکانی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانن، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم بابەتانە بەشێوەیەکی گشتی و بایەخدان بە کارمەندانی ئاسایش و پۆلیس و سوود وەگرتن لەتەکنەلۆژیای سەردەم بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی سەردەمیانە باری ئاسایشی هەرێمی کوردستان بپارێزرێت و مافەکانی مرۆڤ پارێزراوبێت، هەمووئەم پرسانەمان ڕووبەڕووی بەرێز کەریم شەنگالی وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردەوە، بەڕێزی بەسوپاسەوە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە، ئەمەش دەقی دیمانەکەی وەزیری ناوخۆیە لەگەڵ گۆڤاری گوڵاندا.



**سەرەکیترین ئەرکی وەزارەتی ناوخۆ**

*** وەزارەتی ناوخۆ گرنگترین و قورسترین ئەرکی لەحکومەتی هەرێمی کوردستاندا لەسەرشانە، ئەویش ئەرکی پاراستن و سەقامگیری ئاسایشی هەرێمی کوردستانە، پرسیاری ئێمە لەبەڕێز وەزیری ناوخۆ ئەوەیە کە تاچەند بەڕێزتان لە ئەدای هێزەکانی پۆلیس و ناوخۆ ڕازین؟**

- هەرچەندە ئەم پرسیارە ئاڕاستەی هاووڵاتیانی کوردستان بکرابووایە باشتر بوو، تا ئاستی ڕازیبوونی ئەوان لە ئەدای هێزەکانی پۆلیس و ناوخۆ بزانرێت، چونکە ئەرکی سەرەکی هێزەکانی پۆلیس و دامودەزگاکانی دیکەی وەزارەتی ناوخۆ پاراستنی سەروماڵی ئەوان و چەسپاندنی سەقامگیرییە لەهەرێمی کوردستاندا، بەڵام بێگومان بۆ هەر کەسێکی ئاگادار لە ڕەوشی هەرێم ڕوونە کە تا ڕادەیەکی زۆر باش ئاسایشی هەرێمی کوردستان پارێزراوەو خەڵك هەست بەئارامی و سەقامگیریی تەواو دەکەن، هەر ئەوەشە وایکردووە جووڵەی بازاڕ لە ئاستێکی دڵخۆشکەردا بێت و ڕێژەی وەبەرهێنانی بیانی و ژمارەی کۆمپانیا بیانییەکان و ژمارەی گەشتیاران چ لە باشوور و ناوەڕاستی عێراق و چ لە وڵاتانی دەروبەر و دەرەوەشدا کە دێنە کوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو هەڵکشان بچێت، بێگومان ئەمەش بەو مانایە نییە کە کەم و کورتی نییە، بەڵام بە ڕاهێنان و مەشقی بەردەوام و دابینکردنی تەکنۆلۆژیاو ئامێری پێشکەوتوو و سەردەمییانەو سوود وەرگرتن لە شارەزایی و توانای وڵاتانی پێشکەوتوو لەم بارەیەوە، لە هەوڵی بەردەوامداین بۆ زیاتر بەرەو پێشبردنی ئاستی کارمەندان و کەمکردنەوە کەموکورتییەکان.

**یەکخستنی مووچەی هێزەکانی ناوخۆ**

*** ئێستا مووچەی هێزەکانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان لەچاو مووچەی هێزەکانی عێراق جیاوازییان هەیە، ئایا هۆکاری ئەم جیاوازییە چییە، چۆن چارەسەری دەکەن؟**

**لەگەڵ چەند ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی و نێردراوی یەکێتی ئەوروپا لە هەرێمی کوردستان ڕێک کەوتووین کە بەپێی بنەماکانی ئەوستاندارە جیهانییەی لەلایەن وڵاتانی یەکێتی ئەوروپاو هێزەکانی هاوپەیمانی ئەمریکاوە هەیە. بڕیار دراوە لەکاتی لادان لەڕێڕەوی خۆپیشاندانەکان هەمان شێواز لێرەش جێبەجێ بکرێت**

**ئامێری دۆمێکسمان بۆ هاتووە کە تایبەتە بە پشکنینی مۆبایل، هەموو ئەو پێوەندی کردنانەی پێشوو یان ئەوانەی بە مۆبایلەکەوە نێردرا بن یان وەرگیرا بن، ئەگەر (ڕەشیش کرابێتنەوە) دەتوانرێت بیگەڕێنێتەوە**

- ئێمە بەردەوام داوامان کردووە مووچەی پۆلیس و کارمەندانی دیکەی هێزەکانی ناوخۆ لە ئاستێکدا بێت کە ژیانێکی سەربەرزانەو سەردەمیانەیان بۆ دابین بکات و تەواوی مافەکانی خۆیان پێ بدرێت، ئێستاش مووچەی پۆلیس لە هەرێمی کوردستان و لەسەرتاسەری عێراق لەڕووی دەرماڵەو مووچەی بنەڕەتی وەك یەکە، بەڵام لەم ماوەیەی دواییدا هەمووارکردنێك لە پەرلەمانی عێراق پەسەند کراوە کە لە مانگی ٩ـەوە پۆلیس دەرماڵەی خێزان و منداڵ و بڕوانامەیان پێ بدرێت، کە ئەمە هەنگاوێکی باشەو ئێمە پشتگیری لەوە دەکەین کە پۆلیسی هەرێمی کوردستانیش هاوشێوەی بەشەکانی دیکەی عێراق لێی سوودمەند ببن، بەڵام ئەم بڕیارە دەبێت لە پەرلەمانی کوردستان پەسەند بکرێت.

**پیادەکرنی بنەماکانی ستاندەردی جیهانی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ خۆپیشاندەران**

*** ئەمساڵ لە مامەڵەکردنی هێزەکانی پۆلیس لەگەڵ خۆپێشاندەراندا ڕووبەڕووی بارێکی سەخت بوونەوە، هەروەها چەند پۆلیسێکیش بەدەستی خۆپیشاندەران شەهیدو برینداربوون، بەڵام کاردانەوەی توندیان بەرامبەر خۆپێشاندەران نەبوو، ئەمەش سەلماندی کە هێزەکانی پۆلیسی کوردستان نموونەیەکی سەردەمیانەی ڕەفتاری پۆلیسیان لە ڕۆژهەڵات پیشاندا، ئایا لەو بارودۆخە نائاساییەدا چۆن توانیتان کۆنترۆڵی بارەکەودۆخەکە بەو شێوازە مۆدێرنە بکەن؟**

- خۆپێشاندان مومارەسەکردنێکی دیموکراتییانەی هەموو هاووڵاتیانە بەپێی دەستوور ئەرکی حکومەتە ئەم مومارەسەکردنە لە یاسایەکدا ڕێك بخات، وەك ئازادی ڕادەربڕین لەسەر هەر پێشهات و بارودۆخێك کە کۆمەڵگە بەپەسەندی بزانێت، ئەم بابەتە هەر ئەمساڵ نەبووە، بەڵکو بەدرێژایی ساڵانی ڕابردوو چین و توێژەکانی کۆمەڵ لە زۆر بۆنەو پێشهاتدا خۆپێشاندانیان ئەنجام داوەو ئەرکی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ هەموو کاتێك ڕێکخستن و پارێزگاری کردن بووە لە ڕێڕەوی خۆپێشاندانەکان و تا بەر لەوەی یاسای خۆپێشاندانیش دەربچێت ئەم ئەرکە لە ئارادا هەبووە.

بەڵام ئەوەی لەم دواییانەدا هاتە پێشەوە واتە دوای پەسەندکردنی یاسای خۆپێشاندان لەسەرەتای ئەمساڵ، کە بەداخەوە هەندێك ڕووداوی دڵتەزێن ڕوویاندا کە چاوەڕواننەکراو بوون، خۆزیا خۆپێشاندەران زیاتر پابەندی یاسای خۆپێشاندان دەبوون وئەوەی ڕوویدا لە ئاکامی خۆپێشاندانەکەیان کە بەداخەوە هەندێك لە خۆپێشاندەران ڕێڕەوی یاسایی خۆپێشاندانەکەیان گۆڕی و هێزی ئاسایشی ناوخۆش هەندێ جار وەك پێویست نەیانتوانی کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بەتەواوی بکەن.

بەڕاستی دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم کە ئێمە هیچ تێبینییەکمان لەسەر مومارەسەکردنی مافی خۆپێشاندان نییە ئەگەر لە چوارچێوەی یاسای خۆپێشاندان ئەنجام بدرێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە هێزی ئاسایشی ناوخۆ پارێزگاری لە خۆپێشاندەرەکان دەکەن لەهەر کردەیەکی

**پێویستە هەموو وەزارەتەکان سیستەمی بەستنەوەی هێڵی کۆمپیوتەری (نێت وۆرک) و تۆڕی بەیەکبەستنەوەیان لەگەڵ دادگاکاندا هەبێت. هەروەها لەگەڵ داواکاری گشتیش. ئەمەش ئەرکی وەزارەتی داد و لە دەسەڵاتی دادوەریدایە**

نەشیاو بەرامبەریان و تا ڕادەیەکی باش لێرەشدا دەستخۆشی لە ئەدای هێزەکانی ناوخۆ دەکەین کە بەپێی یاسا هەڵسوکەوتیان کردووە بەرامبەر خۆپێشاندەران جگە لەوەی لەلایەن خۆپێشاندەرانەوە ڕووبەڕووی چەند هێرش بردنێك بوونەتەوە، لەبەر ئەوە دوو شەهید و نزیکەی (٣٠٠) بریندار لە ڕیزی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆدا هەیە، ئێستا ئێمە وەك وەزارەتی ناوخۆ سەرقاڵی ئەوەین چەندین خولی تایبەت بکەینەوە بەڕێنمایی کردن و وەرگرتنی ڕێوشوێنی یاسایی و بۆ شارەزابوون و ڕاهێنانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆو (مکافحه الشغب) کە ئەم بەشە ئەرکی ڕووبەڕووبوونەوەی هەر کردارێکی لادان لە ڕێڕەوی خۆپێشاندانەکان لەئەستۆ دەگرێت، بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ چەند ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی و نێردەی یەکێتی ئەوروپا لە هەرێمی کوردستان ڕێك کەوتووین کە بەپێی بنەماکانی ستاندەردی جیهانی لەلایەن وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا و









**ئێمە پشتگیری تەواو لەم بەرنامە چاکسازییەی بەرێز سەرۆکی هەرێم دەکەین و هەر ئەرکێك بە وەزارەت بسپێردرێت ئێمە جێبەجێی دەکەین و بە ئەرکی سەرشانی خۆمانی دەزانین**

هێزەکانی هاوپەیمانی ئەمریکا کە بڕیاری لێدراوە هەمان شێواز لێرە جێبەجێ بکرێت لەکاتی لادان لەڕێڕەوی خۆپیشاندانەکان، ئەوەش لەئایندەدا پیادەکردنێکی باش دەبێت و هێزەکانمان شارەزایی لەسەر شێوازێکی مۆدیرنانە پەیدا دەکەن و، ئەمە وا دەکات باشتر هەڵسوکەوت بکەن لەگەڵ هاووڵاتیان و زیاتر ڕێز لە مافی ڕادەربڕین بگرن و بە ڕۆحێکی دیموکراسیانە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.

**بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ**

*** بیستوومانە کۆمەڵێك ئامێری پێشکەوتووتان بۆ پشکنین و کاری پۆلیسی بۆ هاتووە، بەڵام دەڵێن تا ئێستا ئەم ئامێرە پێشکەوتووانە دابەشنەکراون، لەوانەش وەك ئامێری دۆمێکس بۆ پشکنینی مۆبایل، ئایا هۆکاری دابەشنەکردنی چییە؟**

- بەڵێ ئامێری دۆمێکسمان بۆ هاتووە کە تایبەتە بە پشکنینی مۆبایل، ئەو ئامێرە دەتوانێت هەموو ئەو پێوەندی کردنانەی پێشوو یان ئەوانەی بە مۆبایلەکەوە نێردرا بن یان وەرگیرا بن، ئەگەر (ڕەشیش کرابێتنەوە) ئەوا بیگەڕێنێتەوە، واتە یارمەتیدەرێکی زۆر باشە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو تاوانانەی کە بەهۆی ئامێری پێوەندی مۆبایل یان کامێرای دیجیتاڵ یان کۆمپیوتەر یان هەر ئامێرێکی تەکنۆلۆژی ئەنجام درا بێت، بێگومان ئەوەش دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی دادوەری لێکۆڵینەوە، ئەگەر ماوەی چەند ساڵانێکیش لەسەریدا تێپەڕی بێت، ئەوا لە ڕێگەی ئەم ئامێرەوە دەتواندرێت

**لیژنەیەکی باڵا بۆ دیراسەتکردن و پێداچوونەوەی لیستی پاسەوانی بەرپرسانی حکومی و حزبیی تەرخانکراوەو ڕاپۆرتەکەیان ئامادەیەو زیاتر جەختکردنەوەیە لەسەر کەمکردنەوەی ڕێژەی پاسەوانی بەرپرسەکان**



بگەڕێندرێتـــەوەو بخوێندرێتەوە بە دەنگ و نووسراو و بە دەرکەوتنی ژمارەکانەوەش، ئێستا سەرقاڵی ئەوەین ستافی تایبەت لە کارمەندان ڕابهێنین و لە ئایندەیەکی نزیك لە دەزگاکانی پۆلیس و هێزەکانی ئاسایشـــی ناوخۆ دەخرێتە بەرنامەی جێبەجێ کردن..

*** لەبواری سوود وەرگرتن لە تەکنۆلۆژیای کۆمپیوتەر، باســـی ئـــەوە دەکرێت، هێشـــتا بڕیاری لێکۆڵینەوە بەدەست دەنووسرێت نەك بە کۆمپیوتەر، لە کاتێکدا لە وڵاتانی پێشـــکەتوو ئەمە نەماوە، ئایا ئیمکانیەت نییە کۆمپیوتەر بکڕن؟ یان مەســـەلەکە پێوەندی بە شـــێوازی کاری وەزارەتی ناوخۆوە هەیە؟**

## بەنیازین لە ماوەیەکی نزیکدا چەند قائیمقامێك لە سنووری سلێمانی و گەرمیان بۆ هەولێر و دهۆك و بە پێچەوانەشەوە جێگۆڕکێ پێ بکەین

- لە ڕاستیدا مەسەلەکە پێوەندی بە هەردوو لایەنەوە هەیە، مەبەســـت لە کڕینی کۆمپیوتەر تەنیا وەکو ئامێر نییە، پێویســـتە سیستەمێکی (نێت وۆرك) لە کاری پۆلیســـدا بێتەکایەوە بۆ ئەوەی بنکەکانی پۆلیس بەیەکەوە ببەسترێتەوە و پاشـــان بە سەنتەری سەرەکی ببەسترێنەوە بۆ وەرگرتنـــی زانیاری و ئاڵوگۆڕکـــردن لەنێوان بنکەکانی پۆلیســـدا، لە شار و قەزاو ناحیەکان ئەوەش کاتێکی زۆری دەوێت بۆ ڕێکخســـتنی و بەئەلیکترۆنی کردنی ئیشوکارەکانی پەڕاوی لێکۆڵینـــەوە، بەڵکو ئەمـــە ئەرکی حکومەتی هەرێمە بە گشـــتی هەوڵ بـــدات بەرنامەی ئەلیکترۆنـــی بخاتەگـــەڕ کـــە ماوەیەکـــی زۆرە پلانـــی بـــۆ دارێـــژراوە، چونکە هەموو وەزارەتەکان پێویســـتە سیســـتەمی بەستنەوەی هێڵـــی کۆمپیوتەری (نێـــت وۆرك)یان هەبێت لەبەر ئەوەی سروشتی کارەکان وا دەخوازێت بۆ نموونە کاتێك لە بنکەی پۆلیس لێکۆڵینەوە لە ڕێگەی کۆمپیوتەرەوە دەکرێت پێویستە تۆڕی بەیەکبەســـتنەوەیان لەگەڵ دادگاکاندا هەبێت هەروەها لەگەڵ داواکاری گشـــتی و ئەمەش ئەرکـــی وەزارەتی داد و دەســـەڵاتی دادوەرییە کەواتە مەســـەلەکە تەنیا پێوەندی بە وەزارەتی ناوخۆوە نییە، بەڵکو پێویســـتە بەهەموو لایەك ئەم هەنگاوە لەسەر ئاستی حکومەت دەست پێ بکەن و ئەوە هەنگاوێکی باشە.

### ئەرکەکانی وەزارەت لە بەرانبەر بەرنامە چاکسازییەکە

*** هـــاوکات لەگەڵ ئـــەو بارودۆخە، بەڕێز مسعود بارزانی ســـەرۆکی هەرێمی کوردستان بەرنامەی چاکسازی ڕاگەیاند، جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیەش بەشێکی گرنگی ڕووبەڕووی وەزارەتی ناوخۆ بۆوە وەك وەزارەت، بەشێکیشی پێویستی بە هاوکاری هێزەکانی وەزارەتی ناوخۆ هەبوو بـــۆ جێبەجێکردنی، ئایا بەشـــێوەیەکی گشـــتی چۆن ســـەیری بەرنامەی چاکسازی ســـەرۆکی هەرێم دەکەن؟ هەروەها ئایا بۆ ئەو بەشەی کە بەر وەزارەتی ناوخۆ دەکەوێت چیتان کردووە؟**

- پرۆسەی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان پرۆسەیەکی بەردەوام و گشتگیرە، جێبەجێکردنی بەرنامەی چاکسازی پێوەندی بەسەرجەم دەزگاو کایەکانـــی حکومەت و حزبـــەکان و تا خودی تاکەکانی کۆمەڵگەشەوە هەیە، ئەوەی پەیوەستە بە وەزارەتی ناوخۆوە ئێمە پشتگیری تەواو لەم بەرنامە چاکســـازییەی بەڕێز سەرۆکی هەرێم دەکەین و هەر ئەرکێك بە وەزارەت بســـپێردرێت ئێمە جێبەجێی دەکەین و بە ئەرکی سەرشـــانی خۆمانی دەزانین.

*** بڕیـــار بـــوو وەزارەتـــی ناوخۆ لەســـەر کەمکردنەوەی پاسەوانی بەرپرسەکان راپۆرتێك بداتە لیژنەی چاکسازی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردســـتان، ئایا ئـــەو راپۆرتەتان پێشـــکەش کردووە؟ ناوەڕۆکی راپۆرتەکە جەخت لەســـەر چی دەکاتەوە؟**

## بارودۆخی پارتە سیاسییەکان بەپێی یاسای ژمارە ١٧ی ساڵی ١٩٩٣ هەموارو ڕێکخراوەو ئەو ڕێوشوێنانەی بۆ مۆڵەتدانی پارت و ڕێکخراوو بزووتنەوە سیاسییەکانن بەڕوونی لە یاسای سەرەوە ئاماژەی پێکراوە

- لیژنەیەکی باڵا بە فەرمانی سەرۆکایەتی هەرێم دەرچوو بۆ دیراسەکردن و پێداچوونەوەی لیستی پاسەوانی بەرپرسە حکومی و حزبیەکان، لیژنەکە نوێنـــەری وەزارەتـــی ناوخۆ لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگەو ئاسایش و هێزەکانی تر. و ئەم لیژنەیە راپۆرتەکەیان بۆ ئێمە بەرزکردۆتەوەو ڕەوانەی ســـەرۆکایەتی ئەنجومەنـــی وەزیران و ســـەرۆکایەتی هەرێـــم کراوە بەمەبەســـتی بڕیـــاردان، ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکـــەی لیژنەی



باڵای دیراسەتکردن و پێداچوونەوەی لیستی پاسەوانی بەرپرسانی حکومی و حزبییەو زیاتر جەخت لەسەر کەمکردنەوەی ڕێژەی پاسەوانی بەرپرسەکان دەکات بەبەراورد لەگەڵ بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان.

*** هەر لە چوارچێوەی گۆڕانکارییەکاندا، ئێستا ژمارەیەکی زۆری بەڕێوەبەری ناحیەو قائیمقامەکان ئاڵوگۆڕیان پێدەکرێت، ئایا ئەمە گواستنەوەیە یان جێگۆڕکێ؟**

- بڕیار وابوو لە ساڵی ٢٠٠٩ لەگەڵ یەکگرتنەوەی ئیدارات و هەردوو وەزارەتی ناوخۆ لە هەولێر و سلێمانی، یەکگرتنەوەکە گشتگیر بێت و لە هەموو پێکهاتەو کایەکانی

**بەپێی ئەم هۆشیارییەی ئێستا بەدی دەکرێت لە نێو کۆمەڵگادا دەبینین ڕێژەی سکاڵاکان لە زیادبوونەو بەدواداچوونی یاسایی وەردەگیرێت لەسەر ئەوانەی پێشێلی مافی ئافرەتان دەکەن یان توندو تیژییان بەرامبەر ئەنجام دەدەن**

وەزارەت ڕەنگ بداتەوەو بەنیازین لە ماوەیەکی نزیکدا چەند قائیمقامێك جێگۆڕکێ پێ بکەین لە سنووری سلێمانی و گەرمیان بۆ هەولێر و دهۆك و بە پێچەوانەشەوە، ئەوەش هەنگاوێکی تەندروستە لە ئایندەدا زیاتر کاری لەسەر دەکرێت.

*** بەهۆی ئەو پەرەپێدانە خێرایەی کە بەهۆی فراوانبوونی گوندو ناحیەکان بە خۆیانەوە بینیوە، ئێستا وا پێویستە هەندێك گوند بکرێتە ناحیەو هەندێك ناحیەو کۆمەڵگە بکرێنە قەزا، ئایا هیچ بەرنامەیەکتان بۆ ئەم لایەنە هەیە؟**

- فراوانبوونی گوند بۆ ناحیە یان ناحیە بۆ قەزا ئەوە بەپێی یاسا ڕێکخراوە و پێویستە لەڕووی ژمارەی دانیشتووان و جوگرافیای سنوورەکەوە دەستکاری بکرێت، لە ساڵانی ڕابردوو چەندین گوندو کۆمەڵگەی فراوانمان کردووە بەناحیە وەك ناحیەی رزگاری و کەورگۆسك و باسرمە لە هەولێر و هەروەها لە دهۆك و سلێمانی و گەرمیانیش بە هەمان شێوە، هەروەها چەند ناحیەیەکمان کردووە بە قەزا وەك شارەزوور و قەرەداغ لە سنووری سلێمانی و بەردەرەش لە دهۆك و قەزای خەبات لە هەولێر، بەڵام لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵ ئێستا لە خۆئامادەکردندان بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی سەرژمێری، بۆیە ئەم گۆڕانکارییە ئیدارییانە سەرجەمی وەستاون و ئەم بابەتە زیاتر بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان جێبەجێ دەکرێت.

*** وەزارەتی ناوخۆ لەگەڵ کۆمەڵێك وەزارەت کاری هاوبەش و هەماهەنگی هەیە، لەبەر ئەوەی زۆربەی وەزارەتەکان لە جێبەجێکردنی بەرنامەکانیان پێویستیان بە پشتگیری هێزەکانی ناوخۆیە، هەر بۆ نموونە لە مەسەلەی نەهێشتنی زێدەڕۆیی زەوی و کارئاسانی بۆ وەزارەتەکانی دیکە پێشکەش دەکات، بەتایبەتی لە هەردوو بواری نەهێشتنی زێدەڕۆیی و جێبەجێکردنی ڕێنمایی باڵەخانە گشتی و هۆتێلەکان؟**

- وەزارەتی ناوخۆ کە جێبەجێکاری یاساو هەماهەنگییە لەگەڵ سەرجەم وەزارەت و دەزگاکانی فەرمی حکومەت، بۆ نموونە لە مەسەلەی نەهێشتنی زێدەڕۆیی زەوی لە پارێزگاو قائیمقامیەت و ناوەندی ناحیەکان لیژنەی هەڵگرتنی زێدەڕۆیی هەیە بە سەرپەرشتی سەرۆکی یەکەی کارگێڕی و بەهەماهەنگی لەگەڵ شارەوانییەکان و دادگادا، کە ئەرکیان بینینی ئەو کێشانەیە کە بە کێشەی زێدەڕۆیی زەوی و موڵك ناسراوە، دەربارەی باڵەخانە گشتی و هۆتێلەکان لیژنەی بەدواداچوونمان هەیە لە قائیمقامیەت لەسەنتەری شارەکان کە ئەم کارە دەگرنە ئەستۆ بەهاوکاری دەزگا پێوەندیدارەکان.

**هەوڵماندا‌وەو بەبەردەوامی شەقامەکانی ناوشارو شارۆچکەکان ڕێکبخەین و سیستەمی ترافیکی نوێ تیایدا بچەسپێنین**

*** لایەنی ئۆپۆزسیۆن بەو جۆرە ئاماژە بە هێزەکانی ناوخۆ دەکەن، وەك هێزی پارتی و یەکێتی، ئایا بەڕاستی هێزەکانی ناوخۆ لەلایەن پارتی و یەکێتییەوە کۆنترۆڵ کراون و ئێوەش تەنیا بەرگری لە پارتی و یەکێتی دەکەن؟**

- هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لەسەرجەم هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان پێکهاتووە بەشێکیان دەگەڕێنەوە بۆ پێش ڕاپەڕین

بەتایبەتی ئەفسەرانی مسلکی و بەشێکی تریان دەگەڕێنەوە بۆ دوای راپەڕین کە بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە لە ریزەکانی هێزەکانی ناوخۆ دامەزراون و یان لە کۆلیژەکانی پۆلیس وەرگیراون ئەمانە پارتی تێدایە، یەکێتی تێدایە، گۆڕانی تێدایە و سەرجەم پێکهاتەکانی دیکەی نێو کۆمەڵگەی کوردستان تێدایەو باشترین پێوەر لەلایەن ئێمەوە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم هێزانە دڵسۆزی و چالاکییانە، وەزارەتی ناوخۆ بە هەموو پێکهاتەکانیەوە دەزگایەکی هەستیاری پێکهاتەی حکومەتی هەرێم و پەرلەمانە، پەرلەمانیش ئیرادەی هەموو هاووڵاتیانی کوردستانە، بۆیە بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی هەموو تاکێکی کۆمەڵ دەکات، بۆ نموونە ئەگەر هاووڵاتییەك پێوەندی بە پۆلیسی فریاکەوتن یان پۆلیسی بەرگری شارستانی بکات کێشەیەکی هەبێت یان ماڵی سووتابێت ئێمە ڕاستەوخۆ دەگەینە شوێنی ڕووداو بەبێ ئەوەی بپرسین ئەم هاووڵاتییە سەر بە چ چین و گرووپ و لایەنێکە، تەنانەت ئەگەر خەڵکی هەرێمی کوردستانیش نەبێت ئێمە وەك هاووڵاتییەکی کوردستان مافەکانیان دەپارێزین.

**هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لەسەرجەم هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان پێکهاتووە، پارتی تێدایە، یەکێتی تێدایە، گۆڕانی تێدایەو سەرجەم پێکهاتەکانی دیکەی نێو کۆمەڵگەی کوردستانی تێدایە، باشترین پێوەر لەلایەن ئێمەوە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم هێزانە دڵسۆزی و چالاکییانە بۆ کاری فەرمی خۆیان**

**یاساکانی هاتوچۆو گۆڕانکارییە نوێیەکان**

*** لەبواری هاتووچۆ، خەڵك گلەیەکی زۆری هەیە، بەتایبەتی کە ئۆتۆمبێلێکی هێجگار زۆر دێنە کوردستان، ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی کە قەرەباڵغی دروست بێت، هەروەها لەبواری پێدانی مۆڵەتی شوفێریش بەئاسانی مۆڵەت دەدەنە هەموو کەسێك، پرسیار ئەوەیە ئایا بۆ پێداچوونەوە بەم لایەنە ناکەن، یاخود ئایا بەرنامەتان چییە بۆ ئەوەی ئەم لایەنە کۆنترۆڵ بکەن؟**

- دەربارەی هاتنی ئۆتۆمبێل بۆ ناوەوەی هەرێمی کوردستان، ئێمە سیستمێکی گونجاومان داناوە ئەویش ساڵ بەساڵ تەنیا ئەو ئۆتۆمبێلانە ڕێگەی پێ دەدرێت بێتە کوردستان کە تەنیا (٢) ساڵ لەسەر دروست کردنیان تێپەڕی بێت و ئەم سیستەمە لە هەموو عێراق کاری پێ دەکرێت و سەرەڕای ئەوەش پێویستە بۆ تۆمارکردنی ئەو ئۆتۆمبێلانەش ئۆتۆمبێلێکی کۆن هەڵبووەشێتەوە یان ژمارەی تۆمارکردن بە بڕێك پارە دیاری کراوە، ئەگەر لە هەرێمی کوردستان بڕیاری قەدەغەکردنی هێنانی ئۆتۆمبیلی مۆدێل نوێش بدەین، ئەوا لە شارەکانی ناوەڕاست و باشوور دێتە ناو هەرێمی کوردستان، سەرەڕای ئەوانەش هەوڵمانداوە بەبەردەوامی شەقامەکانی ناوشارو شارۆچکەکان ڕێکبخەین و سیستەمی ترافیکی نوێ تیایدا بچەسپێنین جگە لە دانانی هێمای هاتووچۆ لە هەموو شوێنەکان و بۆ پێدانی مۆڵەتی لێخوڕین ئەوەش چەند ڕێوشوێنێکی یاسایی هەیە لە ڕووی تیۆری و پراکتیکی و جەستەیی هەموو کەسێك پێویستە پەیڕەوی بکات و لەتاقیکردنەوەکان سەرکەوتوو بێت، پاشان مۆڵەتی لێخوڕینی پێ دەبەخشرێت و بەنیازین لە ئایندەی نزیکدا سیستەمی ئەلیکترۆنی (کۆری) پەیڕەو بکرێت بۆ تاقیکردنەوە (ترای) بەڕای ئێمە کێشەکە زیاتر پێوەندی بە نەبوونی هۆشیاری یاسایی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی گشتییەوە هەیە. کە بەداخەوە هەندێك لە برا شوفێرەکان پەیڕەوی هێماکانی ترافیك و هاتووچۆ ناکەن یان پەیڕەوی پابەندبوون بە سیستەمی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل ناکەن بۆ ئەم مەبەستە ناچاربووین لە ڕێگای کامێرای چاودێرییەوە ڕۆژانە بە سەدان سەرپێچی تۆمار دەکرێت لەسەر ئەو شۆفێرانەی ئۆتۆمبیلەکانیان خێرا لێدەخوڕن و وێنەکانیان دەخرێتە نێو دۆسیەی ئۆتۆمبێلەکانیانەوە غرامە دەکرێن.

*** لایەنێکی دیکە کە کاری وەزارەتی ناوخۆیە، مەسەلەی مۆڵەتی ڕێکخراوەکانە، تا ئێستا مۆڵەتتان بەچەند ڕێکخراو داوە؟ ئایا ڕێوشوێنی یاسایی بۆ مۆڵەتی ڕێکخراوەکان چۆنە؟**

- تا ماوەیەك بەر لە ئێستا بەپێی هەردوو یاسای کۆمەڵەکان ژمارە ١٨ی ساڵی ١٩٩٣ و یاسای ڕێکخراوەکانی ژمارە ١٥ی ساڵی ٢٠٠١ ی هەموارکراو مۆڵەتمان دەبەخشییە کۆمەڵەو ڕێکخراوەکان بەڵام دوای دەرچوونی یاسای ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە پەرلەمانی کوردستانەوە مۆڵەتی سەنتەرو ڕێکخراوەکانمان ڕاگرتووەو چاوەڕێ دەکەین دەزگای ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دابمەزرێت و ڕاستەوخۆ سەر بە ئەنجوومەنی وەزیران دەبێت تاکو دووبارە بارودۆخیان ڕێکبخرێتەوە بەپێی یاسا نوێیەکەو لەساڵی ١٩٩٣ تاکو ئێستا نزیکەی ١٣٠٠ کۆمەڵەو ڕێکخراوو سەنتەر. تاد مۆڵەتیان پێدراوە.

**دواى دەرچوونی یاسای ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە پەرلەمانی کوردستانەوە مۆڵەتی سەنتەرو ڕێکخراوەکانمان ڕاگرتووەو چاوەڕێ دەکەین دەزگای ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دابمەزرێت و ڕاستەوخۆ سەر بە ئەنجوومەنی وەزیران بێت**

**دانانی ڕێو شوێنی یاسایی بۆ پارتەکان**

*** پارتە سیاسییەکان مۆڵەت لە وەزارەتی ناوخۆ وەردەگرن بەڵام وەك بیستوومانە مۆڵەتی وەزارەتی ناوخۆ کۆمەڵێك ڕێوشوێن هەیە کە نابێت پارتەکان بیبەزێنن، بۆ نموونە پێوەندی پارتەکان لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە، ئایا حاڵەتی بەم جۆرە ڕوویداوە؟ ئەگەر ڕوویداوە ئێوە وەك وەزارەتی ناوخۆ چیتان کردووە؟**

- بارودۆخی پارتە سیاسییەکان بەپێی یاسای ژمارە ١٧ی ساڵی ١٩٩٣ هەموارکراوەو ڕێکخراوەو ئەو ڕێوشوێنانەی بۆ مۆڵەتدانی پارت و ڕێکخراوو بزووتنەوەی سیاسییەکان بە ڕوونی لە یاسای سەرەوە ئاماژەی پێکراوە، هەر پارت و ڕێکخراوێکی سیاسی ئەگەر پێشێلی یاسا بکات ڕێوشوێنی یاسایی بەرامبەر دەگرینەبەر لە ڕێگای دادگاوە.

*** ناوبەناو هەندێك ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤ چەندین داتاو ئامار سەبارەت بە**

**ئاسایشی هەرێمی کوردستان تا ڕاددەیەکی باش پارێزراوەو خەڵکی هەست بەئارامی و سەقامگیریی تەواو دەکەن، هەر ئەوەشە وایکردووە جووڵەی بازاڕ لە ئاستێکی دڵخۆشکەردا بێت و ڕێژەی وەبەرهێنانی بیانی و ژمارەی کۆمپانیا بیانییەکان و ژمارەی گەشتیاران ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو هەڵکشان بچێت**

**کوشتن و توندوتیژی دژ بە ئافرەت بڵاو دەکەنەوەو ئاماژە بەوە دەکەن، ئەم دیاردانە لە کوردستان ڕووی لە زیادبوون کردووە، ئایا ئێوە ڕاتان چییە بەرامبەر ئەو ڕاپۆرتانەو پێتان وایە ئەم دیاردەیە ڕوو لە زیادبوونن؟**

- بەڵێ ئێمەش ناوبەناو لە ڕۆژنامەو سایتەکانەوە هەستمان پێ کردووە، کە زۆر داتاو ئاماری نادروست و بێ سەرچاوە بڵاو دەکرێتەوە ئێمە ساڵانە لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەئافرەتان ئاماری کارو چالاکی و ڕووداوو تاوانەکانی تایبەت بە ئەنجامدانی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان بڵاو دەکەینەوەو بەپێی ئەم هۆشیارییەی ئێستا بەدی دەکرێت لە نێو کۆمەڵگادا دەبینین ڕێژەی سکاڵاکان لە زیادبوونەو

**لەپەرلەمانی عێراقیدا پەسەند کراوە کە لە مانگی ٩ەوە پۆلیس دەرماڵەی خێزان و منداڵ و پڕوانامەیان پێ بدرێت. ئەمە هەنگاوێکی باشەو ئێمە پشتگیری ئەوە دەکەین پۆلیسی هەرێمی کوردستانیش هاوشێوەی بەشەکانی دیکەی عێراق لێی سوودمەند ببن**

بەدواداچوونی یاسایی وەردەگیرێت لەسەر ئەوانەی پێشێلی مافی ئافرەتان دەکەن یان توندو تیژییان بەرامبەر ئەنجام دەدەن.

*** ماوەیەك لەمەوبەر بیستمان بەندیخانەیەکی هاوچەرخ لە هەولێر دەکرێتەوە، ئایا پرۆژەتان بۆ گۆڕینی بەندیخانەکان بۆ بەندیخانەی هاوچەرخ بۆ هەموو کوردستان چۆنە؟ ئایا بە نیازن بەندیخانەی هاوچەرخ لە هەموو ناوچەکانی کوردستان دروست بکەن؟**

- دەزگاکانی چاکسازی بەشێوەیەکی گشتی سەر بەوەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتین، بەڵام بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاگرتن و گواستنەوە(الموقوف والتسفیرات) سەر بە بەوەزارەتی ناوخۆن کە تایبەتن بەو تۆمەتبارانەی کێشەکانیان لەدادگا یەکلایی نەبوەتەوە، بۆ ئەوانیش تاکو ئێستا لەهەولێرو دهۆك و ئاکرێ و زاخۆ و سلێمانی و سۆران و گەرمیان بەپێی ستانداردی جیهانی بەندیخانەی نوێمان دروست کردووەو تێیدا ڕەچاوکردنی هەموو ڕێوشوێنێکی ژیانمان بۆیان ئامادە کردووە.

## عەبدولکەریم سوڵتان عەبدوڵا
## وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان

- لەساڵی ١٩٥٠ لە شەنگال لەدایکبووە.
- لەساڵی ١٩٧١ کۆلێژی یاساو ڕامیاری زانکۆی بەغدای تەواوکردووە.
- لەساڵانی ١٩٧١ تا ١٩٧٣ لەبەغدا کاری پارێزەری کردووە.
- پێشمەرگەی هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان بووە و لەسەرجەم قۆناغەکانی شۆڕشدا خزمەتی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستانی کردووە.
- لەساڵی ١٩٩٣ تاکو ١٩٩٤ بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی هەرێم بووە.

ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانە و لەساڵی ٢٠٠١ ەوە وەزیری ناوخۆیە تاکو ئێستا.



# ئوروپا، ترس ل منارەیان!!!

سەردار شەریف سندی *

تاکێ ئوروپایی د ناخدا تـرس هەیە ژ پێشڤەچون و پەرەسـەندنا دینێ ئیسلامێ ل ناڤ سنورێن ئوروپا و ب نەرینا وان منارەیێن مزگەفتان دەلالەت ژ داگیرکەری، دەسەڵات و هێز دکەن، ئەڤ داگیرکەری یا کولتوری و سیاسی و کومەلایەتییە. ئەڤەژی نە وەرگێرا راسـتەوخو و تەواوکـەرێ هەمـی ئاخافتنا کەسـایەتی پارلەمانتارێ ناڤدارێ دانمارکی سەر ب پارتی گەل یا نەتەوەپەرەست، قەشە و ئێك ژ روشنبیرێن سەر ب جەبهەیا راستگەرایا دانمـارك و ئوروپـا Søren Krarup، د بابەتـێ دا سـورێن کـراروپ، دیتـن و بیروبوچونێن خوە یێن دینی، سیاسی سەبارەت ب نەهێلانا دروستکرنا مزگەفتان و ئەوێن ب منارەڤە، کو خەلکێ سویسرا د راپرسی یەکێ ل دژی دەرکەفتن، تینیت سەر زمان. ئەو ڤێ ددەتە دیارکرن، کو بەرسـڤا رون و ئەشکەرە تا « نا» بو ڤێ خواسـتا موسـلمانان ژ ئالی هاولاتی و کریستیانێن سویسری ڤە، پێداگری و دەسـتنەبەردان ژ کولتور و رەسـەنایەتی یا دینێ مەسیحی- ئوروپایی یە. د بەردەوامی دا دبێژیت، ئەڤە گرینگـە، کو ئوروپایی ب خوە بزانن کو ئەو کی نە( ناسنامەیا ئوروپایی کرسـیتیانی)، بـەس پەیرەو کرنا سیاسـەتا «بەلێ» ل هەمبەر موسـلمانان، وەلێ هاتییە کو ئوروپی ژیان و کولتورێ خوە یێ رەسـەن بێخن بن مەترسـی. ئەڤە ئێك ژ وان هویانە، کو ئیرو ل هەر قوژبنەکێ وەڵاتێن ئوروپا پارتێن سیاسیێن نەتەوەپەرەست و راسترەو د پێشڤەچونێ دانە. سورێن کراروپ ڤان کەسایەتی و حزبێن سیاسی وەکی « مارشال»ێ شەرێ دینی و روشنبیری ئوروپا ناڤدبەت.


سـورێن کراروپ و هەڤالبەندێن وی ل دژی هنـدێ نە کو « سیسـتەمەك ئایدولوژی خوە مەسـتر و پیروزتر ژ هەمی موقەدەسـاتێن دی بزانیت.» ئەو ڤێ یەکێ وەکی قەیرانا سیاسی، دینی و روشـنبیری یا جیهانا ئیسـلام ددەت نیشـان دان و ب پێشـێلکرنا مافـێ مرۆڤی ناڤدبەت. پرانی یا روشـنبیرێن راسـتگەرایێن ئوروپا د ڤێ باوەرێ دانە، کو روژهەلات د وارێ پێگەهیشتن و هەروەسا ژی پێگەها پێشڤەچونێن سیاسی و روشـنبیری نەگەهیشتی یە ئاستێ ئوروپـا. ب خوە هەلوێسـت وەرگرتنا هاولاتیێن سویسرا سەبارەت ب مێنارەیێن مزگەفتان ئوروپا خستە ناڤ جولەیەك روشنبیری و سیاسی. هەر چەندە ب ئاشکەرە ناکوکیێن سیاسی، روشنبیری ل ئوروپـا ب ئاوایەك ئاشـکەرە تێتە بەرچاڤ، بەس کێشـەیا بونا ناکوکیێن دینـی د ناڤبەرا کریسـتیان و ئیسـلامێ، ئەو پتر نێزیکی ئێك کرن. ب رەنگەکێ کو حزب و لایەنێن راستگەرا و نەتەوەپەرەسـتێن ئوروپا ل دانمـارك، نورویژ، بریتانیا، هولەندا، فرانسا، ئیتالیا، ئەلمانیا و هتد، وەها بهێز بوینە، کو خاوەن هێزەك کاریگەرینە ل سەر دروستکرنا هەلوێستان ل هەمبەر موسلمان و ئیسلامێ ل ئوروپا. ئەڤ ب ئاوایەك ئاشکەرە و رون تێتە بەرچاڤ.

ئەو ڤێ یەکێ ژی ناڤەشێرن، بەلکو رەخنەیان ژی ئاراسـتەی کەسایەتیێن سیاسی یێن ئوروپا و ئەمریـکا دکەن ( کارەسـاتا ڤێ داوی یا نەرویژ ) کو ب هاوپەیمانێ سیاسی و لەشکەریێ خوە دزانـن، بویە ئەگەرا هنـدێ کو پرانی یا دیکتاتورێن جیهانا موسـلمان، چ دینی و چ خەیری دینی ل سـەر کورسیکا دەستهەلاتی بمینن. پەیرەو کرن ژ ڤێ سیاسەتێ هەتا رێژەیەك بەرفرە وژادانا روژئاڤـای یان هەژاندییە. بێ بەلگە و دەلیل نینە دەما سـەرۆکێ کومەلەیا مەغربی- دانمارکی « علی بیلاووی» رەخنە ل موسلمانان دگریت و دبێژیت، موسلمانان ب کریار بوینە هوێی هنـدێ کو ئەڤرو ژ هەمی ئالییەکێ ڤە هێرش بکەن سەر موسلمانان. ئەو ئاماژە ب ڤێ دکەت، کو موسلمانان د توانا دا نەبویە کو ب شـێوەیەك ئەرێنی هەول بدەن کە دین و رەوانگەهێن دینێ ئیسلامی بو ئوروپاییان رون و شـرۆڤە بکەن. ئەو د ڤـێ باوەرێدایە، کو موسـلمانان دەستەك مەزن د پەرەسەندان و پەیدابونا نەژادپەرەستی و پەیدا بونا دژایەتی ل هەمبەر دینێ ئیسـلامێ هەبویە. ئەگەرێ ڤێ ژی ئەو بو ڤێ راسـتی یێ دزڤرینیت کو موسلمانان ب هیچ شـێوەیەکی هەول نەداینە کو مزگەفتنـا بکەن جهێ پەروەردەکرنا دینی و روحێ ناسـین د گەل خودێ مەزن، بەلکو ب هەمی شێوازان هەول داینە مزگەفتان بکەن جهێ « پەروەردەیـا سیاسـی بـو مەرامێن سیاسـیی. ئەو دبژێت: کو ئیرو، « ئیسـلام و مزگەفـت» بونە تجارەتـەك باش و هندەك ل پێناڤ ب دەسـت ڤە ئانینا هەمی تشـتان، گەلێ موسـلمان د ناڤ بازنەیا بەرژەوەندیێن خوە « ئێخسـیر و دیل» گرتینە و دورکەفتن ژ تشـتەك وەها، نەیێ هندە ئاسانا و ئەو ئیمام و وتاربێژێن( خەتیب) مزگەفتن موسـلمانان تاوانبار دکەت.

* م. زانکوی دهوك



# ژیان بەسەربردن لەگەڵ «تاڵ»دا



پ. د. ئازاد نەقشبەندی*

گەر خۆمان لە موجامەلەی سیاسی بە دوور بگرین و لە گەڵ خۆمان و نەتەوەکەمان ڕاستگۆبین، شتێکی نوێ ناڵێین گەر بڵێین: «هیچ کام لە دەوڵەتانی دراوسێ کە وەك برای ئاینی خۆیان بە ئێمە دەناسێنن، نە دۆستی ئێمەن نە چاویان بە ئەزموونی هەرێمی کوردستان هەڵدێت». کردار و هەڵوێستی دوێنێ و ئەمرۆیان ئەم ڕاستییەی سەلماندووە کە نەك سیاسەتمەداران، بەڵکو خەڵکی ئاسایی سەر شەقامەکانیش دەیزانن و هۆکارەکەیشی ئاساییە دەگەڕێتەوە بۆ جۆری پێوەندیەکانی نێوانمان. ئەو پێوەندییانەی کە نە ئەوان پێناسەی ڕاستی بۆ دەکەن و نە ئێمەیش دەوێرین بە دەنگی بڵند بیڵێین، خۆی لە تاکە ڕستەیەکدا دەبینێتەوە کە بریتیە لە: «پێوەندی نێوان ئەوانی داگیرکەری کورد و کوردستان و ئێمەی نەتەوەو نیشتمان داگیرکراو». هەر خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنێکی تر، کە دەکرێت بۆ جۆری ئەم پێوەندیانە لە دەرەوەی ئەم ڕاستیە، جگە لە خۆخەڵەتاندن هیچی تر نییە و هیچی تر ناگەیەنێت. ئەوەیش کە زۆر گوێمان لێبووە و ئەوان و ئێمەیش گۆرانی زۆرمان پیاهەڵداوە تا بووتە وێردی سەر زمانی هەندێك لە سیاسەتمەدارەکانمان، لە یارمەتیدان و بەدەنگەوە هاتنی دراوسێکانمان لە ڕۆژە دژوارەکاندا، دیسان دەکەوێتە خانەی بەرژەوەندییە نیشتمانی و هەرێمی و نێودەوڵەتیەکانی ئەوان، کە ناتوانین لەم وتارە کورتەدا ئاماژەی بۆ بکەین و ڕوونی بکەینەوە. بێگومان دەبێت جیاوازیش بکەین لە نێوان هەڵوێستی دەسەڵاتی دراوسێکانمان و هەڵوێستی دڵسۆزانەو و لە بڕنەکراوی برا کوردەکانمان لەو وڵاتانە، کە بێگومانین لەوەی گەر ئازادبونایەو ڕێگایان پێبدرایە زۆر بەرزتر دەبوو لەوەی کە بینیمان.

لە ڕوانگەی ئەو ڕاستیانەی کە ئاماژەمان بۆکرد، کە جێگای داخە ڕاستیەکی «تاڵن»، دەبێت بڕوانینە هەڵوێستی دراوسێکانمان و هەڵیانسەنگێنین. شاعیری ئایین پەروەر و نەتەوە پەروەرو نیشتمان پەروەری کورد «مەلا حەسەنی قازی» ناسراو بە «شاهۆ» دەمێکە لە هۆنراوەیەکی درێژدا، کە لە ساڵی (١٩٤٨) دایناوە، بابەتیانە و بوێرانە بیروڕای خۆی بەرامبەر هەڵوێستی هاوسێیانی کورد دەربڕیوە و دەڵێت:

**بیر و بڕوام وایە من دەرحەق بە هاوسێ و دەوروبەر**
**ئەو سەگی هارە ئەمانیش گورگەمێش و جانەوەر**

ئەم جۆرە پێوەندیانەی نێوان ئێمەو دراوسێکانمان واقعیکی «تاڵە» بۆ هەردوو لامان و دەمێکیشە ئێمە گوێ بیستی ئەو پەندەین کە دەڵێت : «تاڵ بخۆ، تاڵ لەبەرکە، ژیان لەگەڵ تاڵدا بەسەر مەبە « بەڵام دیارە قەدەری ئێمەیە» ژیان لەگەڵ تاڵدا بەسەر بەرین « بۆیە دەبێت هەموومان فێری وانەی «ژیان بەسەر بردن لەگەڵ تاڵدا» بین .

«ژیان بەسەر بردن لەگەڵ تاڵدا» کارێکی گرانە هیوادارین لەم بارودۆخە ناهەموارەدا ئەم تێبینیانەی کە تۆماری دەکەین بتوانێت هەندێك ئاسانکاری لەم بوارەدا بکات:

١ – پێناسەکردن و پۆلێنکردنی دراوسێکانی هەرێم بە شێوەیەکی ڕاست وەك دەوڵەتانی داگیرکەر. نابێت بۆ تاکە چرکەیەك ئەوە لە یادکەین کە دەوڵەتانی دراوسێ، ئەزموونی هەرێمی کوردستان بە مەترسی گەورە دادەنێن لە سەریان و هەمیشە لە مەڵاسدان بۆ لەناوبردنی یان بەلای کەم بۆ لاوازکردنی. لە ڕوانگەی ئەم ڕاستیەوە دەبێت بڕوانینە دەوڵەتانی دراوسێ و چاوەڕێی هەڵوێستیان بین و بیانوو نەدەینە دەستیان بۆ ئەوەی بە ئامانجە گڵاوەکانیان بگەن .

٢ – هەڵسەنگاندنی بابەتیانەی بنەماکانی هێزی دەوڵەتانی دراوسێ و بنەماکانی هێزی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگاکانی ڕاگرتنی بەلانسی هێز لە گەڵیاندا .

٣- ڕەواندنەوەی مەترسی دەوڵەتانی دراوسێ، (داگیرکەرانی کوردستان)، بە ڕێگای ڕێزگرتن لە بەرژەوەندییە ڕەواکانیان کە گونجاون لەگەڵ پرەنسیپەکانی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی نێوانمان.

٤ – پاراستن و پتەوکردنی یەك ڕیزی نەتەوەکەمان و یەك هەڵوێستیمان بەرامبەر بەو پرسانەی کە پێوەندییان هەیە بە ئاسایشی نەتەوەی کوردەوە. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە بە پێویستی دەزانین کە هێزە کوردیەکان هەر یەك لە ئاوازێك نەخوێنن بەڵکو لە پێوەندی و دیالۆگی بەردەوامدابن لەگەڵ یەکتر.

٥ – برواپوون بە گرنگی بەهێزکردن و گەشەپێدانی ئەزموونی هەرێمی کوردستان وەك دەستکەوتێکی مێژویی بۆ هەموو نەتەوەی کورد و کارکردن بۆ پاراستنی لە هەموو مەترسیەك . هەر دوێنێ بوو، لە ڕۆژانی شەڕی نەگریسی ناوخۆی هەرێمی کوردستاندا برا کوردەکانمان لە بەشەکانی تری کوردستان گلەییان لێدەکردین و ئامۆژگارییان دەکردین و دیانووت پێمان : «پێویستە ئەزموونەکەتان وەك بیلبیلەی چاوەکانتان بپارێزن، چونکە جێگای هیوا و ئومێدی هەموومانە». ئەمڕۆ ئێمە هەمان ئامۆژگاری ئاراستەی ئەوان دەکەینەوە !

٦ – دەبێت پێش هەموو کارو ڕەفتارێك پرسیار لە خۆمان بکەین: ئەو کارەی کە بەتەماین ئەنجامی بدەین چەند سوود یان زیان بە بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەی کورد دەگەیەنێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێت هەڵوێست و کردارمان دیاری بکات لەم بوارەدا دەبێت بەرژەوەندییە تاکلایەنی و حزبیەکان بکرێنە قوربانی بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەی کورد.

٧ – خۆگونجاندن لەگەڵ سیستیمی نوێی جیهان و سوود وەرگرتن لەو دەرفەتە نیشتمانی و هەرێمی و نێودەوڵەتیانەی کە بە ڕووی دۆزی کورددا کراونەتەوە. لەم بوارەدا دەڵێین: «لەم ساتە هەستیارەدا مەلە کردن دژ بە تەوژم لە بەرژەوەندی دۆزی کورددا نییە».

کاتێك پەیڕەوی ئەو خاڵانە دەبین کە ئاماژەیان بۆ کراوە دراوسێکانمان تێدەگەن و بڕوا دێنن کە ئێمە تاکە لایەن نابین کە چێژی «تاڵ»ی دەکەین .

لە کۆتاییدا دەڵێین : «هیوادارین کە هەموومان،(ئێمە و دراوسێکانمانیش)، فێری وانەی«ژیان بەسەر بردن لەگەڵ تاڵدا» بین بۆ ئەوەی بتوانین چێژی «تاڵ»ی کەم بکەینەوە و بە برا ئاینییەکانیشمان دەڵێین:» دیاری و جەژنانەی ڕەمەزانمان بەدەست گەیشت، هیوادارین جەژنانەی قوربان جۆرێکی تر بێت».

# پێشێلکردنی دەستووری عێراق سەپاندنی تاکڕەوییەو گەڕانەوەیە بۆ دیکتاتۆری



ئێستا خەمی هەموو هاووڵاتیانی وڵاتانی عەرەبی و دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســت ڕووخانی ڕژێمە دیکتاتۆرەکان و نووسینەوەی دەســتوورێکی نوێیە، ئەوان ئێستا پێیان وایە دوای نەمانی دیکتاتۆرەکان و نووســینەوەی دەســتوورێکی نوێ ئیدی هەموو کێشەکانیان کۆتایــی پێدێــت و هەنــگاو هەڵدەگرن بۆ دیموکراتی، بەڵام کاتێك ســەیری سیستمی

**کورد هەرگیز ئەو ڕاستییەی نەشاردۆتەوە کە دەستوور پردی پێوەندی و پێکەوە بەستنەوەی هەرێمی کوردستان و عێراقە. ئەگەر ئەم دەستوورە پێشێلبکرێت. ئەوا کورد هیچ پابەندبوونێکی بەعێراقەوە نامێنێتەوە**

حکومرانی عێراق دەکەین کە ماوەی ٨ ساڵە دیکتاتۆریەت ڕووخاوە و ماوەی پێنج ســاڵە دەستوورێکی سەردەمیانە نووســراوەتەوەو لە ٨٠٪ی زیاتری هەموو گەلانی عێراق دەنگیان پێداوە، بەڵام هێشــتا مەترســی تاکڕەوی و گەڕانەوە بۆ دیکتاتۆریەت و جێبەجێ نەکردنی دەستوورەکە هەڕەشــەیە لە ئایندەی عێراق، حکومەتی ئێســتای عێراق کە بەشێوەیەکی ئینتیقائیانە ســەیری دەســتوورەکە دەکات و ئەوەی لەبەرژەوەندی خۆی بێت پێوەی پابەند دەبێت و ئەوەی لــە بەرژەوەندی خۆی نەبێت پشــتگوێی دەخات، ئەمــەش بۆتە هۆکاری ئەوەی کە سەرجەم پرۆسە سیاسییەکە بکەوێتە مەترسی ئەوەی شەڕی ناوخۆیی و مەزهەبی و نەتەوەیی لێ ســەرهەڵبداتەوە، دروست ئەو مانایە وەردەگرێت لەکاتێکدا لەوڵاتانی دیکە هەموو هەوڵەکان بــۆ ئەوەن کە دیکتاتۆرەکان بڕوخێنــن، ئــەوا لەعێراقــدا جارێکی دیکە مەترســی ســەرهەڵدانەوەی دیکتاتــۆری و تاکڕەوێتی سەرهەڵدەداتەوە.

### تێپەڕاندنی یاسای نەوت و گاز بەشێوەیەکی تاکڕەویانە

هەفتــەی ڕابــردوو ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی عێراق ڕەشنووســی یاسای نەوت و گازی عێراقــی بەشــێوەیەکی تاکڕەویانە تێپەڕاندو ڕەوانــەی پەرلەمانی عێراقی کرد، ســەبارەت بە تێپەڕاندنی ئەم یاسایە موحسین ســەعدون پەرلەمانتاری لیستی کوردستانی لەپەرلەمانی عێراق بەمجۆرە لەسەر ئەم پرسە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن و وتی: (یاسای نەوت و گاز بــە بەرهەمی کۆشــش و قوربانیدانی هەموو عێراقیەکان دادەنرێت، لەمڕۆدا عێراق دەوڵەمەندترین وڵاتانــی جیهانە لە نەوتداوا لە ماوەی پەنجا ساڵی ڕابردوودا خەڵکی عێراق ســوودیان لەم ســەروەتە وەرنە گرتــووە. ئێمە دەمانەوێت بەپێی دەستوور یاسایەك بۆ نەوت و گاز دابڕێژرێت. لە ٢٠٠٧دا لە ناو ئەنجومەنی وەزیراندا ڕێککەوتن لەسەر ڕەشنووسی یاسای نــەوت و گاز کــرا، ئەویش بــە ڕەزامەندی هەموولایەنــە بەشــداربووە ئامادەبووەکان، لە نێویاندا هاوپەیمانی کوردستانی کە لایەنێکی گرنگ بوو لە دارشــتنی یاســای نەوت و گاز. ئەم نووســخەیەی یاسای نەوت و گاز لەلایەن حکومەتەوە بۆ ئەنجومەنی شــورای دەوڵەت ڕەوانەکرا بۆ ئــەوەی دواتر ڕەوانەی پەرلەمان بکرێت، بەڵام دووبارە دارشــتنەوەی بۆکرا لەم ئەنجومەنەدا، بە چەشــنێك هەندێ ماددە گۆڕدراون، کە هاوپەیمانی کوردستانی ئیعتیرازی لەسەرگرت و داوای کرد یاساکە بەو شــێوەیە بێت کە لە شوباتی ساڵی ٢٠٠٧دا لە ئەنجومەنی وەزیران ڕێککەوتنی لەسەرکراوە.

### پێشێلکردنی ١٩ خاڵەکەی وەرەقەی کوردی

دیارە هاوپەیمانی کوردستانی بۆ پێکهێنانی کابینــەی تازەی حکومــەت و بۆ چوونیەتی بەشــداری کردن لــە حکومەتــی عێراقدا، وەرەقەیەکی بە ١٩ خاڵ ئامادەکرد بۆ ئەوەی لەســەر بنەمای ئــەو ١٩ خاڵە بەشــداری لەحکومەتدا بــکات و بەپێی ئــەم ١٩ خاڵە چاوەڕێی ئەوەدەکرا کە سەرۆك وەزیرانی عێراق پابەند بێت بەو ١٩ خاڵە و ئەو ١٩ خاڵەش هەر هەمووی بۆ جێبەجێکردنی دەستووری عێراق بوو، ســەبارەت بەوەی تاچەنــد تێپەڕاندنی ئەم ڕەشنووســە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشــلکارییە بــۆ ١٩ خاڵەکە و دەســتووری عێراق، موحســین ســەعدون پەرلەمانتاری عێراق لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان وتی: (هاوپەیمانی کوردستانی دژی ئەو دەسکاریانە بوو کە ئەنجومەنی شورا زیادی کردبوو، بۆیە مەسەلەکە بەمشــێوەیە مایەوە و ئەنجومەنی نوێنــەران چاوەڕوانــی ئەوەبوو ڕەشنووســی یاســاکەی بنێردرێت بۆ ئەوەی موناقەشەی لەسەر بکرێت و بکرێتە یاسا، بەڵام حکومەت ئــەم یاســایەی نەنــارد کــە ڕێککەوتنی لەسەرکرابوو و لە وەرەقەی کوردیدا داواکرابوو، ئەم وەرەقەیە پێکهاتبوو لە ١٩ بڕگە، یەکێك لە بڕگەکان بریتی بوو لە دەرکردنی یاسای نەوت و گاز بەو شــێوەیەی لە نووسخەی کۆتاییدا هاتووە کە ڕەزامەندی لەسەردرابوو، بەم شێوەیە حکومەت ئەم ئیلتیزامەی جێبەجێنەکردو ئەم یاســایەی نەنارد بۆ پەرلەمان، لیژنەی نەوت و گازیش هەســتا بە دارشتنی پێشنیارێك بۆ یاســای نەوت و گاز، بەو ئیعتیبارەی مافی لیژنەکان پێشنیاری یاسا بکەن، ئەم لیژنەیەش نوێنەری تێکرای کوتلەکانی تێدابوو و هەموان بە سوپاسەوە بەشدارییان کرد لە پێشنیارکردنی یاســای نــەوت و گاز و کرایە بەشــێك لە ئەجێنــدەی کار و پێش جەژن خوێندنەوەی بۆ کرا و یاســایەکی باش بوو و زۆرێك لە کوتلە پەرلەمانیەکان بە یاســایەکی باشیان دەزانی، بەڵام کوتلەی دەوڵەتی یاسا ئیعتیرازیان گرت، بەوەی دەبێت ئەم یاســایە لەلایەن حکومەتەوە بێت و هۆڵەکەیان جێهێشت و نەتوانرا خوێندنەوە بۆ زیاتر لــە ٢٦ ماددەی یاســاکە بکرێت، ئەم ئیعتیرازەش ڕاســت نییــە، لەبەر ئەوەی مافی پەرلەمانە یاسا دابڕێژێت و پێشنیاری دارشــتنی یاســا بکات و ئەمەش مافێکی دەستوورییە. ئێمە دوای دەستپێکردنەوەی دەوام تووشــی سەرسوڕمان بووین بەوەی یاسایەکی نوێ هەیەو بەشــێوەیەکی ئیستســنائی و بە پەلە لــە ئەنجومەنی وەزیران موناقەشــەی لەسەرکراوە، کە زۆرێك لە وەزیرەکان ئامادەی

**ڕەشنووسی یاسای نەوت و گاز لەلایەن حکومەتەوە بۆ ئەنجومەنی شورای دەوڵەت ڕەوانەکرا بۆ ئەوەی دواتر ڕەوانەی پەرلەمان بکرێت. بەڵام دووبارە دارشتنەوەی بۆکرا. بە چەشنێك هەندێ ماددەی لێ گۆڕدراون. هاوپەیمانی کوردستانی ئیعتیرازی لەسەرگرت و داوای کرد یاساکە بەو شێوەیە بێت کە لە شوباتی ساڵی ٢٠٠٧دا لە ئەنجومەنی وەزیران ڕێککەوتنی لەسەرکراوە**

ئەو موناقەشەیە نەبوون. ئێمە ئەم نووسخەیەمان نەبینیــوە، بەڵام بەپێــی ئیدیعای حکومەت ڕەوانــەی پەرلەمان کــراوە، بــەڵام دوێنێ سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران ڕوونکردنەوەی دا و ڕایگەیاند هیچ نووســخەیەکیان بەدەست نەگەیشــتووە، کەواتە ناکۆکیەکە زۆر ڕوونە، حکومــەت دەیەوێــت یاســایەك دابڕێژێت و بیســەپێنێت بەســەر پەرلەماندا بــۆ ئەوەی دەریبکات، یاســای نەوت و گاز یاسایەکی گرنگ و مەترســیدارە، ئەگەر بە شێوەیەکی

نەکرێت، لەبەر ئەوەی ماددەی ١١١ دەستوور باس لـــەوەدەکات نەوت و گاز موڵکی گەلی عێراقە لە هەموو هەرێم و پارێزگاکاندا، دووەم ئەو دەسەڵاتەی حکومەتی فیدراڵی هەیەتی بەپێی ماددەی ١١٠ دەســـەڵاتی پەیوەست بە نەوت لـــە خۆناگرێت، دەســـەڵاتەکانی دیکە باســـکراوە، وەك سیاســـەتی دەرەوە، بەرگری و ســـەرژمێری، کە نزیکەی ٩ دەســـەڵاتە و دەتوانێت بیانســـەپێنێت بەســـەر هەموو هەرێم و پارێزگاکاندا، بەڵام دەســـەڵاتی پەیوەســـت بە ئیدارەکردنی نەوت دەســـەڵاتێکی حەسری نییە، ڕاستە لە دەستووردا باس لەم سەڵاحیەتە کـــراوە، بەڵام دەبێت هەرێـــم و پارێزگاکانیش بەشـــداری بکەن لە دەرهێنانـــی نەوت و لە سیاســـەتی نەوت لە ئایندەدا. لەبەر ئەوە ئێمە ئیعتیرازمان گرتووە لەســـەر ئەو نووسخەیەی وا بـــاس دەکرێت لەلایەن حکومەتەوە ڕەوانەی پەرلەمان دەکرێت و تەحەفوزمان هەیە لەسەر پرۆژە یاسای شـــوباتی ٢٠٠٧ و پشتیگری ئەو پێشـــنیارە دەکەین کە لە پەرلەماندا کراوە بۆ دارِشـــتنی یاسای نەوت و غاز، واتە ئێمە پشتگیری پرۆژەی یاســـای نەوت و گازی شـــوباتی ٢٠٠٧ و یاســـای لیژنەی نەوت و غازی پەرلەمان دەکەین و هەر یاســـایەکیان بخرێتەبەردەم ئەنجومەنی نوێنەران ئێمە پێمان وایە هەموو لایەنە سیاسییەکان ڕازی دەکات، ئەمەش هۆکاری ئەو ناکۆکیەیە کە ڕوویدا).

**دەستووری عێراق مافی بەهەرێم و پارێزگاکان داوە ڕۆڵیان لەسیاسەتی نەوت و گازدا هەبێت**

لەگـــەڵ ئەوەی بەپێی دەســـتووری عێراق کۆکردنـــەوەی داهاتەکانی نـــەوت دەکەوێتە چوارچێـــوەی دەســـەڵاتەکانی حکومەتـــی فیدرالـــی، بەڵام هـــەر دەســـتووری عێراق سیاسەتی نەوت و گازی حەسەری نەکردووە بەدەســـەڵاتی حکومەتی فیدرالی، سەبارەت بەم لایەنە یاســـاییە، پرسیارمان لە یاساناسی عێراقـــی تاریق حەرب کـــرد و لەوەڵامی ئەم پرسیارەشـــدا بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتـــی: (مەرجەعی هەموومان بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانمان دەستوورە، سەبارەت بەم مەســـەلەیەش لە دەستووردا بە راشکاوی هاتووە، لە ماددەی ١١١ی دەستوور روونە کـــە دەڵێت نەوت و گاز موڵکی گەلی عێراقیـــە لەهەمـــوو هەرێم و پارێـــزگاکان، گەر ئەم رســـتەیە بخوێنینەوە چی دەبینین؟ بێگومان ماددەکە دەڵێت «گەلی عێراقی»، ئایـــا گەلی عێراقی کێیـــە؟ ئایا حکومەتی هەرێم نوێنەرایەتیی گەلی عێراقی دەکات لە پارێزگاکانی خۆی یاخود حکومەتی فیدرالی لە «بەغـــدا»؟ لەلایەنێکی تـــرەوە، ئەگەر ماددەکانـــی ١١٢ و ١١٣ بخوێنینەوە دەبینین تارِاددەیەك بەتێروتەســـەلتر باسی دەکات، کە جۆرە دەســـەڵاتێکی بەو پارێزگا و هەرێمانە بەخشیوە کە بەرهەمە نەوتییەکان بەرهەم دێنن لەگەڵ ڕۆڵیان لە کێشـــانی سیاسەتەکان، با لەگـــەڵ یەکتری راســـتگۆبین، گرێبەســـت «کێکی نەوتی»یە، بەواتای، ئێوەیش دەزانن کـــە ئەمڕۆ کۆمپانیاکانی نـــەوت بەتایبەتی ئـــەو کۆمپانیانەی کە ناســـراون، یەك دۆلار نادەن لەدەرەوەی چوارچێوەی گرێبەســـتەکان، ئێستاش کرِۆکی مەسەلەکە لەسەر چۆنیەتی واژۆکردنی گرێبەســـتەکانە، بەو شـــێوەیەی کە ئایـــا واژۆکردنی گرێبەســـتەکان بخرێتە چوارچێـــوەی دەســـەڵاتەکانی حکومەتـــی ئیتیحـــادی یاخود بســـپێردرێت بـــە هەرێم و پارێزگاکان؟ دارِشـــتنی گرێبەستەکان چۆن دەبێت. لەســـەر ئەم مەســـەلەیە ئەنجومەنی وەزیرانـــی عێـــراق بەزۆرینـــە برِیاریانـــداوە گرێبەســـتەکان لـــە دەســـەڵاتی حکومەتی مەرکەزی بێت و «هاوپەیمانی کوردستانی»ش ڕای پێچەوانـــەی هەیـــە، ئەمڕۆیـــش «تۆپ»ـەکـــە لە گۆڕەپانەکەی ئەنجومەنی نوێنەرانـــە، لەڕێگەی دەنگـــدان ئەنجومەنی نوێنەران دەتوانێت پرِۆژە یاساکە هەمواربکات یان شـــت بخاتە سەری یانیش لێی فرِێبدات، بەڵام ناکۆکیی سیاســـی لەئارادا سەریهەڵداوە کە ڕەهەنـــدی ئابووریی لەپشـــتەوەیە، بەڵام دەستوور چۆن ئەم مەسەلەیە چارەسەر دەکات؟ بێگومان دەستوور دەڵێت پێویستە ئیدارەیەکی هاوبەش هەبێت لەنێوان حکومەتی ئیتیحادی و هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکانی نەوت، ئەمەیش شتێکی روون و ئاشکرایە، مەبەستم ئەوەیە ناکـــرێ حکومەتـــی فیدرالی بەغدا بەتەنیا ئیدارەی بـــکات، هەروەها هەرێمیش بـــۆی نییە بەتەنیـــا ئیدارەی بـــکات، دەقە دەســـتوورییەکان بە روونی ئاماژەیان پێداوە و دەڵێن کە ئیدارەکـــە بۆ حکومەتی ئیتیحادی و ئەو هەرێـــم و پارێزگانەیە کە نەوت بەرهەم دێنن، بۆیە ناکرێ ئیدارەکە لەدەست یەك لایەن بێـــت بە تەنیا. بۆیە لەم چوارچێوەیە و بەپێی ماددەی ١١٢ و١١٣ی دەســـتوور دەڵێم بەڵێ هاوپەیمانی کوردستانی مافی خۆیەتی داوا بکات کە ئیدارەکەی هاوبەش بێت.

**پێشێلکاری دەستووری لە پێناوی تاکرِەویدا**

کاتێك باســـی وردەکاری یاســـای نەوت و گاز لە هەندێك پسپۆر و تایبەتمەندی دۆسێی عێـــراق دەکەین، ئەوان راســـتەوخۆ واتێدەگەن کە لایەنی کوردی دەیەوێـــت داهاتی نەوتی کوردستان نەداتە حکومەتی فیدرالی لەبەغدا و دواکەوتنی یاســـای نەوت و گاز لەســـەر ئەو مەســـەلەیە، بەڵام لە بنەرِەتدا کێشـــەی

**ناکۆکیی سیاسی لەئارادا سەریهەڵداوە کە ڕەهەندی ئابووریی لەپشتەوەیە، بەڵام دەستوور چۆن ئەم مەسەلەیە چارەسەر دەکات؟ بێگومان دەستوور دەڵێت پێویستە ئیدارەیەکی هاوبەش هەبێت لەنێوان حکومەتی ئیتیحادی و هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکانی نەوت**

**حکومەت دەیەوێت یاسایەك دابرِێژێت و بیسەپێنێت بەسەر پەرلەماندا بۆ ئەوەی دەریبکات، یاسای نەوت و گاز یاسایەکی گرنگ و مەترسیدارە، ئەگەر بە شێوەیەکی ڕاست و دروست جێبەجێ نەکرێت، کێشەی لەسەر دروست دەبێت لەبەر ئەوەی ماددەی ١١١ دەستوور باس لەوەدەکات نەوت و گاز موڵکی گەلی عێراقە لە هەموو هەرێم و پارێزگاکاندا**

**نووسینەوەی دەستوور لەسەر پارچە کاغەزێك کارێکی زۆر زەحمەت نییە، بەڵام کارە زەحمەتەکە لەوەدایە کە ئەو دەستوورە بەلای هەمووانەوە پەسەندبێت، بەلای هەموو گرووپەکان و هەموو سیاسەتوانەکان، هەندێك جار سیاسەتوانەکان نایانەوێ بەپێی دەستوور بجووڵێنەوە، هەندێك جاریش لەوانەیە چەندین ساڵ بخایەنێت تا هەمووان سەرووەریی یاسا هەرسبکەن**

> **کێشەکە لەوەدایە هەمووومان لەگەڵ ئەو بۆچوونە هاوڕاین کە دیموکراسییەت شتێکی زۆر باشە، بەڵام وەدیهێنانی دیموکراسیەتێکی چەسپاو کارێکی زۆر زەحمەتە، نموونەیەکی دیار لەمبارەیەوە «رووسیا»یە**

دواکەوتنی ئەم یاسایە لەسەر ئەوەیە کە حکومەتی فیدرالی بەغدا نایەوێت پابەندبێت بەو دەستوورەوە، هەربۆیە دەستووری عێراقیش چەند دەستوورێکی مۆدێرن و دیموکراتیانە بێت کە جێبەجێ نەکرا بێجگە لە دیکۆمێنتیکی پەراوێز خراو شتێکی دیکە نابێت، سەبارەت بە مەترسی جێبەجێ نەکردنی دەستوور پرۆفیسۆر دان ریتەر ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانکۆی ئیمۆری Emory تایبەتمەند لەسەر عێراق سەبارەت بە رەفتاری ئێستای حکومەتی عێراق ئاماژەی بەوەکرد حکومەتی ئێستای عێراق لە حکومەتی ئێستای رووسیا دەچێت کە رۆژ لەدوای رۆژ لە دیموکراتی دوور دەکەوێتەوە، لەمبارەوە بەمشێوەیە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن و وتی: (کێشەکە لەوەدایە هەموومان لەگەڵ ئەو بۆچوونە هاوڕاین کە دیموکراسییەت شتێکی زۆر باشە، بەڵام وەدیهێنانی دیموکراسیەتێکی چەسپاو کارێکی زۆر زەحمەتە، نموونەیەکی دیار لەمبارەیەوە «رووسیا»یە، «رووسیا» هاوشێوەیە لەگەڵ «عێراق» لەلایەن دیکتاتۆرێك حوکمڕانی دەکرا و حکومەتێکی دیکتاتۆری هەبوو و خاوەن سامانێکی نەوتیی زۆر بوو، لەساڵانی ١٩٩٠ـەکان دەستیکرد بە هەنگاونان بەرەو دیموکراسیەت، ئەمڕۆیش لەساڵانی ٢٠١١ین، بەڵام دەبینین لە دیموکراسیەت دوورکەوتۆتەوە، بۆیە ئەمە رێچکەیەکی باو و هاوکات بێزارکارە کە وڵاتێك بڕیاربدات بۆ هەنگاونان بەرەو دیموکراسیەت و پاشان بۆی دەرکەوێت کە پرۆسەکە زەحمەتە و لەکۆتاییدا بەرەو دواوە بکشێتەوە. ئەمەش کاریگەری لەسەر بێ ماناکردنی دەستوورەکەش هەیە، لەبەر ئەوەی نووسینەوەی دەستوور لەسەر پارچە کاغەزێك کارێکی زۆر زەحمەت نییە، بەڵام کارە زەحمەتەکە لەوەدایە کە ئەو دەستوورە بەلای هەمووانەوە پەسەندبێت، بەلای هەموو گرووپەکان و هەموو سیاسەتوانەکان، هەندێك جار سیاسەتوانەکان نایانەوێ بەپێی دەستوور بجووڵێنەوە، هەندێك جاریش لەوانەیە چەندین ساڵ بخایەنێت تا هەمووان سەروەریی یاسا هەرسبکەن، لەبەرئەوەی دەستوور یاساکەیە و پێویستە قبووڵی بکەی تەنانەت گەر ناچاری کردی ئەو شتانە بکەی کە ناتەوێ ئەنجامیان بدەی، ئەمەیش بریتییە لە پەرەپێدانی سەروەریی یاسا و یەکێکە لە لایەنە زەحمەتەکانی پرۆسەی بەدیموکراتیزەبوون)).

پرۆفیسۆر ریتەر بەردەوامبوونی حکومەتی عێراق لەسەر ئەم رەفتارانەی بەمەترسی دەزانێت و پێیوایە عێراق هەمان چارەنووسی بۆسنە و هەرزەگۆڤینیایی دەبێت، لەمبارەوە بەگوڵانی راگەیاند: (سەبارەت بە چارەسەرنەکردنی کێشەکانی نێوان کورد و حکومەتی عێراق، من لەوە بەئاگام کە ئەمە مایەی نیگەرانییەکی زۆرە بەلای کوردەکانەوە و هاوکات مایەی نیگەرانییەکی زۆرە بەلای ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا-یشەوە، لەبەرئەوەی هەموو هاووڵاتیانی ئەمریکا خوازیارن «عێراق» ببێت بە خاوەن دیموکراسییەتێکی سەقامگیر، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە لەوانەیە «عێراق» لەگەڵ ئەزموونەکەی «بۆسنە» هاوشێوە بێت لەبەرئەوەی «بۆسنە» وەك «عێراق» خاوەن ٣ پێکهاتەی ئیتنییە و لەساڵانی ١٩٩٠ـەکاندا شەڕی گەورە لەنێوان گرووپە ئیتنییەکانی «بۆسنە» هەبوو، پاش پێکدادانەکان دیموکراسیەت بونیادنرا، بەڵام هاوشێوە لەگەڵ «عێراق» ئەوانیش لە «بۆسنە» دووچاری کۆسپ و بەربەست بوونەوە لە پێکەوە گونجاندنی ٣ گرووپە ئیتنییەکان)).

### رەوینەوەی ترسی گەڕانەوەی دیکتاتۆر

> **ئەوەی عێراقی یەکخستووە فیدراڵیە، بەوەی نەوت موڵکی هەموو عێراقیەکانە، ئێستا بەسرە بە دەوڵەمەندترین پارێزگا دادەنرێت لە رووی نەوتەوە، ناکرێت بڵێیت هەموو نەوتی بەسرە بۆ شارەکە بەکاردەهێنرێت و نادرێت بە عێراقیەکان، بە هەمان شێوە نەوتی کوردستانیش**

> **لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا حکومەتی نیشتمانی خاوەن دەسەڵاتێکی زۆر سنووردارە، لەکاتێکدا حکومەتەکانی ویلایەتەکان زۆر بەهێزن و شتەکان دیار و ئاشکران و هەموو لایەنێك دەزانن چی دەکەن، ئەمە بۆ «عێراق»یش سوودبەخش دەبێت**

### فیدرالیەتێك دەسەڵاتی هەرێمەکان تێیدا بەهێز بێت

کێشەی سەرەکی عێراق ئەوەیە کە حکومەتی فیدرالی ناتوانێت بەپێی ئەو دەسەڵاتە حەسریانەی دەستووری عێراق بۆی دیاریکردووە رەفتار بکات، لەبەر ئەوەی بەپێی دەستووری عێراق دەسەڵاتی هەرێمەکان فراوانە و دەسەڵاتی حکومەتی فیدرالی فراوانە، هەربۆیە کاتێك ئەم واقیعە لەلایەن حکومەتی ئێستای عێراق پێشێلدەکرێت هەستدەکرێت بەرەو مەیلێکی تاکرەوەی یان گەڕانەوە بۆ دیکتاتۆری هەنگاو هەڵدەگرێت، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لە پرۆفیسۆر مارك کاتز ئوستادی سیاسەت و حکومەت لە زانکۆی ماسۆن و تایبەتمەند لەسەر سیاسەتی رووسیا و پێوەندییە نێودەوڵەتیەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرد، سەبارەت بەم پرسە بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن و وتی: (بێگومان ئەوکاتە دەستوورەکە باشە کە کارا بێت و جێبەجێ بکرێت، بەڵام ئەگەرهاتوو پیادەنەکرا وجێبەجێ نەکرا، ئەوا بارودۆخێك دێتە پێشێ کە جۆرە نامتمانەیەك دروست بێت و هەروەها زەمینەی سەرهەڵدانی پێکدادان و توندوتیژی بێتە ئاراوە، هەروەها دەرکەوت کە بونیادنانی دیموکراسییەت لە «عێراق» زەحمەتە لەبەرئەوەی «عێراق» ئەزموونی نییە و وڵاتەکە بەدەست چەند رژێمێکی ستەمدار مەینەتیی چێژتووە، بۆیە بونیادنانی دیموکراسییەت زەحمەتیی تێ دەکەوێت، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە تەنانەت گەر زەحمەتییەکان هەرچیش بن، بەڵام هەنگاونانی حکومەت بۆ حوکمڕانیکردن بە شێوازێکی شمولی پێموایە سەرکەوتوو نابێت لەبەرئەوەی لەکۆتاییدا هاووڵاتیانی «عێراق» رێگەیەك دەدۆزنەوە بۆ بەدیموکراتیزەکردنی «عێراق»، هاوکات لەوانەیە هەندێك گۆڕانکاری رووبدەن و پێموایە یەکێك لە ئەگەرە بەهێزەکان لەبارەی

ئەو گۆڕانکارییانە سەربەخۆییە بۆ هەرێمی کـوردەکان و تەنانـەت گەر دانـی پێبنرێت یان نـا ئەوە هەر وەك دەوڵەتێکی سـەربەخۆ مامەڵەدەکات. هۆکاری ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر حکومەتی بەغدا بەردەوام بێت لەسـەر رەفتـارە تاکڕەوییەکانی، ئـەوا کوردەکان بەو شـێوەیە بیر دەکەنەوە کە نەمانەوەیان لەگەڵ عێراقدا سـوودی زیاترە، تاکە چارەسـەر بۆ وڵاتێکـی فرەنەتـەوەی هاوشـێوەی عێراق پیادەکردنـی سیسـتمی فیدرالیـە، ئـەم سیسـتمە بریتییە لەوەی دەسەڵاتی حکومەتە هەرێمیەکان بەهێزە و دەسـەڵاتی حکومەتی فیدرالی نیشـتمانی دەسەڵاتێکی سنووردارە، ئەمەش باشـترین چارەسـەرە.. بەڕای من عێـراق دەتوانێت ببێتـە دەوڵەتێکی فیدرالی باشترین گرەنتیشە بۆ ڕێگرتن لەگەڕانەوە بۆ دیکتاتـۆری، هەڵبەتە حوکمڕانیی بەرێگەی حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز بۆ دەوڵەتێکی وەك عێراق کارێکی ترسـناکە و دەبێتەهۆی سـەرهەڵدانی گرژی و ناڕەزایی، بەڕای من ڕوودانـی ئەم شـتە بیرۆکەیەکی زۆر خراپە، ئەوەی کە تێبیناگەم ئەوەیـە کە بۆ ئەوانەی «بەغدا» ئەم جـۆرە ڕەفتارانە ئەنجام دەدەن و بۆ بە شـتێکی باشـی تێدەگـەن؟ بەڵام ئەوەی ڕاسـتی بێت، باشـتر وایە هاووڵاتیان لەسـەر میتۆدی خۆیان ڕەفتاربکەن، هاوکات پێموایە کە باشـترین ئەنجام لە سیستەمەکە



تاریق حەرب بۆ گوڵان:

**مەرجەعی هەموومان بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانمان دەستوورە، لە ماددەی ١١٢ و ١١٣ی دەستووردا هاتووە، ئیدارە کێڵگە نەوتیەکان هاوبەشە لەگەڵ هەرێم و پارێزگاکان و بەتەنیا دەسەڵاتی حکومەتی فیدرالی نییە**



موحسین سەعدون بۆ گوڵان:

**تێپەڕاندنی یاسای نەوت و گاز لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بێجگە لەوەی پێشێلکردنی دەستوورە پابەند نەبوونە بە ١٩ خاڵەکەی وەرەقەی کوردیشەوە**

وەدەست دێنن گەر بێت و ببن بە خاوەن چەند حکومەتێکـی دیموکراسـیی لۆکاڵی بەهێز کە تیایدا هاووڵاتیان بەشـداربن، لەبەرئەوەی حکومەتێکـی ناوەندیـی لاواز دەبێتەمایەی بەرزڕاگرتنی سـەقامگیری، ئەم شـتە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕوویداوە کە حکومەتی نیشتمانی خاوەن دەسەڵاتێکی زۆر سنووردارە لەکاتێکدا حکومەتەکانی ویلایەتەکان زۆر بەهێـزن و شـتەکان دیار و ئاشـکران و هەمـوو لایەنێـك دەزانن چی دەکـەن، بۆیە پێموایە کە ئەمە بۆ «عێراق»یش سوودبەخش دەبێت، بۆیە یان ئەوەیە هاووڵاتیانی «عێراق» لەڕێگەی مومارەسـە و ئەزموون بگەنە ئەم ڕاسـتییە، یانیش ئەوەیە کاتەکە زۆر درەنگ دەبێت بەو ئاستەی کە «عێراق» دابەش بێت و ئیرادەیەکـی بەهێز نەمێنێت بۆ پاراسـتنی «عێراق» وەك دەوڵەتێکی یەکپارچە. هەربۆیە لە دوماهیدا دەڵێم «عێـراق» دەوڵەتێکە کە خـاوەن کۆمەڵێك سـەرچاوەیە، نـەك تەنیا لـەڕووی سـامانە پترۆلییەکانـەوە، بەڵکو هاووڵاتیانی «عێراق» کەسانێکی خوێندەوار و ژیر و کارکەرن، بۆیە فاکتەرەکان ڕەخسـاون بۆئـەوەی «عێـراق» ببێت بـە وڵاتێکی سـەرکەوتوو، بەڵام ئەوەی کە لێرەدا پێویستە خۆگونجاندن و پێکەوەکارکردنە لەنێو پێکهاتە جیاوازەکان و تا ئەو شـتە نەکەن سەرکەوتوو نابـن، ئەمریکا دەردەچێـت و هەرچەندە کە کارێکی زۆر باشیان ئەنجامداوە، بەڵام ئێستا مەسەلەکە پەیوەست بە عێراقییەکان دەبێت بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە).

### مەترسییەکانی دوای پێشێلکردنی دەستوور

کورد هەرگیز ئەو ڕاستـییەی نەشاردۆتەوە کـە دەسـتوور پـردی پێوەنـدی و پێکەوە بەسـتنەوەی هەرێمی کوردسـتان و عێراقە ئەگەر ئەم دەسـتوورە پێشێلبکرێت، ئەوا کورد هیچ پابەندبوونێکی بەعێراقـەوە نامێنێتەوە، سـەبارەت بەم لایەنە موحسـین سـەعدون پەرلەمانتـاری هاوپەیمانـی کوردسـتان لە پەرلەمانی عێـراق لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان بەمجۆرە هەڵوەستەی لەسەر ئەم لایەنە گرنگە کرد و وتی: (ئەو تەوافوقەی لە کاتی نووسینەوەی دەستوور کرا و ئێستاش ململانێی هەموو هێزە سیاسـییەکانی عێراق ئەوەیە کە دەبێـت هەمووان لە چوارچێـوەی ئەوەی لە دەستووردا هەیە مافەکانی خۆی وەربگرێت. لەبـەر ئەوە ناکرێت ئەم مافـە لە هەرێمەکان یان پارێزگاکان وەربگیرێتەوە، کە پەیوەسـتە بە سـەروەتێکی گرنگ و هەموو ئاییندەی عێراقیش دەوەستێتەسـەر ئەو سەروەتە. ئێمە دەڵێین داهاتی نەوت بـۆ هەموو عێراقیەکان بێت، بەڵام دەبێت ئیدارەکردنی دەرهێنانی نەوت و ئەو کۆمپانیایانەی لە هەرێم و پارێزگاکاندا کاردەکـەن بە هاوبەشـی بێـت لەگەڵ ئەم هەرێـم و پارێزگایانـەدا. بـە پێچەوانەی ئەوەوە کێشـەگەلێکی زۆر ڕوودەدەن، ئەوەی عێراقی یەکخسـتووە فیدراڵیە، بەوەی نەوت موڵکی هەموو عێراقیەکانە، ئێسـتا بەسرە بە دەوڵەمەندتریـن پارێـزگا دادەنرێت لە ڕووی نەوتەوە، ناکرێت بڵێین هەموو نەوتی بەسرە بۆ شارەکە بەکاردەهێنرێت و نادرێت بە عێراقیەکان، بە هەمان شێوە نەوتی کوردستانیش، ئێمە ناڵێین نەوتی کوردستان نادەین بە کەسی دیکە، بەڵکو



مارک کاتز بۆ گوڵان:

**ئەگەر لەعێراقدا فیدرالیزم لەسەر بنەمای حکومەتی هەرێمی بەهێز و حکومەتی فیدرالی سنووردار پیادە نەکرێت، عێراق پارچە پارچە دەبێت**





دان ریتەر بۆ گوڵان:

# عێراق وەک رووسیا رۆژ لەدوای رۆژ لە دیموکراتی دوور دەکەوێتەوە، بۆیە مەزندە دەکرێت هەمان چارەنووسی بۆسنەی هەبێت

داهاتەکەی بۆ هەموو عێراقیەکانە، بەڵام کاتێك کۆمپانیاکان دێن بۆ کارکردن لەسەر بیرە نەوتەکانی هەرێم یان پارێزگاکان، ئەوا دەبێت ڕەزامەندی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی مەحەلی پارێزگاکانی لەسەر بدرێت، ئەمە مافێکی ڕەوای هەر هەرێم و پارێزگایەکە، بەوەی مافی ئەوەیان هەیە ئەو کۆمپانیایانە هەرێمەکە یان پارێزگاکە ئاوەدان بکەنەوەو بێکاری نەهێڵن، واتە ناکرێت ئیدارە بەدەستی حکومەتی مەرکەزی بێت لە کاتێکدا دەستوور ئەم دەسەڵاتەی بەم حکومەتە نەداوە. بە شێوەیەکی گشتی پێت دەڵێم بە بەشداربوونمان و ئیدارەکردنمان و بە ڕەزامەندی خۆمان لەسایەی حکومەتی فیدراڵدا لەگەڵ عێراقدا یەکمان گرتووە و بەشداریمان لە حکومەتی فیدراڵیدا کردووە و بەشداریمان لە نووسینەوەی دەستوور و بەشداریمان لە پەرلەمان و حکومەتدا کردووە، ئێمە پێمانوایە عێراق یەکگرتووە و فیدراڵی مافێکی ڕەوایە و ناوە ناوە دەبینین زۆرێك لە پارێزگاکانی دیکەش داوای پێکهێنانی هەرێم دەکەن. ئەوە خەونێکە لە خەونەکانی ئێمە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان لەسەر نەخشە دەوڵەتێکی یەکگرتوو، دەوڵەتێکی کوردی دەرکەوێت، بەڵام ئێستا هەلومەرجی نێودەوڵەتی لە ئێران و تورکیاو ئەو شۆڕشانەی لە وڵاتە عەرەبیەکان ڕوودەدەن وامان لێدەکەن چاوەڕوان بین، ئەمرۆ ئێمە لە عێراقدا خزمەت دەکەین و بەشێکین لە عێراق و بەرگری لە هەموو خەڵکی عێراق دەکەین و لە ئێستادا نامانەوێت لەم مەسەلەیە دووربکەوینەوە).

مایکڵ نایت ڕاوێژکاری پێنتاگۆن بۆ کاروباری عێراق بۆ گوڵان:

# حکومەتی ئێستای عێراق دەیەوێت هەرێمەکان و پارێزگاکان ئەو دەسەڵاتەیان نەبێت کە دەستوور پێی داون



**مایکل نایت توێژەری باڵایە لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراساتی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نزیك و تایبەتمەندە لەسەر کاروباری سەربازی و ئاسایشی عێراق و ئێران و یەمەن و دەوڵەتانی عەرەبی لە کەنداو.**
**پرۆفیسۆر نایت وەك راوێژکاری پێنتاگۆن زۆر بەچڕی سەردانی عێراق و دەوڵەتانی کەنداوی کردووە و لەساڵی ١٩٩٠ـەوە یەکێك بووە لەئەندامانی ئەو تیمەی زانیاری لەسەر عێراق کۆکردۆتەوە، هەروەها دیراسەتی لەسەر ئەو وانانە کردووە کە ئەمریکا لەهەردوو پرۆسەی سەربازی دژی عێراق لە ساڵانی ١٩٩٠ـەوە تائێستا ئەنجامیداون، ئێستا پرۆفیسۆر نایت لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراساتی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نزیك یەکێکە لە توێژە دیارەکانی دۆسیێی عێراق، سەبارەت بەرەوشی ئێستای عێراق و کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، پێوەندیمان بەپرۆفیسۆر نایت کرد و لەسەر ئەو پرسانە چەند پرسیارێکمان ئاراستەکرد و بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

*** کێشەی سەرەکی وڵاتە عەرەبی و ئیسلامیەکان بریتییە لە بوونی دیکتاتۆر و دەسەڵاتە سەرکوتکارەکان، ئەم دەسەڵاتانە مافەکانی مرۆڤ و مافی کەمینەکان و گروپە ئیتنییەکانی دیکەیان وڵاتەکەیان پێشێلکردووە، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی هێشتا ئەم دیکتاتۆرانە لەدەسەڵاتدان؟**

- من نامەوێت باسی عێراقی ئەمڕۆ بکەم، ئەگەر بەخێرایی باسی ئەم مەسەلەیە بکەین، ئەوا ئەوەی لە لیبیا، سوریا و ئێراندا دەبینین، ئەو ڕاستیەیە کە ڕزگاربوون لە ڕژێمە سەرکوتکارەکان زۆر دژوار نییە وەك ئەوەی دەردەکەوێت، وەك لە میسریش بینیمان، بەڵام لە شوێنەکانی دیکەدا بۆ ماوەیەکی درێژتر خۆیان ڕاگرتووە. هەندێ لەم ڕژێمانە، کە ڕژێمی سەددام حوسێنیش هاوشێوەی ئەم ڕژێمانە بوو، ڕزگاربوون لێیان زۆر زەحمەتە، بۆ نموونە ئێمە لە ڕاپەڕینی ١٩٩١ لە عێراق بینیمان ئەم ڕژێمانە بەرگریەکی زۆریان هەیە، هێزێکی زۆریان لەسەر شەقام بەکارهێنا، واتە هێزی سەربازی ئەم ڕژێمانە هێزێکی گەورە و بەرچاو بوو.

*** بەڵام بە پێچەوانەی وڵاتە عەرەبی و ئیسلامیەکانەوە چاوەڕوان دەکرا دوای ڕووخانی ڕژێمی سەددام حوسێن، عێراق بەرەو دیموکراسی هەنگاو هەڵبگرێت، بەڵام هەروەك سەرنج دەدەین حکومەتی عێراق خەریکە دەگەڕێتەوە بۆ تۆتالیتاریەت و بنەما بنەڕەتیەکانی دیموکراسی پێشێل دەکات و جێبەجێیان ناکات، پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر حکومەتی عێراق لە پەرەپێدانی دیموکراسی پاشگەزبووبێتەوە، ئایا چ ئاییندەیەك چاوەڕوانی عێراق دەکات؟**

- عێراق توانایەکی زۆری هەیە، ئەگەرێکی زۆری سەرکەوتنی لەبەردەمدایە، نەوت و گازەکەشی گرنگن، بەڵام گرنگترین شت لەبارەی عێراقەوە، ئەوەیە دەکرێت ئەم وڵاتە ببێتە یەکەم وڵاتی فرەکەلتور و فرەئیتنی و دەوڵەتێکی فیدراڵی و دیموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی

**حکومەتی ئێستای عێراق لە قۆناغی سەرەتای بەرەپێشچووندایە، ڕەنگە پێویستی بە چەند خولێکی دیکەی هەڵبژاردن هەبێت و نەوەگەلێکی دیکە و سەرکردەگەلێکی نوێ هەبێت بێنەپێشەوە، تا دیموکراسیەکی تەندروست لە عێراقدا گەشە بکات**

ناوەڕاستدا، دەکرێت ئەمە دەستکەوتی ڕاستەقینە بێت، لەبەر ئەوە گرنگە هەنگاو بە هەنگاو و لێبڕاوانە بەردەوام بین لە جێبەجێکردنی بەرنامەیەکی دیموکراتیانە لە عێراقدا، نابێت هەرگیز ڕۆژئاوا کۆڵبدات لە پرۆسەی بە دیموکراتیکردن لە عێراقدا، پێموایە عێراقێکی دیموکراتی لە هەر وڵاتێکی دیکە گرنگترە، من بە ڕاستی باوەڕم بەوە هەیە، چونکە ئەگەر عێراقێکی دیموکراتت هەبێت، بە ئومێدی ئەوەی ڕۆژێك بێت ئێرانێکی دیموکراتمان هەبێت، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە لە مەودای دووردا ناوچەکە سەقامگیر بێت. ئەوەی ئێستا لە عێراقدا دەیبینین ئەوەیە حکومەت بە ڕاستی لە قۆناغی سەرەتایی بەرەپێشچووندایە، کە ڕەنگە پێویستی بە چەند خولێکی دیکەی هەڵبژاردن هەبێت و نەوەگەلێکی دیکە و سەرکردەگەلێکی نوێ بێنەپێشەوە، پێش ئەوەی دیموکراسیەکی تەندروست لە عێراقدا گەشە بکات. من دڵتەنگم لەبارەی

**شتێکی حەتمی بوو کە دوای دیکتاتۆریەت ڕۆژگارێك لە دیموکراسیەتی لاواز بێتەئاراوە، کە هەمیشە هەڕەشەی دروستبوونی دیکتاتۆریەتی نوێ لە ئارادایە**

ئەوەوە، بەڵام شتێکی باش دەبوو ئەگەر هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٠ سەریبکێشایە بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی ناسیۆنالیستی کە بەرنامەیەکی ڕاستەقینەی هەبێت، بەڵام بە داخەوە ئێمە هێشتا لە قۆناغی سەرەتاییداین، پارتە سیاسییەکان هێشتا کامڵ و پێگەیشتوو نین، سیستەمە سیاسییەکە، دادگای فیدراڵی و چوارچێوەی یاسایی پارتە سیاسییەکان هێشتا ناکاملن بۆ ئەوەی خاوەنی دیموکراسیەکی تەندروست بن لە عێراقدا. لەلایەکی دیکەوە بە دڵنیاییەوە دۆخەکە باشترە بە بەراورد بە سەردەمی سەددام حوسێن، ئەویش لە ڕووی حکومڕانیکردنەوە، چونکە بەلای کەمەوە ئەگەری ئەوە هەیە لە ئاییندەدا دیموکراسی لە عێراقدا بێتەدی، لە کاتێکدا لە سایەی سەددام حوسێندا ئەم ئەگەرە بە هیچ شێوەیەك لە ئارادانەبوو، هەروەها ئەوە شتێکی حەتمی بوو کە دوای دیکتاتۆریەت ڕۆژگارێك لە دیموکراسیەتی لاواز بێتەئاراوە، کە هەمیشە هەڕەشەی دروستبوونی دیکتاتۆریەتی نوێ لە ئارادایە، بەڵام پێموایە بەلای کەمەوە سیستمی سیاسی عێراق و دەستووری وڵاتەکە کە لە ساڵی ٢٠٠٥دا تەبەنی کرا بووە هۆی ئەوەی دیموکراسی بە زیندوویی بمێنێتەوە، تا ئەو کاتەی سیستمە سیاسییەکە کامڵ دەبێت.

*** هەمو شارەزایانی بارودۆخی عێراق ئاماژە بە گرنگی هەمواركردن و دووبارە داڕشتنەوەی دەستووری عێراق دەکەن و بەراوردی عێراق بە وڵاتە عەرەبی و ئیسلامیەکانی دیکە دەکەن، ئێمە دەبینین عێراق خاوەنی دەستووری خۆیەتی، کە دەستوورێکی باشە و دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام نووسرایەوە، بەڵام حکومەتی عێراقی پێشێلی دەکات، ئەمەش مایەی ڕەشبینیە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا سوودی دەستوورێکی نوێ، بەڵام ناکارا چیە؟**

- پێموایە هەر دەستوورێك کە دادەڕێژرێت بێ کەموکوڕی نییە، چونکە ئەگەر لە دەستووری ئەمریکا بڕوانین، ئەوا چەندین

جار هەمواركراوەتەوە، ئەگەر ئێمە سەیری یەکەم دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکەین، ئەوا کۆیلەیەتی هەبوو، کە ئەمە شـــتێکە لە ڕۆژگاری ئێستا قابیلی ئەوەنییە بیری لێبکرێتەوە. کەواتە ئەگەر بە ستانداردی ئێستا یەکەم دەستووری ئەمریکا هەڵبسەنگێنیت، ئەوا دەستوورێکی زۆر زۆر خراپ دەردەچێت، لەبـــەر ئەوە ناچار بوون چەندین جار هەمواری بکەنەوە. پێموایە لە عێراقدا ئەم پرۆســـەیە خێراتر دەبێت، بەڵام هێشتا کارێکی زۆر ماوە کەلەسەر دەستوور بکرێت، کـــە ڕەنگە ئەمـــە هەموارکردنی دەســـتوور نەگرێتـــەوە، بەڵکو دارشـــتنی ئـــەو یاســـایانە بگرێتەوە کـــە دەبنەهۆی جێبەجێکردنی دەستوور، کێشە ڕاستەقینەکە لێرەدایە، دەســـتوور ئەوەندە نارۆشـــنە، بە چەشـــنێك کێشـــەکە لـــە جێبەجێکردنی

**هێشتا کارێکی زۆر ماوە لەسەر دەستوور بکرێت. کە ڕەنگە ئەمە هەموارکردنی دەستوور نەگرێتەوە. بەڵکو دارشتنی ئەو یاسایانە بگرێتەوە کە دەبنەهۆی جێبەجێکردنی دەستوورەکە. کێشە ڕاستەقینەکەش لێرەدایە**

دەســـتووردایە. لە بنەڕەتدا دەستوورەکە بێ گرفت دیارە، بەڵام ئەو یاسایانە دەرنەکراون کە پێویســـتن بۆ ئەوەی بە ڕاستی دەستوور مانای خۆی هەبێت. کە ئەمە شتێکە دەبێت بە ڕەوتێکی لەســـەرخۆ و بەلای کەمەوە لە مـــاوەی دەیەی داهاتـــوودا ئەنجام بدرێت. ئەمەش تەنیـــا ئەو کاتە ئەنجام دەدرێت کە پارتە سیاسییەکان کامڵ مۆدێرن و خاڵی بن لە گەندەڵی، ئەمەش پێویستی بە کاتە.

*** هەنـــدێ لە شـــارەزایانی سیاســـی بارودۆخی عێراق بـــاس لەوە دەکەن ئەگەر حکومەتی عێراقی نەتوانێت کێشەی سوننە و شیعە و کێشـــەی هەڵپەســـێردراوەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردســـتاندا چارەســـەر بـــکات، ئـــەوا عێـــراق بـــە یەکگرتوویی نامێنێتـــەوە، بەڵام ئەوەی بـــەدی دەکەین ئەوەیە حکومەتی عێراقـــی نەیتوانیوە ئەم کێشە و ناکۆکیانە چارەسەربکات، ئایا ئەمە تا چەند هەڕەشەیە بۆ سەر یەکێتی وڵاتەکە و ئایا تا چەند ئەگەری دابەشبوون و پارچە پارچەبوونی وڵاتەکە لە ئارادایە؟**

- پێموایە هەڕەشەن بۆ سەر سەلامەتی و ئاسایشی ئەو خەڵکانەی لەناوچە ناکۆکی لەسەرەکاندا دەژین، هەڕەشەن لەسەر ئەوەی پەرلەمانی عێراق سەرکەوتووانە ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ نەکات، هەروەها دەبنەهۆی ئاڵۆزکردنی بەرەوپێشـــچوونی ئابووری، وەبەرهێنـــان و پێوەندی لەگـــەڵ دەوڵەتە دەرەکیەکاندا، بەڵام پێموانییە کێشەی نێوان حکومەتی عێـــراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڕەشەبێت لەسەر سەقامگیری عێراق یان ئاییندەی یەکپارچەیی عێراق، من باوەڕم وانییە، مـــن کاتێکی زۆرم لە هەرێمی کوردســـتاندا بەســـەر بردووە-بە دڵنیاییەوە هێندەی ئێـــوە نا-من کاتێکی زۆرم لەو هەرێمەدا بەســـەربردووە و قسەم لەگەڵ زۆرێك لەســـەرکردە سەرەکیەکاندا کردووە، ئەو شـــتەی هێشتا باوەڕم پێیەتی ئەوەیـــە کـــورد ئاییـــندەی خۆیـــان وەك بەشـــێك لە عێراق دەبینن. ڕەنگە پێوەندی لەگەڵ تورکیادا بە تەواوەتی بەرەو باشتر گۆڕابێت، ئەمە مەســـەلەیەکی جیاوازە، هەروەك لـــە ڕووداوەکانی ئـــەم دواییەدا بینیمان، ئەوا هیچ زەمانەتێك نییە دەوڵەتە دراوسێکانی هەرێمی کوردستان دۆستانە بمێننەوە لەگەڵ ئـــەم هەرێمەدا، تەنانەت تورکیـــاش کە سیاســـەتێکی نوێی هەیە ئەگەری بـــە هەڵەتێگەیشـــتن پچڕانی پێوەندیەکان و دووبارە گەڕانەوەی مێژووی خـــراپ هەیە. ئەوەی پەیوەســـت بێت بە دەوڵەتە دراوســـێکانەوە، ئەوا نەوت هەموو شتێك دیاری دەکات. هەرێمی کوردستان نەوتێکی زۆری هەیە، بەڵام قازانج دەکەن ئەگەر وەك بەشـــێك لە عێـــراق بمێننەوە، کاتێـــك عێراق لـــە ڕۆژێکـــدا ٦ ملیۆن بەرمیل یان زیاتـــر بەرهەم دەهێنێت، ئەوا بەدەستهێنانی لە ســـەدا ١٧ی ئەو نەوتە بۆ هەرێمی کوردســـتان دادەنرێت باشـــترە لـــە بەدەســـتهێنانی تەنیا ئـــەو نەوتەی لـــە کوردســـتاندا هەیە، کـــە دەتوانرێت داهاتێکـــی زۆر لە نەوتی کوردســـتانەوە بەدەســـت بهێنرێـــت. کەواتـــە ڕاســـتیە بنەڕەتیە ئابووریەکە ئامـــاژە بەوە دەکات هەرێمی کوردســـتان وەك بەشێك لە عێراق دەمێنێتەوە و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانیش بەردەوام وەك سەرچاوەی گرژی و گرفت دەمێننەوە، بەڵام نابنەهۆی ئەوەی هەڕەشە لە سەقامگیری وڵاتەکە بکەن.

*** بەشێك لە کێشەکە برتییە لە کێشەی دابەشکردنی داهاتی سەرچاوە سروشتیەکان لەنێو پێکهاتەکانی عێراقدا، دەســـتووری عێراق ڕیگەی دابەشکردنی ئەم داهاتەی داناوە، بەڵام حکومەتی عێراق ڕەشنووسی یاســـای نەوت و گازی ئامادەکردووە کە لەگەڵ دەستووردا یەکنا گرێتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمە تا چەند مەســـەلەیەکی مەترســـیدارە بۆ سەر یەکێتی عێراق و بۆ شێوازی دابەشکردنی داهاتی نەوت؟ و تا چەند گومان دەخاتەسەر سەروەریی عێراق وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی؟**

- پێموایـــە دەبێت کێشـــەکەلێگی زۆر چارەســـەربکرێن لە پێوەندیدا بە ماددەی ١١١ و ١١٠ و ١١٢ کـــە پەیوەســـتە بە دابەشکردن و بە دەســـەڵاتە حەسریەکانی

**ماددەی ١١١ و ١١٠ و ١١٢ی دەستووری عێراق کە پەیوەستە بە دابەشکردنی داهاتەوە و پێوەندی بەدەسەڵاتە حەسریەکانی حکومەتی فیدراڵی و دەسەڵاتی هەرێم و پارێزگاکانەوە هەیە**

حکومەتی فیدراڵی و دەســـەڵاتی هەرێم و پارێزگاکانـــەوە، کە چەندەها پرســـیار هەن لەبارەی ئەو پرســـەوە، بەڵام ئەمانە پرسیارگەلێکن کە دەبێت زۆرێك لە نەتەوە مەزنـــەکان دەســـت و پەنجـــەی لەگەڵدا نـــەرم بکـــەن، ئەمانە کێشـــەگەلێکن کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت ئاشـــنانین پێی، لەبەر ئەوەی زۆرێـــك لە دەوڵەتەکانی ئەم ناوچەیـــە دەوڵەتگەلێك بوون ئاســـتێکی بەرزی مەرکەزیەتیان تێدابووە، لە ڕاستیدا چەند نموونەیەکی کەمی دەوڵەتی فیدراڵی دیموکراتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەن کە تێیاندا دەســـەڵات و ســـەربەخۆییەکی دارایـــی بەرچاو دراوە بە هەرێم و پارێزگا و یەکە ئیداریـــەکان لە وڵاتەکەدا، کەواتە ئەمە ئەزموونێکە و مێژووی نێوان کورد و عەرەب لە عێراقدا ئاڵۆزیکردووە، هەروەها لە نێوان کورد و تێکڕای دەوڵەتە دراوسێکان،

کەواتە ئەمە کێشەیەکی ئاڵۆزە، تەنانەت ئەگەر مەسەلەیەکی دیاریکراو پەیوەست نەبێت بە کوردەوە، بەڵام ئەو کێشە تایبەتیەی پەیوەستە بە کوردەوە تەنانەت ڕەنگە ئاڵۆزتر بێت و ڕەنگە دیەها ساڵی پێبچێت بۆ ئەوەی چارەسەربکرێت. هەموو کەسێك کە سەیری یاسای نەوت و گاز دەکات دەڵێن دەبێت ئەم کێشەیە لەمڕۆدا، لە مانگی داهاتوودا و لە ساڵی داهاتوودا چارەسەربکرێن، ئەگەر واقیعی بین ئەمە ڕوونادات. ئێمە لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە چاوەڕێ دەکەین یاسای نەوت و غاز تێپەڕێنرێت، بەڵام ئەوە ساڵی ٢٠١١یە و پێناچێت ئێمە نزیك بینەوە لە تێپەڕاندنی ئەو یاسایە، کەبۆی هەیە لە پێنج ساڵی دیکەش هەمان ئەم گفتوگۆیەی ئێستا بکەین.

**ئێمە لە ساڵی ٢٠٠٣وە چاوەڕێ دەکەین یاسای نەوت و گاز تێپەڕێنرێت. بەڵام ئەوە ساڵی ٢٠١١یە و پێناچێت ئێمە نزیك بینەوە لە تێپەڕاندنی ئەو یاسایە. بۆی هەیە لە پێنج ساڵی دیکەش هەمان ئەم گفتوگۆیەی ئێستا بکەین**

*** بە پێی دەستووری عێراق وڵاتێکی فیدراڵیە، بەڵام ئەوەی بەدی دەکەین ئەوەیە لە هەشت ساڵی ڕابردوودا، لە دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووەوە، حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز لە عێراقدا هەیە، ئایا ئەمە تا چەند مەترسی ئەوەی لێدەکرێت دووبارە عێراق بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دیکتاتۆریەت؟**

- ئێوە پەنجەتان خستە سەر برینەکە، حکومەتی فیدراڵی ئێستا بەرەنگاری ئەم دابەشکردنەی دەسەڵات بەسەر هەرێم و پارێزگاکاندا دەبێتەوە، لە عێراقدا دابەشکردنی دەسەڵات لە فیدراڵیدا، ئایدیایەکی ئەمریکی بوو، هەروەها فیکرەیەکی کوردی بوو، ئێستا دەبینین حکومەتی فیدراڵی و زۆرێك لە پارتە سیاسییە عەرەبییەکان بەرەنگاری ئەمە دەبنەوە، کەواتە بە دڵنیاییەوە ئەمە بگرە و بەردیەکی زۆری بەخۆوە دەبینێت، پێمواپە کاتێك کاریگەری و دەسترۆیشتوویی ئەمریکا لە عێراقدا کەم دەبێتەوە، هەرێمی کوردستان سەلامەت دەبێت، پێم وایە هەمیشە هەرێمی کوردستان هەرێمێکی فیدراڵی دەبێت و دەسەڵاتێکی زۆری دەبێت، هەروەها مومارەسەی سەربەخۆییەکی زۆر دەکەن لە ئەنجامدانی کارە ناوخۆییەکانی هەرێمەکە، بە چاوپۆشین لەوەی بەغدا دەیڵێت، بە چاوپۆشین لە هەر شتێکی دیکە کە دەوترێت. پێموایە کۆنترۆڵێکی زۆریان دەبێت و ئۆتۆنۆمیەکی زۆریان دەبێت، واتە نیمچە سەربەخۆیی هەیە، بەڵام بە دڵنیاییەوە لەبەشەکانی دیکەی عێراقدا ململانێیەك لە نێوان پارێزگاکان و حکومەتی فیدراڵدا دروست دەبێت، کاتێك ئەمریکیەکان وڵاتەکە جێدەهێڵن، ئایا ئەمە چ دەرئەنجامێکی لێدەکەوێتەوە، مەزندەی من ئەوەیە دەبێت سیاسییەکانی بەغدا، وەك مالیکی، دارایی و داهاتێکی زیاتر بە پارێزگاکان دەدەن، سەربەخۆییەکی زیاتریان پێدەدەن، ئەوەش کاتێك دەیانەوێت خەڵکی پارێزگاکان کەسب بکەن، کاتێك دەیانەوێت چاکەیەکی سیاسیان لەگەڵدا بکەن، کەواتە لە سەرووەختی هەڵبژاردنەکاندا بەڵێنێکی زۆر بەخەڵك دەدەن و هەندێ شت بۆ پارێزگاکان دەکەن، وەك پێدانی پترۆدۆلار بە هەندێ پارێزگا، بەڵام لەنێوان هەڵبژاردنەکاندا ئەو پارەیە وشك دەکات و حکومەتی مەرکەزی هەوڵی کێشانەوەی دەسەڵاتەکان دەدات، بەڵام لەگەڵ نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکە، یاخود هەڵبژاردنی پارێزگاکان، ئەوا پارێزگاکان ئازادیەکی زیاتر، سەربەخۆییەکی زیاتر و پارەیەکی زیاتر بەدەست دەهێنن. کەواتە ئەمە بگرە و بەردیەکی زۆر بەخۆوە دەبینێت، وەك شەپۆلی دەریا وایە جارێك هەڵدەکشێت و جارێك دادەکشێت، ئەمە ململانێیەکی درێژخایەن دەبێت لەسەر دەسەڵات لە عێراقدا و ڕەنگە هەرگیز ئەم ململانێیە کۆتایی پێنەیەت.

*** ئایا پێشبینی ئەوە دەکەی لە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا ناکۆکی لە نێوان پێکهاتە سەرەکیە جیاوازەکانی عێراقدا ڕوویدات، وەك شەڕی ناوخۆیی وەك ئەوەی هەندێ لە شارەزایان پێشبینی دەکەن و ئایا ئەگەر دەستێوەردانی دەرەکی ڕوویدات، ئایا ئەمریکا بەرپرسیار دەبێت لەمە، ئایا بە شێوەیەك لە شێوەکان دەستێوەردان دەکات بۆ پشتیوانی لە حکومەتی عێراق؟**

- من پێم وانییە ئەگەری شەڕی ناوخۆ لە ئارادابێت، پێم وایە لە ئێستای عێراقدا ئەگەرێکی زۆر لاوازی شەڕی ناوخۆ لە ئارادایە، پێم وایە ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٦ تا ساڵی ٢٠٠٨ ڕوویدا زۆر نزیك بووە لە شەڕی ناوخۆوە، بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستیەی عێراق بەم هەلومەرجەدا تێپەڕی و ڕزگاری بوو، ئەوا ئێستا ئەم وڵاتە لە بارێکدا نییە بۆ ئەوەی ئەمە دووبارە بکاتەوە. دەوڵەتە دراوسێکان بە شێوەیەك لە شێوەکان دەستێوەردان دەکەن، بەڵام پێموایە موبالەغە کراوە لە تەقدیرکردنی ئەو دەستێوەردانانەدا، پێم وایە ئەوە فیکرەیەکی سەرنجراکێشە بۆ عێراقیەکان کە بڵێن کێشەکان لە دەرەوە هاتوون، کە ئەمریکا هەندێ کێشەی دروستکردووە، ئێران هەندێ گرفتی دروست کردووە، سعودیە کێشەی دروست کردووە و تورکیاش، ئەوە ڕاستە ئەم وڵاتانە دەستێوەردان لە سیاسەتی عێراقدا دەکەن، ئێران و ئەمریکا دەستێوەردانێکی زۆر دەکەن، ئەوانی دیکەش تا ڕادەیەکی دیاری کراو دەستێوەردان دەکەن، بەڵام دەسەڵات لە دەستی عێراقیەکانداییە، ئەگەر عێراق سەرکەوتوو بێت، ئەوا ئەمە مانای ئەوەیە عێراقیەکان بڕیاری ڕاستیان داوە، ئەگەر عێراقیش شکست بهێنێت، ئەوا ئەمە بە مانای ئەوەیە عێراقیەکان بڕیاری هەڵەیان داوە، تاوەکو عێراقیەکان زووتر لەم ڕاستیە تێبگەن، ئەوا زووتر دەتوانن بەرپرسیاریەتی وڵاتەکەیان بگرنەئەستۆ.

**بە چاوپۆشین لەوەی بەغدا دەیڵێت و بە چاوپۆشین لە هەر شتێکی دیکە کە دەوترێت هەمیشە هەرێمی کوردستان هەرێمێکی فیدراڵی دەبێت و دەسەڵاتێکی زۆری دەبێت. هەروەها مومارەسەی سەربەخۆییەکی زۆر دەکەن لە ئەنجامدانی کارە ناوخۆییەکانی هەرێمەکەدا**

*** دوا وتەت چیە؟ پەیامت چیە بۆ خەڵکی عێراق؟**

- بەردەوام بن لە خەباتکردن لە پێناو دیموکراسیدا، هیوای ئەوەیان بۆ دەخوازم ساڵی داهاتوو ساڵێکی پڕ ئاشتی و گەشەکردن بێت بۆ عێراق.

# کورد لە سنووری خانەقین و ناحیەکانی جەلەولاو سەعدیە ڕووبەڕووی گەورەترین پرۆسەی ڕاگواستن و کوشتن دەبنەوە

تیمی گوڵان لەبەسەرکردنەوەی ناوچەکەدا



خانەقین شارێکی دێرینەی کوردستانیە کە ناحیەکانی جەلەولاو سەعدیەو مەیدان و قۆرەتوو بەمۆو قەرەتەپەو جەبارەو زیاتر لە ١٦٠ گوند لەخۆ دەگرێت و بە درێژایی ١٨٠ کیلۆمەتر سنووری لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێراندا هەیە. ئەم قەزایەو دەوروبەری لە ماوەو قۆناغە مێژووییەکاندا رووبەڕووی هەڕەشەو هێرشی سەرتاپاگیری (تەعریب و تەرحیل و جینۆساید) بوونەتەوە، یەکەم قۆناخی ئەنفالیش لە دژی کورد لە ساڵی١٩٧٥ لەخانەقین و سنوورەکەیەوە دەستی پێکردووە، ئەمەش هەر لەبەرئەوەی دانیشتووانی ڕەسەنی ئەم ناوچەیە بە بنەچە کوردن، پێشتریش حکومەتە یەك لەدوایەکەکانی عێراقیی بە پاڵپشتی ڕەوت و بیری شۆڤینیزمانەو پەڕگیرانەی عارەبییەوە، گەورەترین پرۆسەی گۆڕینی دیمۆگرافییان تێدا ئەنجامداوە، بەمەبەستی داگیرکردنی زەوی و ماڵی کوردانیش هەزاران خێزانی عەرەبی هاوردەیان هێناوەتە ناوچەکەوە، زۆربەی سەرچاوەکان گەواهیدەرن و باس لەوە دەکەن ئەو عارەبە هاوردانەی سنووری خانەقین لە ٣١ خێڵی بە ڕەچەڵەك عەرەبی ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق پێکهاتوون، کە پێوەندی خوێن و دەمارگیری پێکەوەیان دەبەستێتەوە..

لەلایەکی ترەوە پێگەی جیوگرافیایی ئەو ناوچەیە گرنگی خۆی هەیەو، بەناوچەیەکی دەوڵەمەندو چڕی پڕ لە نەوت و غازو کانزاکانی تر دەناسرێت، هەروەها بەپیت و بەرەکەتی خاکەکەی بۆ کشتوکاڵ و ئاودێری، وای کردووە زیاتر لەو سنوورەدا هاندەری عەرەبە شۆڤێنیەکانی عێراق بێت تا بۆ ئامانج و بەرژەوەندی خێڵە هاوردەکان ئاڕاستەی مێژوویی و شارستانی ناوچەکە بگۆڕن و هەرچی گوندو ماڵ و زەویو زاری خەڵك و جووتیارانی کوردە خاپووری بکەن.

لە دوای پرۆسەی ڕووخانی رژێمی بەعسەوە، واتە لە ساڵی ٢٠٠٣وە بەپێی پێویست زۆربەی دانیشتووانەکەی کە ژیانیان لێ کرابووە دۆزەخ و بە پیادەکردنی سیاسەتی تەرحیل وەدەرنرابوون تا ئێستاش نەگەڕاونەتەوە بۆ سەرزێدو گوندەکانی خۆیان و تەواوی ناوچەکەش ئاوەدان نەکراونەتەوەو لەزۆربەی کار و پرۆژە خزمەتگوزارییەکان بێ بەش کراون، سەرەڕای ئەمەش بە مەبەستی درێژەدان بەو سیاسەتە ڕەگەزپەرستەی بەعسیەکان هاوشێوە لەلایەن عەرەبە شۆڤێنیەکان و تیرۆریستانەوە بە زەبری هێزی تیرۆرو تۆقاندن بەردەوام هێرش کراوەتە سەر سنووری شاری خانەقین، بەتایبەتی لەناحیەکانی جەلەولا و سەعدیە کە بەشێوەیەکی ڕێکخراوانەو بە پێی پلان ڕۆژانە لەلایەن گرووپە تیرۆریستیەکانەوە خەڵکی سڤیل شەهید دەکرێن، لەم دوو سێ مانگەی ڕابردووشدا شەپۆلێکی توندوتیژی هاوشان بە کۆمەڵێك کردەی تیرۆریستییەوە لەلایەن عەرەبە شۆڤێنی و گرووپە تیرۆریستەکانەوە بۆ سەر ئەم ناحیانەو سنوورەکانیان زیادی کردووەو بەسەدان خێزانی کوردی ڕەسەنی جەلەولاو سەعدیە بۆ خانەقین و کەلارو شوێنەکانی تری هەرێمی کوردستان کۆچیان کردووە، لەسەردانێکی تیمی (گۆڤاری گوڵان) بۆ شاری خانەقین و ناحیەکانی جەلەولاو سەعدیە، هاووڵاتیان و یەکە ئیدارییەکان و هێزی پێشمەرگە بەسەرکرانەوەو لە دووتوێی ئەم ڕاپۆرتەدا بڵاوی دەکەینەوە.





مەجید شەوکەت

**کوردەکانی جەلەولاو سەعدیە لەجێهێشتنی ماڵ و حاڵی خۆیان بەردەوامن**

کاتێـك بەناو شـارۆچکەی جەلــەولادا تێپەڕ دەبیت، ترس و دڵەراوکێ لەچاوی دانیشتووانە کوردەکەیدا دەبینیت، ڕەنگە ئەمە هەسـتێکی ئاسـایی بێت لە شارێکدا کە هێشتا پرپەتی لە کۆنە ئەمن و موخابەرات و پیاوانی بەعســـ پێشــوو کە بە هاوشـانی تیرۆریستە تەکفیری توندڕەوەکان کار دەکەن و لە هەموو خەسڵەتێکی چاکەو مرۆڤدۆســتی دابــڕاون، زۆربەی ئەو پیاوخراپانەی لەپاشـماوەکانی بەعس و ڕەوتە ئیسلامییە تەکفیرییەکانن، بە نهێنییەوە خزاونەتە ناو یەکە ســەربازییەکانی عێــراق و ڕیزەکانی پۆلیس و شـانەکانی هێزەکانی تەوارییەوە، هەر بۆیە بە ئاسـایی لەنزیك چەنــد مەترێکەوەو بــە بەرچاوی یەکە ســەربازیەکانی مالیکیەوە کوردەکان تیرۆر دەکرێن و ئەوانەی ماویشنەتەوە ژیانیان لەمەترسـیدایە، ئەم هێرشــە بەربڵاوە شــۆڤێنیانە لەکاتێکدایە کە ژێرخانی جەلەولا و ســەعدیە وێرانەو خزمەتگوزارییەکان لە خاڵی ژێر سفردان و کەسابەت و بازاڕ خۆڵی مردوویان بەســەردا ڕژاوە، نەبوونی هێزی پێشمەرگە لە بەرانبەر ویســتی شــەڕخوازانەو تێکدەرانەی تیرۆریســتانی ئەم دوو ناحیە وایکردووە، تەنیا لەڕۆژانــی جەژنەوە تاکو ئەمــڕۆ دەیان ماڵە کــورد کۆچیان کردووە، بەمەــش بوونی هێزی پێشمەرگە لە خانەقین کە ٣کیلۆمەتر دوورن لە سەنتەری ناحیەکانی جەلەولاو سەعدیە، نەبۆتە هۆی ڕاگرتنی شـاڵاوی ڕاگواستنی خێزانە کوردەکان.

**ئەگەر پێشمەرگە نەیەتە ناو جەلەولاوە ئەوە ئێمە چیتر ناتوانین لێرە بژین**

هێزو دەسەڵاتی تیرۆریستان لەجەلەولا، گەیشتۆتە ڕادەیەکی وا کە بەکوشتنی ڕۆڵەکانی کوردەوە ڕاناوەســتن، بەڵکو خێزانەکانیشــیان شاربەدەر دەکــەن، ئەوەتــا لەجەلەولا دایکــی ڕۆڵەی شــەهیدێکی کورد بەناوی زەینەب حوسێن کە دانیشــتووی ڕەســەنی جەلەولایەو کوڕێکی بەناوی (حەمید)ەوە شــەهید کــراوە، دەڵێت: ((چونکە ئێمە لەســەر کوردایەتی کوڕێکمان شــەهید کــراوە، ڕۆژانــە لەلایەن عــەرەب و تیرۆریستانەوە هەڕەشەی کوشتنمان لێ دەکرێت و دەترسین کوڕو پیاوەکانی تریشمان لەناوبەرن، ئەگەر پێشــمەرگە نەیەتە ناو جەلەولاوە، ئەوە چیتر ئێمە ناتوانین لێرە بژین، بۆیە بڕیارمانداوە لەسەرماڵ و زێدی خۆمان بڕۆین و بەرەو شاری خانەقیــن کۆچ بکەیــن))، هاووڵاتی حەمەد خەلیل کە کاسبکارە، پێمانی وت: ((لە ڕاستیدا گۆڕان لە جەلەولا نەماوە، لە ترسی کوشتن و پەلاماری تیرۆریســتان شەوو ڕۆژ خەو ناچێتە چاومان، دیــارە هەموو ئەمانــەش بۆ ئەوەیە شــارۆچکەکە داگیر بکەن و هەر هەموویشی بکەنــە عەرەبی هاوردە)) بەمجــۆرە نەبوونی هێزی پێشمەرگەو کشانەوەی ئەو هێزانە لە ساڵی ٢٠٠٨ گورزێکی کوشندە بوو لەکوردستانیەتی ناوچەکە درا، دوابەدوای کشـانەوەکە هەرچی کاری تیرۆریستی خراپکارییە لە بەرانبەر کورد ئەنجــام دراوە، لەمبارەیەوە عەلی نوری کە لە جەلــەولا کاری فیتەری و ڕۆنگۆڕی دەکات، وتی: ((لــەم کاتانــەی کە هێزی پێشــمەرگە



زەینەب حوسێن
دایکی شەهیدێک بۆ (گوڵان):

**چونکە ئێمە لەسەر کوردایەتی کوڕێکمان شەهید کراوە، ڕۆژانە لەلایەن عەرەب و تیرۆریستانەوە هەڕەشەی کوشتنمان لێ دەکرێت و دەترسین کوڕو پیاوەکانی تریشمان لەناوبەرن**



شێرکو تۆفیق

لــە جەلەولا و ســەعدیە بــوون، بارودۆخێکی باش و هێمن و لەبار بــۆ هەموو پێکهاتەکانی شارۆچکەکان هەبوو، بەڵام لە دوای کشانەوەی هێزی پێشــمەرگە لەســاڵی ٢٠٠٨وە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ شــەپۆلی توندوتیــژی و کردەوەی تیرۆریســتی بەربڵاوانە باڵ دەکێشــێت بەسەر هەردوو شــارۆچکەی جەلەولاو ســەعدیەدا، لەم ماوەیەی دواییــدا بارودۆخەکە زۆر خراپ و دژوار و ئاڵۆزتــر بووە، بۆیــە دەمانەوێت بۆ پاراستنی ســەرو ماڵمان بۆ هەر شوێنێك بێت کۆچ بکەین)).

**لە دوای جەژنەوە زیاتر لە(١٥) خێزان لە جەلەولا کۆچیان کردووە**

شێرکو تۆفیق کەیەکێکە لەو کەسانەی نیشتەجێی جەلەولایە سەبارەت بەبارودۆخەکە وتی: لە دوای ســاڵی ٢٠٠٨ کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ناوچەکە کشایەوە کاری توندوتیژی و تۆقاندن و تیرۆریســتی زۆر زیادی کرد، لە ماوەی دوو مانگی ڕابردوویشــدا ژمارەیەکی زۆر لە کورد لە ناو ســەنتەری ناحیە و ســنوورەکە لەلایەن تیرۆریســتانەوە شــەهید کراون، لەلایەکی ترەوە خێزانە کوردەکان بۆ پاراســتنی ســەروماڵیان تا ئێســتا بە دەیان و سەدانیان بۆ شارو شوێنەکانی تری وەکــو خانەقین و کەلارو...تــاد کۆچیان کردووە، تەنیا لــە دوای جەژنەوە زیاتر لە(١٥) خێزان کۆچیان کردووە.

هەروەهــا لەلایەن ســوپای عێراقیەوە لەشــکر کێشییەکی زۆرکراوەتە ســەر سنوور و ناوچە و شارۆچکەکە ئێستاکە ژمارەیەکی زۆر سەربازی عێراقی لــە جەلەولا و ســەعدیەن، ئەم هێزەی ســوپای عێراق تاکە یەك سەربازی کوردی تێدا نییەو بە بەرچاوی ئەم هێزەوە خەڵك هەڕەشــەی لێ دەکرێت و شــەهید و ئــاوارە دەبن و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیــش بارودۆخەکە بــۆ هاووڵاتیانی کوردی ناحیەو ســنوورەکە بەرەو خراپتر دەچێت، بۆیە لێرەدا داواکارین لەســەرکردایەتی سیاسی کوردستان هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان بۆ جەلەولا و سەعدیە بنێرن، تاوەکو پارێزگاری لەســەروماڵ و گیانی خەڵکی سڤیل و هەژار بکەن ..

لە دوای ئازادی عێراقەوە تا ئێســتاکە زیاتر لە

(١٢٠٠) کەس بەتایبەتی کورد لە سنوورەکەدا بەدەستی تیرۆریستان شەهید بوون. هاتنی هێزی پێشمەرگە ئێستاکە بۆ ناو جەلەولا و سەعدیە بەشێوەی دەوریاتە، لەگەڵ هێزی سوپای عێراقدا دێنە ناو شارۆچکەکان، ئەمەش زۆر کاریگەری لەسەر باشبوونی بارودۆخی شارۆچکەکە نابێت، لە ئەنجامی ئەم بارودۆخە خراپەدا ماوەیەکە سێ گەڕەکی تازە بە زێدەڕۆیی لەلایەن عەرەبە هاوردەکان و شۆڤینیەکان لە شارۆچکەی جەلەولا دروست بووە، لە کاتێکدا (١٠) ماڵە کورد کۆچ پێ بکەن و بە(١٠٠) ماڵە عەرەبی شۆڤینی شوێنەکانیان داگیردەکەن.

## زۆر لە تیرۆرستان و پیاوکوژەکانی ناوچەکە لەناو ئەو هێزەی سوپای عێراقیدا مۆڵیان خواردووە

سەبارەت بە کوشتن و دەربەدەرکردنی خێزانە کوردەکان لەو ناوچەیەدا هاووڵاتی مەجید شەوکەت کە دانیشتووی شارۆچکەی جەلەولایە وتی: زۆر لە تیرۆرستان و پیاوکوژەکانی ناوچەکە لە عەرەبی شۆڤینی و کۆنە بەعسی پێکهاتوون و زۆربەشیان لەناو ئەو هێزەی سوپای عێراقدان کە لە سنوورەکە هەن، ڕۆژانە بەشێوەیەکی زۆر ناڕەوا و دوور لە هەموو دابوونەریتێك هەڕەشەمان لێ دەکەن تا لە شارۆچکەکە کۆچ بکەین و کەسوکار و دۆستمان بەناهەق شەهید دەکەن، مەبەستیان ئەوەیە شارۆچکەکە و سنوورەکە تەعریب بکەن، بۆیە داواکارین دەسەڵاتی کوردی و حکومەتی کوردستان هێزی پێشمەرگە بێنێتە ناو شارۆچکەکەو جێگیریان بکات.

## سێگۆشەی (مەرگ و نەبوونی خزمەتگوزاری و عەرەبی هاوردە) کۆڕەویان بەکوردان دەستپێکردۆتەوە

هەر لەدرێژەی سەردانەکەماندا بۆ خانەقین و جەلەولاو سەعدیە، بەمەبەستی زیاتر گەیاندنی ڕاستیەکان و گفتوگۆکردن لەسەر ئەم پرسە، هەریەك لە (محەمەد مەلا حەسەن) قایمقامی قەزای خانەقین و (ئەنوەر حوسێن) بەڕێوەبەری ناحیەی جەلەولاو (شێخ ئەحمەد زەرگوشی) بەڕێوەبەری ناحیە سەعدیەو چەند بەرپرس و فەرماندەیەکی هێزەکانی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستانمان دواند.

## هیچ کار و هەنگاوێکی پراکتیکی بۆ ماددەی ١٤٠ نەنراوە

سەبارەت بەسستی و لاوازی لەجێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ ی دەستووری و خەمساردی بەرپرسانی کوردی پێوەندار بەم ماددەیەوە (محەمەد مەلا حەسەن ) قایمقامی قەزای خانەقین وتی:((خەڵکی سنووری خانەقین ئومێدیان زۆر بە ماددەی (١٤٠)ی دەستووریی هەبوو کە لەکات و ساتی خۆی جێبەجێ بکرێت، بەڵام بەداخەوە ئەوە ماوەیەکی زۆر بەسەر وادەی دیارکراوی ماددەکە تێپەڕی کردو هیچ کار و هەنگاوێکی پراکتیکی بۆ نەنراوە، ئێمە لەمبارەیەوە گلەیی لەسەرکردایەتی سیاسی و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەکەین، دەبوایە لەم ماوەیەی کە بۆ جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠) دانرابوو بە جددی و بەکارامەیی کار بۆ گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان بکرابوایە لە بەرانبەر ئەو زوڵم و ستەمەی کە لە ماوەی(٣٥) ساڵ دەرهەق بە خەڵکی ئەم سنوورە کراوە باشتر وابوو سەرەتا لە ماوەی(٨) ساڵی ڕابردوودا کارو پرۆژەی باش بۆ خزمەتکردنی ئەنجام بدرابوایە، بەڵام لەمبارەیەشەوە بەداخەوەین کە هیچی وا نەکراوە، لەلایەکی ترەوە بۆ باشکردن و چاککردنی ژێرخانی خزمەتگوزاری شاری خانەقین و سنوورەکەی چەندین جار داوامان لەسەرکردایەتی سیاسی خۆمان کردووە، کە پێویستە بودجەیەکی تایبەت بۆ سنوورەکە تەرخان بکەن و کۆمپانیای گەورەو خاوەن ئەزموون و تایبەتمەند لە بوارە جیاجیاکاندا



محەمەد مەلا حەسەن
قایمقامی خانەقین بۆ (گوڵان):

**ئەو هێزو سوپا و سەربازانەی عێراق لەجەلەولاو سەعدیەن بە ئەرکی خۆیان هەڵناستن و بەخەڵکی دەمارگیر و شۆڤێنی و کۆنە بەعسی سیخناخن و ڕاستەوخۆ دژایەتی کورد دەکەن**

بۆ جێبەجێکردنی کار و پرۆژەکانی شاری خانەقین و سنوورەکە بهێنن، ئێستاکەش کەموکوڕی لەخزمەتگوزاری زۆرە و داواکاری و پێویستی زۆریشمان هەیە، ئێمە وەکو کەرکوك پارێزگا نین تاوەکو میزانیەی تایبەتمەندمان بۆ دیاری بکرێت و شار و سنوورەکەی زیاتر پێ ئاوەدان بکەینەوە، بارودۆخی ئەمنی دیالەش لە ساڵی ٢٠٠٣ تا ئێستاکە زۆر خراپەو کاریگەری ڕاستەوخۆشی لەسەر ئێمە دروست کردووە، هەرچەندە لە دوای ٢٠٠٣ تەنیا بۆ ماوەی دوو ساڵێك دەبێت لەلایەن پارێزگای دیالەوە بودجەیەك بۆ شاری خانەقین تەرخانکراوە، بەڵام ئەم بودجەیەش کەموکوڕی و گەندەڵی زۆری تێدابووە، لەلایەن ئیدارەی دیالە بەشێوەیەکی ڕێکوپێك و پاك نەگەیشتووەو خەرج نەکراوە، کۆنەبەعسی و شۆڤینیەکان هەروەکو ساڵانی ١٩٧٥ و ١٩٨٠ و ١٩٩٠و هەروەکو سەردەمی ئەنفال و تەعریب ئاڕاستەو ڕەوتی بیرو بڕوایان نەگۆڕاوە، بۆیە ئێستاکەش داوا دەکەین کە حکومەتی کوردستان چاوێك بە بارودۆخ و کاولکاری و پێداویستی کار و پرۆژەکانی شاری خانەقین و سنوورەکە بخشێنێتەوە، لەلایەکی تر هەڵسوکەوت و مامەڵەیەکی واقیعی دروست لەگەڵ ناوچەکە ناکرێت، بۆیە لە ڕاپەڕاندنی کار و ئیش و مامەڵەکاندا زۆر جار بەلامەرکەزی کاردەکەین، خانەقین بە فەرمی سەر بە دیالەو حکومەتی ناوەندییە، کەچی نە بودجەمان بەپێی پێویست بۆ تەرخان دەکەن نەهەوڵیش دەدەن خزمەتی شارەکە بکەن، بەتایبەتی لە ڕووی ئەنجامدانی کارو پرۆژەی خزمەتگوزارییە سەرەکی و سەرەتاییەوە چونکە شارو ئیدارەیەکی کوردییەو بە ئاڕاستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کار دەکەین.

## ئێستا بارودۆخی سەعدیەو جەلەولا لەو پەڕی خراپیدایە

هەر سەبارەت بەبارودۆخی سەعدیەو جەلەولا قایمقامی خانەقین وتی: ئێستاکە بارودۆخی سەعدیە و جەلەولا زۆرخراپە، لەلایەن دوژمنانی گەلەکەمان و کۆنە بەعسی و شۆڤینیەکانەوە هێرشی دڕندانە دەکەنە سەر کورد و تیرۆریان دەکەن، هەر بۆیە نەك خەڵکەکە لە کەرامەتیان دەدرێت، بەڵکو کوردی ڕەسەنی سەعدیە و جەلەولا ژیانیان نەماوەو بەسەدان خەڵکی سڤیلیان لێ شەهیدکراون و بۆ پاراستنی گیان و ژیانیان شارەکانیان بەجێدەهێڵن و کۆچ دەکەن و دێنە ناو خانەقین و کەلار و شوێنانی تر، لە کاتی خۆیدا دەبووایە پێشمەرگە لەم ناوچانە نەکشابووایەوە، تاوەکو سەروماڵی خەڵکی ئەم شارە و سنوورەیان بپاراستبووایە.ئەمڕۆ داواکاری زۆربەی خەڵکەکە ئەوەیە پێشمەرگەی کوردستان بێنە سەعدیەو جەلەولاو لەسنوورەکە بە یەکجاری بمێننەوەو بەهەر نرخێك بێت قەت نەکشێنەوە، چونکە ئەو هێز و سوپا و سەربازانەی عێراق

لەجەلەولاو سەعدیە و ناوچەکەو بە ئەرکی خۆیان هەڵناستن و بەخەڵکی دەمارگیر و شۆڤێنی و کۆنە بەعسی سیخناخ و دژایەتی کورد دەکەن، بەڵگەو دیکۆمێنت هەیە لەسەر ئەو هێزەی عێراق کە هەرخۆیان دەستێکیان لە کارە تیرۆریستیەکانی سنوورەکەدا هەیە و هاوکاری تەواوو ڕاستەوخۆی گرووپە تیرۆریستیەکان دەکەن لە عێراق و ناوچەکەدا و لەبەرچاویان تاکی کورد لەم ناحیە و قەزایانە شەهید دەکرێت و قسە ناکەن و ناجووڵێنەوە، هەرچەندە فەوجی سەرەك وەزیرانی عێراقیشیان لەگەڵدایە، سەعدیەو جەلەولا ترس و تۆقاندن باڵی بەسەرداگرتوون و ڕۆژانە ماڵە کوردەکان هەڕەشەیان لێ دەکرێت و ڕۆڵەکانیان شەهید دەکرێن، هەر بۆیە ڕۆژانە بەدەیان خێزان و خەڵك بۆ شوێنی تر کۆچ دەکەن و تائێستاکە لە نێوان(١٥٠٠ بۆ ٢٠٠٠) ماڵ لە سەعدیە و جەلەولا کۆچیان کردووە

**ئەنوەر حوسێن بەڕێوەبەری ناحیەی جەلەولا بۆ ( گوڵان):**

**ئەمە دوا دەرفەتە بۆ فریاکەوتنی جەلەولا، ناکرێت بەهێنانی هێزی پێشمەرگە بۆ خانەقین بووەستین و چاوەڕێی چۆڵکردنی جەلەولا بکەین**

بارودۆخەکە بەمجۆرە بڕوات و پێشمەرگە نەچێتە ناو سەعدیە و جەلەولا بەناچاری هەر هەموو ماڵە کوردەکان بە بەرنامەیەکی دانراوی تۆکمەوە بۆ سنوورەکانی تری هەرێمی کوردستان کۆچیان پێ دەکرێن، لەلایەکی ترەوە نەبوونی خزمەتگوزاری لەم قەزاو ناحیانە، بەجارێك نائومێدی لەلای خەڵك دروستکردون، زۆرجار دەڵێن پێویستە سەرکردایەتی سیاسی و حکومەتی کوردستان بێن و کارو پرۆژە بۆ هاووڵاتیەکانیان لە شاری خانەقین و سەعدیە و جەلەولا و قۆرەتوو و بەمۆ ئەنجام بدەن و لە دەستی تیرۆریستان و شۆڤینیەکان خەڵکەکەی بپارێزن، لەبەر ئەوەی ئەم شوێنانەش کوردستانەو سەدان ساڵە لە پێناوی سەروەری ئەم خاکەدا قوربانی دەدەن.

**ئاوی ئەڵوەند وشکی کردووەو ئاوی خواردنەوەش پیسبووە**

سەبارەت بە وشککردنی ئاوی ئەڵوەند قایمقامی خانەقین وتی : ((ئاوی ئەڵوەند کە ڕەمزێکی دێرینەی خانەقینە وشکی کردووە، چونکە ئێران لەسەرچاوەکەیەوە ئاوەکەی لێمان گرتۆتەوە، بەمەش ڕێژەی ئاوی ژێر زەوی، زۆر کەمی کردووەو بۆتە هۆی دروستبوونی دیاردەی کەمئاوی، هەروەها ئاوی خواردنەوە پیسبووە، پێویستیمان بە چارەسەری بە پەلە هەیە)) لەلایەکی ترەوە چەندین کێشەی تر لەخانەقین و ناوچەکە ماوەتەوەو چارەسەر نەکراوە، بۆ نموونە گرێبەستەکانی زەوی کشتوکاڵی کەلە سەردەمی ڕژێمی بەعس بەناوی عەرەب کراون تا ئێستا بۆ خەڵکە بنەڕەتەکەی نەگەڕاوەتەوە، لە بواری تەندروستی و پەروەردە و ڕێگاوبان و شەقام و کۆڵانەکانی ناو شارو گەڕەکەکانەوە کەموکوریمان هەیە، پێویستە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چاککردن و چارەسەرکردنیان بەرنامە و پلان دابنرێت، لە ماددەی(١٤٠) یش وا تێدەگەن کێشەکە تەنیا قەرەبووکردنەوەی(١٠) ملیۆن دینارەکەیە، نەخێر کێشەکە مەسەلەی خاك و نیشتمان و دیاریکردنی سنووری ڕاستەقینەی کوردستانە، پێویست بوو میکانیزمەکانی ماددەی(١٤٠) بەم شێوەیەی ئێستا نەبوایە، بەڵکو لەسەرەتادا ئاسایی بوونەوەو ریفراندۆم و سەرژمێری بکرابایە لەدوا بڕگەدا (١٠) ملیۆن دینارەکە بدرابایە.

**جەلەولا..**

**لەشەستەکاندا لە(٧٥٪) پێکهاتەکەی کوردبووەو ئێستاکە لە (١٢٪)کوردی تێدا ماوەتەوە**

ناحیەی جەلەولا (٣٦) گوند لە خۆدەگرێت و ژمارەی دانیشتووانەکەشی (٩٤) هەزار کەسە بە پێی سەرژمێرییەکان لە ساڵانی ١٩٦٠ لە (٧٥٪)ی پێکهاتەکەی کوردبوون و لە(٢٠٪)ی عەرەب بووەو لە (٥٪)ی خەڵکی نەتەوەکانی تر بوون، لەسەردەستی ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکاندا سیاسەتی تەعریب و تەرحیل لەم ناوچەیەدا پیادەکراوەو لەدوای ئازادی عێراقیش ئەم سیاسەتە بەمەبەستی گۆڕینی شێوەو ڕێژەی پێکهاتەی جەلەولا زیادی کردووە، بێگومان ئەم سیاسەتە کاریگەری خۆی نواندووە کە ڕێژەی کورد ئێستاکە لە ناو شارۆچکەی جەلەولا هاتۆتە سەر(١٢٪).

سەبارەت بەم کارە تیرۆرستیانەی کە لەم دواییە دەرهەق بەکورد لە شارۆچکەی جەلەولا ئەنجامدەدرێت (ئەنوەرحوسێن) بەڕێوەبەری ناحیەی جەلەولا وتی: بوونی ئەو هێزانە لە خانەقین و نزیك لە جەلەولان لەدووری ٣ کیلۆمەترەوەن و کاریگەری لەسەر ڕاوەستانی هێرش و دژایەتیکردنی کورد هەبووە، گەرچی من پێم وایە تیرۆرستان خۆیان بۆ هێرش و کاری تیرۆرستی تر ئامادە دەکەن و ئێستاکە نایانەوێت کارێکی وا بکەن ببێتە هۆی هاتنی هێزی پێشمەرگە بۆ ناو ناحیەکە، لەگەڵ ئەمەشدا لەم چەند ڕۆژەی دواییدا دوو هاووڵاتی تورکمانی شارەکەیان کردە ئامانج و تیرۆریان کردن، کەواتە بوونی گرووپ و تاقمەکانی تیرۆرستی بەشێوەیەکی زۆرو فراوان لەم ناحیەدا هەیەو پیلان و مەرامی چەند لایەنێکی شۆڤێنی جێبەجێ دەکەن، لەو ماوەیەشدا کە هێزی پێشمەرگە هاتووەتە خانەقین کەچی کوردەکان هەر کۆچ بەرەو خانەقین و دەوروبەری دەکەن، هەر بۆیە ئێمە داوا لەدەسەڵاتی سیاسی کوردستانی دەکەین، ئەمە دوا دەرفەتە بۆ فریاکەوتنی جەلەولا، ناکرێت بەهێنانی هێزی پێشمەرگە بۆ خانەقین بوەستین و چاوەڕێی چۆڵکردنی جەلەولا بکەین لە دانیشتووانە ڕەسەنەکەی کە زۆرینەی کورد بوون. لەلایەکی ترەوە خراپی خزمەتگوزاری و

**شێخ ئەحمەد زەرگوشی بەڕێوەبەری ناحیەی سەعدیە بۆ (گوڵان):**

**لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق زیاتر لە (٦٥٠) خێزان لە سەعدیە کۆچیان کردووەو (٢١٠) کەسی سڤیل و بێ گوناهیش شەهید کراون**

پشتگوێخستنی پرۆژەکان بەکاریگەرییەکی خراپ گەڕاوەتەوە بۆ سەر مانەوەی کوردەکان لەم ناحیەیەدا..

**ڕۆژانە تەنیا مەفرەزەیەکی هێزی پێشمەرگە وەکو دەوریە دێنە سەعدیە و دەگەڕێنەوە**

هەر لەدرێژەی سەردانەکەماندا سەعدیەمان بەسەرکردەوە، ئەم ناحیەیە ژمارەی گوندەکانی (٣٠) گوندەو تا ئێستاکەش بەشی زۆری ئاوەدان نەبۆتەوە و ژمارەی دانیشتووانی سەنتەری ناحیەو گوندەکانی زیاتر لە(٤٥) هەزار کەسە. زۆربەی خەڵکی سنوورەکە بەهۆی ڕووبەرێکی زۆری خاکی بەپیت و باشەوە خەریکی کاری کشتوکاڵین، بەڵام لە بواری خزمەتگوزاری بە گشتی کەموکوڕی زۆر هەیە و ناحیەکە کارو













پرۆژەی زۆر کەمی بۆ کراوەو بەپێی پێویست ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە. سەبارەت بە بارودۆخی ناحیەی سەعدیەو ئەو کارە تیرۆریستیانەی دەرهەق بە خەڵکی سڤیلی ناحیەکەو بەتایبەتی بەرامبەر بە کوردەکان دەیکەن، (شێخ ئەحمەد زەرگوشی) بەڕێوەبەری ناحیەی سەعدیە وتی: ((خەڵکەکە بە گشتی داواکاری و گلەیی و گازاندەیان لە حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە، کە بەپێی پێویست و داواکاری ژیان و کار و پرۆژەی هەمەجۆر بۆ ناحیەکە و سنوورەکە نەکراوە، سەرەڕای ئەمەش ڕۆژانە لە لایەن عەرەبە شۆڤینیەکان و تیرۆریستان و کۆنە بەعسییەکانەوە هێرش کراوەتە سەر پێکهاتەکانی ئەم ناحیەیە بەتایبەتی بۆ سەر کوردە ڕەسەنەکەی و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ توندوتیژی و تۆقاندن و کاری تیرۆریستی دەرهەق بەم خەڵکە هەژارو بێ دەسەڵاتە کراوەو بەسەدان کەسیان شەهیدکردون، هەر بۆیە تا ئێستاکە زیاتر لە (٦٥٠) خێزان لە سەعدیە کۆچیان کردووەو (٢١٠) کەسی سڤیل و بێ گوناه شەهیدکراون، لەو کاتانەی کە هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان لەناوچەکە بوون و ژیانی خەڵکەکەیان پاراستبوو، بەڵام لە دوای ساڵی ٢٠٠٨ بە بڕیارێك و لەسەر داوای سوپای عێراقی هێزی پێشمەرگە ناوچەکەیان بەجێ هێشت، هەرلەوکاتەوە دووبارە توندوتیژی بۆ سەر کوردەکان دەستی پێکردەوەو ئێستاش بارودۆخەکە خراپ و دژوارە، بۆیە داواکرا کە هێزی پێشمەرگە بگەڕێنەوە سنوورەکەو ناو شارەکان و هێزی پێشمەرگە جوولاوەو هاتۆتە خانەقین، بەڵام تا ئێستاکە نەهاتوونەتە ناو سەعدیەو جەلەولا، تەنیا ڕۆژانە مەفرەزەیەکی هێزی پێشمەرگە وەکو دەوریە دێنە سەعدیە و دەگەڕێنەوە، بەڵام سوپای عێراق لە سەعدیە هەیەو لەگەڵ دەنگۆی هاتنی هێزی پێشمەرگەدا ژمارەی سوپای عێراقی زیادی کردووەو لەناو هەر هەموو ئەو سەربازانەی سوپای عێراق لە سنوورەکەدا یەك سەربازی کوردی تێدا نییەو کێشەی ئێمە جگە لەوەی لەگەڵ تیرۆریستان و عەرەبە شۆڤینیەکانە لەگەڵ سوپای عێراقیشە، چونکە ئەو هێزە عیراقیەی لەلای ئێمەن هێزێکی شۆڤینی و مەزهەب پەرست و و ڕەگەزپەرستن و گومانمان هەیە لەسەریان، کەسانیان تێدایە بۆ شەهیدکردنی هاووڵاتیانی کورد و ئاوارەکردنیان، هاوکاری و پاڵپشتی گرووپە تیرۆریستیەکان دەکەن، بۆیە لێرەدا داواکارین و بە پێویستی دەزانین سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بەزووترین کات بڕیاربدات هێزی پێشمەرگە بێنە ناو شارەکانی سەعدیە و جەلەولا و جێگیربن، ئەگەر هاتوو لەم ماوەیەدا هێزی پێشمەرگە نەیەتە ناو ناحیەی سەعدیەوە ئەوە کوردەکان هەر هەموویان کۆچ دەکەن.

## هێزی پێشمەرگەی کوردستان
## بۆ پاراستنی سەروماڵ و گیانی کوردو هەموو پێکهاتەکانی ئەم ناوچانە هاتوون

لە پاش ئـەوەی بارودۆخی ناحیەی سـەعدیە و جەلـەولا زۆر بەخراپی تێکچووەو مەترسـی کەوتە سەر خەڵکی بەتایبەتی کوردەکان، لەلایەن وەزارەتی پێشـمەرگەو سـەرکردایەتی سیاسی هەرێمی کوردستانەوە بڕیاردرا هێزی پێشمەرگە بجوولێـت و بەرەو ناحیەی سـەعدیەو جەلەولا بڕوات، لەگەڵ بڕیارەکەدا دەست بەجێ بەشێك لە هێزی لیوای دووی پێشمەرگەی کوردستان بەرەو سنووری شاری خانەقین چوون و ئێستاکە لەوێ جێگیرن، بەڵام نەچوونەتە ناو ناحیەی سەعدیەو جەلـەولاوە، بۆ زانیاری زیاتر سـەردانی لیوای دووی هێزی پێشمەرگەی کوردستانمان کرد.

سەبارەت بەهاتنی هێزی پێشمەرگەو نەچوونیان بۆ ناو ناحیەکان عەقید سـەرتیپ حەسـاری ئەفسـەری پێشـکەوتووی لیوای دووی هێزی پێشـمەرگەی کوردستان وتی: لە ئەنجامی ئەم شەپۆلە توندوتیژیانە کە چەندین هاووڵاتی سڤیل لە کوردی جەلەولا و سـەعدیە بەناهەق شەهید بوون، بۆیە بە بڕیارێکی سەرووی خۆمان جولاوین و هاتووین بۆ پاراسـتنی سـەروماڵ و گیانی کوردو هەمـوو پێکهاتەکانی ئەم ناوچانە، لەبەر ئەوەی وەکو لای هەموولایەك ئاشـکرایە هێزی پێشـمەرگە هەمووکات و ساتێك لەهەرجێگایەك بێت، پەیامی ئاشـتی و پێکـەوە ژیانی پێیە. لەسـەردەمی بەعـس و سـەدامدا خەڵکەکـە تەنیا دەربەدەردەکران، بەڵام ئێسـتاکە سەرەڕای دەربەدەربوون شـەهیدیش دەکرێن و ئەم شۆڤینی و گرووپە تیرۆریسـتیانە دەسـتیان ناپارێزن لە پیاو لە ئافرەت و بەساڵاچووان و منداڵان و کەم ئەندامانیش هەرچی بەردەسـتیان بکەوێت تەنیا کوردبێت دەیکوژن و شەهیدیان دەکەن، ئێستاکەش چاوەڕوانـی فەرمانی سـەرووی خۆمانین بۆ ئەوەی بچینە ناو جەلەولاو سـەعدیەو ئەمجارە بەهەر نـرخ و جۆرێك بێت، ئێمـەو ئەو هێزەی لەگەڵمانە لە ناوچەکەو سـنوورەکە ناکشێینەوە، ئەگەر بە شەڕیش بێت دەبێ پارێزگاری لە خاك و خەڵك و سنوورەکەمان بکەین.

لەلایەکی ترەوە لیوای سـێی هێزی پێشمەرگە لە سـنووری شـاری خانەقینە کە سریەیەکی تایبەتـە بـە پاراسـتنی ناحیـەی جەلەولا و سـەعدیەو هەر جارەی فەسیلێك لەگەڵ سوپای عێـراق بـۆ پاککردنەوە و دەسـتگیرکردنی تیرۆریستان دەردەچن، بـەڵام وەکـو هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بەتایبەتی وەکو لیوای دوو، چەك و ئالیەتی خۆمان هەیەو لەڕووی توانا و دەروونیشـەوە زۆر لە هێزەکانی سوپای عێراق بەهێزترین و دڵنیاین لەسـەر خەڵك و نیشتمانی خۆمان ئەم شـۆڤینی و تیرۆریسـتانە بەرامبەر هێزی پێشـمەرگەی کوردستان خۆیان ڕاناگرن، بەڵام وەکـو قۆناخی یەکەم بەپێی بڕیارەکە ئێمە لە شـاری خانەقین دەبین و دەبێ بڕیارەکە وەکو خۆی جێبەجێ بکەین.

## سوپای عێراق هێزەکانی خۆیان لە ناو هەردوو شارۆچکەکە زیاد کردووە

کاتێك سەردانی ئەو ناوچانەی جەلەولاو سەعدیە دەکەیـت دەبینیـت هێزەکانی سـوپای عێراق سـەرقاڵی جموجوڵن لەمبارەیـەوە موقەدەمی روکن عـادل جەبـار بەڕێوەبـەری عەملیاتی لیوای دووی وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان وتی: بەپێی ئەو زانیاریانەی لەبەردەسـتمانە هێزەکانی سوپای عێراق لەگەڵ هاتنـی ئێمەدا هێـزی خۆیان لە نـاو هەردوو شـارۆچکەکە زیاد کردووەو لە ئامادەباشـیدان، ئەم هێزانەش زۆربەیان کۆنە بەعسـی و عەرەبی شـۆڤینی و ڕەگەز پەرستن و دژی کوردەکان جووڵە



دەکـەن، زانیاری وردیش هەیـە کە لەبەرچاوی هێزەکانی سوپای عێراقەوە کاری تیرۆریستی لەم دوو ناحیەیە لـە دژی کوردەکان ئەنجام دەدرێت و ئەوانیـش نەك تەنیا لێی بـێ دەنگن، بەڵکو هاوکاری و پاڵپشتی گرووپە تیرۆریستیەکانیش دەکەن. بۆیە ئێمە بە باشـی دەزانین بۆ داکۆکی کردن لەسـەر ئەم ناوچە کوردیانـە، بچینە ناو شارۆچکەکان و بمێنینەوە.

## هاتنی سوپای عێراق لەلای ئێمە جێگای گومانە

هەر لە لیوای دووی هێزی پێشمەرگە سەبارەت بە هاتنی هێزەکانی پێشـمەرگە بۆ ئەم شوێنانە عەقید رەفعەت عومـەر فەرماندەی کەتیبەی تۆپخانـەی ئاسـمانی لە فەرمانـدەی هێزی پێشـمەرگەی کوردستان وتی: بۆ پاراستنی ئەم شوێنانەو باشـکردنی بارودۆخەکە بە فەرمانی وەزارەتی پێشـمەرگە ئێمە وەکـو لیوای دووی هێزی پێشـمەرگەی یەکگرتووی کوردسـتان جووڵاوین و هاتووین بۆ ئەم سنوورە، بەڵام بەپێی بڕیارەکە ئێستاکە لە شاری خانەقین و ئـەم بارودۆخەی هاتۆتە پێش لەهەردوو شارۆچکەکەدا لەلایەن سـەرکردایەتی سیاسی کوردستان قبوڵ نەبـوو، بۆیە بڕیاردرا کە چیتر لەمە بێ دەنگ نەبین و بەتەنگ پاراسـتنی خەڵکەکە بچین و ئێمە وەکو هێزەکانی پشـتیوانی دووەم بەفەرمی فەرمانـی سـەرۆکایەتی هەرێـم و وەزارەتی پێشـمەرگەی کوردسـتانمان جێبەجێ کردووەو بەشـێك لە هێزەکانی خۆمان بۆ پاراستنی سەرو ماڵ و گیانی خەڵکی رەسەنی ناحیەی جەلەولا و سەعدیە و سنوورەکەمان بە هەموو پێکهاتەکانیان بە کورد و عەرەب و تورکمان و ...تاد. هێناوە و ئێمە خۆمان بـە پارێزەری هەموویان دەزانیـن و ناوچـەی جەلەولا و سـەعدیە ناوچەیەکی وا بەرفراوان نییە کە حکومەتی عێراقی ژمارەیەکی زیاد لە پێویسـتی سوپای بۆ ناردووە بۆیە ئەمە لەلای ئێمە جێگای گومانە کە مەبەستی تر لە پشتیەوەیە چ بۆ دژایەتیی خەڵکەکە یـا ڕووبەڕوونەوەیـان لەگەڵ ئێمە.



عەقید سەرتیپ حەساری



موقەدەم روکن عادل جەبار



عەقید رەفعەت عومەر

